گوڵان
ساڵی سییەم (١٣٩٩)- (٢٩)ی کانونی دووەم ٢٠٢٤

# ئیدریس بارزانی

## ئەو مێژووەی چەمکی ئازادی ڕاڤە دەکات






# دەستووری عێراقی نوێ؛
# نووسینی دەستووری فیدراڵی

## ١٠٠

دەستوور بۆ هەر وڵاتێک پێویستییەکی ژیاری و بنەڕەتییە و لەبەر ڕۆشنایی دەستووردا ژیان و کار و ئەرک و مافی هاووڵاتییان و دامودەزگەی دەوڵەت و سیما و ناسنامەی دەوڵەت ڕێک دەخرێت و دەستنیشان دەکرێت. دەستوورێکی دیموکراتی، زامنی پاراستنی مافی هەموو نەتەوە و ئایین و مەزهەبەکان و پاراستن و دابینکردنی ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵی هاووڵاتییانە. بۆ عێراقی تازەش دەبووایە دەستوورێکی ڕێکوپێک هەبێت کە بنەماکانی شەراکەت و پێکەوەژیان و یەکسانی لە نێوان پێکهاتەکاندا ڕێک بخات. بوونی دەستوور بۆ عێراق پرس و بابەتێکی نوێ بوو. پێشتر خەڵکی عێراق لەسەر ئەوە ڕاهاتبوون کە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش ببێتە جێگرەوەی دەستوور و یاسا بۆ دەرکردنی بڕیارەکان. لە ئەگەری دانان و نووسینی یاسا و دەستوورێکیش پێویست بوو بەتەواوی جێی ڕەزامەندیی ویستی دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکان بێت.

دوای تەواوبوونی کاروبارەکانی تایبەت بە پرسی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بڕیارمان دا بۆ چەند مەبەست و ئامانج سەردانی بەغدا بکەین، بۆ ئەوەی لە پەرلەمانی فیدراڵی بە پێشکەشکردنی وتارێک پابەندبوونی هەرێمی کوردستان بە عێراقێکی فیدراڵی و دیموکراتی و فرەیی دووپات بکەینەوە و داکۆکییش لەسەر برایەتیی هەموو گەلانی عێراق بکەینەوە. هەروەها ویستیشم لەو سەردانەمدا سوپاسی هەموو ئەو کەسایەتی و لایەنە سیاسییانە بکەم کە ئامادەی ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بوون، یان بە نامە و برووسکە و تەلەفۆن و پەیام پیرۆزباییان کردبوو.





لەم دواییەدا کتێبی (هێزی نەرم لە ستراتیژیەتی گەشتیاریدا- بنەماکانی ئەتەکێت و هونەری پێشوازیکردنی گەشتیاران لە فڕۆکەخانەوە تا دەروازە سنوورییەکان) لە نووسینی (سالار تەحسین سەیدۆ دری) چاپکرا، ئەم کتێبە شەشەمین بەرهەمی نووسەرە لە کایە و ژیانی ئیداری و بواری جیاجیای کارکردنیدا، نووسەر لە سەرەتای ئەم کتێبەدا بە بایەخەوە باس لە بواری گەشتوگوزار دەکات، بەو پێیەی لە جیهانی ئەمڕۆدا بە یەکێك لە کۆڵەگە سەرەکییەکانی ئابووری و سامانی نیشتمانی و سەرچاوە گرنگەکانی داهات دادەندرێت، ئەو داهاتەی کە تەنیا بە ڕەخساندنی کەشێکی ئارام و جێبەجێ کردنی چەند ڕەوشت و ڕەفتارێکی مرۆیی بە دەست دێت. بۆیە دواتر ئاماژە بەوە دەکات کە مەبەستی سەرەکی لەم کتێبە ئەوەیە، کاربەدەستانی دەروازە سنوورییەکان (هێڵی وشکانی و ئاسمانی) بە شێوەیەکی سەردەمیانە و بەپێی ستاندارده جیهانییەکان، ڕوویەکی جوانی شارستانی پیشانی گەشتیاران بدەن.

نووسەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێشوازیکردن لە گەشتیاران بە شێوازێکی مۆدێرن و ئەتەکێتی سەردەمیانە و بە لووتفی شیرین، دەبێتە یەکەم هەنگاوی وێناکردنی ڕەفتاری شایستەی حکومەت و سەرنجڕاکێشانی خەڵك و نیشاندانی کولتووری مرۆڤدۆستیی گەلی کورد، بە جۆرێك کە گەشتیاران لە یەکەم دیمەنی گەشتکردنیاندا هەست بەوە بکەن کە پەروەردە و ناسنامەی نەتەوە و کولتوورێکی جوان و پێشکەوتوو و مۆدێرن لە بەرانبەریاندایە.

لەلایەکی دیکەوە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە پێویستە لە فڕۆکەخانە و دەروازە سنوورییەکاندا هەمیشە بە چاوی باڵیۆز سەیری هەموو گەشتیاران بکرێت و بە تێکەڵکردنی کولتووری میواندۆستیی جوان و ئەتەکێتی سەردەمییانە، وێنەیەکی جوان پیشان بدەین.

دانەیەك لەم کتێبە گەیشتووەتە گۆڤاری گوڵان، سوپاس و دەستخۆشی لە نووسەر دەکەین.


# چاپكراوی نوێ




کتێبی (ڕۆژانی خەبات) لە نووسینی هەڤاڵ (عارف ڕوشدی) ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بەرگێکی ناوازە و بە (٣٦٨) لاپەڕەی قەبارە گەورە، بەم دواییە چاپکراوە، لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا بە ئامادەبوونی بەڕێز فازڵ میرانی سەرۆکی دەستەی کارگێڕیی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسانی باڵای حزب و نووسەر و ڕۆشنبیر و میدیاکار و جەماوەرێکی زۆر، لە هۆڵی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ناسێنرا و دابەشکرا.

ئەم کتێبە تۆماری خەباتی مرۆڤێکی خەباتگێڕە کە لە قۆناغە جیاجیاکانی بزووتنەوەی کوردایەتیدا بەشدار بووە، بەڕێز فازڵ میرانی لە پێشەکی کتێبەکەدا چەند دێڕێکی لەبارەی (ڕۆژانی خەبات) نووسیوە: جێگەی ڕێزگرتنە لە دوای نسکۆی ساڵی (١٩٧٥) و بوونی لە ڕیزەکانی خەباتی کوردایەتی لەناو پارتیدا، کاك عارف لە تینوێتی بۆ خەبات و تێکۆشان، بیر لە هەر بیرۆکەیەکی ڕێکخستنی سیاسی بکاتەوە بۆ بەردەوامبوونی لە ڕێبازێکی کوردایەتی.


هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە زۆر گرنگە کە لەو ماوەیەی کە پێکەوە کاریان کردووە، هەمیشە لای کاك عارف پرسی نەتەوایەتی لە سەرووی هەموو بابەتەکانی دیکە بووە، کاك عارف وەکو خەباتکارێکی کوردپەروەر، هەمیشە لایەنگری ئازادی و دیموکراسی بووە و بەپێی توانا ڕووبەڕووی ناڕاستیی بۆتەوە و پشتگیری لە باوەڕو بنەما و پرەنسیپەکانی کردووە، چ دوێنێ لە ڕیز یەکێتیی نیشتمانی و چ ئەمڕۆ لەناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندایە، ئەو پارتەی قوتابخانەی سەرەتایی کوردایەتییەکەی بووە.



هەڤاڵ عارف ڕوشدی لە بەشێکی کتێبەکەیدا دەڵێت: ڕاستییەکی تاڵ هەیە و دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم و نابێ فەرامۆشی بکەین، لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول دیاردەی فرەلایەنیی سیاسی و هێزی چەکداری هاتە ئاراوە، کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە هەرێمی کوردستاندا سەرچاوەی ناسەقامگیری و تێکچوونی شیرازەی حوکمڕانییە، لەو باوەڕەدام فرەلایەنی بۆ گەلێکی ژێردەستە و ستەمدیدە پێش گەیشتن بە ئامانجەکانی لە وڵاتێکی ئازاد و سەربەخۆدا (نەفرەتە)، بۆیە پێویستە یەك ئاراستەی سیاسیی نیشتمانی سەرکردایەتیی بکات، ئەگەر نا دەبێت چاوەڕوانی لێکترازان و بەریەککەوتن بین و دەروازەی وڵاتەکەمان بۆ دەستێوەردانی ناحەزان و داگیرکەرانی کوردستان والا دەبێت، لە سەردەمی شۆڕش تا ئێستا، بە تایبەتیش دوای ڕەخساندنی زەمینەی سەرهەڵدانی ئاراستەی پۆپۆلیستی و دوور لە پابەندییە نیسشتمانییەکان، گەلەکەمان تاڵاوی ئەم دیاردەیە دەچێژێت.

کتێبەکە پێنج بەشە، سەردەمی گەنجی بەشی یەکەمە، کە خستنەڕووی هەندێ یادەوەریی سەردەمی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و پەیوەندیکردنی بە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٤ و دوور خستنەوەیان بۆ خوارووی عێراق لەخۆدەگرێت، نووسەر لە بەشی دووەمدا باس لە گفتوگۆی ساڵی ١٩٨٣ ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی بەعس، هەندێ بابەتی دیکەی وەك دەستپێکردنی هەڵمەتەکانی ئەنفال و ئەرکەکانی ڕێکخستن دوای ئەنفالی بادینان، بەشی سێیەم بریتییە لە ڕاپەڕین و کۆڕەو و ئەو بەرپرسیارێتییانەی کە لە سەردەمی خەباتی نێو ڕیزەکانی یەکێتی هەیبووە، شەڕی ناوخۆش بەشی چوارەمی کتێبەکەیە کە چەندین ڕووداو لەخۆدەگرێت، دوابەشی ئەم کتێبە کە پێنجەمە، تێیدا ئاماژە بە چەندین بابەت و ڕووداوی گرنگ دەکات، لەوانە کۆنگرەی دووەمی ساڵی ٢٠٠١ ی یەکێتی، چەندین بەرپرسیارێتیی، هەروەها پرسی ڕیفراندۆم و سەردەمی داعش و کارەساتی ئەنفالی شەنگال، هۆکارەکانی دەست لەکارکێشانەوەی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان... تاد. لە کۆتاییدا ئەلبوومێکی بە وێنەکان و ئەرشیف و دۆکیۆمێنتەکان بڵاوکردووەتەوە.

بە ناوی گۆڤاری (گوڵان)ەوە پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە هەڤاڵ عارف ڕوشدی دەکەین بۆ ئەم بەرهەمە گرنگە، بە هیوای بەرهەمی زیاتر.





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار رەحمان


بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری


Web: www.gulanmedia.com


دکتۆر گۆڤەند شێروانی:




**فاکتەری سیاسی و ئەجیندەی دەرەکی کاریگەرییان لەسەر جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتن و دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان هەیە**

تەها ساجی فەیلی:



**جینۆسایدی کوردانی فەیلی هەموو پێوەرەکانی مافی مرۆڤ و پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکانی تێپەڕاند**

مەحموود ڕەش:



**چەکدارانی پەکەکە هاوشێوەی دوژمنەکانی کورد چاویان بە هەرێمی کوردستان و ئاشتی هەڵنایەت**

گەیلان حاجی سەعید:



**ئامانج پەلاماری مووشەکی بالیستی و درۆنەکان ڕاگرتنی گەشەی ئابووریی هەرێمی کوردستانە**

دکتۆر جەعفەر گوانی:



دەبێت هەمیشە گەلی خۆت لە پێش هەمووان دابنێیت، ناکرێت بۆ خەڵکی دیکە بگریت و گەلەکەی خۆیشت پشتگوێ بخەیت

سروە عوسمان:

## ئامانجم ئەوەیە هەلی کار بۆ خانمانی دەسترەنگین و کارجیاواز برەخسێنین



زۆربەمان دەمانەوێت کێش دابەزێنین، بەڵام چۆن؟




ئێل جی ڕۆبۆتێک بۆ چاودێری ماڵەوە بەرهەم دێنێ



## ئەیاز زاخۆیی


## تەمەنێکی کورت خزمەتێکی زۆر



هیمداد جەلال:

## خەڵک بە هەڵە لەم یارییە تێگەیشتووە و وا دەزانن کە تەنیا شەڕە






# ئیدریس بارزانی

## ئەو مێژووەی چەمکی ئازادی ڕاڤە دەکات






**«بۆ ئەوەی بتوانین لە ڕێڕەو و گەوهەر و ئامانجی مێژوو تێبگەین، گرنگە دیدێکی فەلسەفییانەمان هەبێت، نابێت بەو جۆرە مێژوو بخوێنینەوە کە چەند ڕووداوێکە و وەک خۆیان بیانگێڕینەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەبێ دیدی فەلسەفی ناتوانرێت لە ڕۆحی مێژوو تێبگەین. ئەوەی فەلسەفە بە مێژووی دەبەخشێت، چەمکی ئەقڵە، یان ئەقڵ گەوهەری هەموو ڕووداوێکە، کە ئەمەش پرانسیپی خودی مێژووە، ئەو ئەقڵە، یان ئەو ڕۆحەی خۆی لە ناو مێژوودا دەبینێتەوە، لە گەوهەریدا خودی ئازادییە، مێژووش بێجگە لە پیشاندان، یان پەرەپێدانی هۆشیاری بۆ گەیشتن بە ئازادی شتێکی دیکە نییە».**

**هیگل – فەلسەفەی مێژوو**

**ئیدرس بارزانی پێمان دەڵێت: مێژوویەک کە هانی دام چەکی پێشمەرگایەتی بکەمە شانم، مێژووی چەوسانەوە و داگیرکاریی کوردستانە، کە فیکر و تەریقەتی بارزان لە ناو ئەم مێژوویەدا هەم سەکۆیەکە بۆ پیشاندانی سەروەرییەکانی مێژوو و هەمیش دادگایەکە بۆ دادگاییکردنی لاپەڕە ڕەشەکانی مێژووی خۆمان وەک گەلی کوردستان**

چۆن مرۆڤ کاتێك نەخۆش دەکەوێت لە ناو ڕابردووی خۆیدا گەوهەری چاکبوونەوە (شیفا) پێناسە دەکاتەوە، بە هەمان شێوە نەتەوە و گەلی ژێردەستە و داگیرکراویش لە ناو ڕۆح و گەوهەری مێژووی خۆیاندا «ئازادی» پێناسە دەکەن، یان هۆشیارییان بۆ گەیشتن بۆ ئازادی بەرز دەکەنەوە.

مرۆڤی نەخۆش پێویستە پێش هەموو شت لە نەخۆشییەکەی خۆی تێبگات و بزانێت هۆکاری نەخۆشییەکەی چییە و، ئەوجا هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی بدات، بە هەمان شێوە گەل و نەتەوەی ژێردەستەش دەبێت لە ناو مێژووی نەتەوەکەی خۆیدا لەو لایەنە کارەستبارانەی ناو مێژووەکەی خۆی تێبگات و دەستنیشانیان بکات، ئەوجا لەسەر لایەنە گەشەکانی مێژوو هەنگاو بۆ ئازادی و گەیشتن بە سەربەستی هەڵبگرێت، ئەمەش ڕاشکاوانە واتە سوودوەرگرتن لە لاپەڕە «گەش و ڕەشەکان»ی مێژوو.

ئەم ئاراستەیە ئەوەمان فێر دەکات کە «ژیان» پێویستی بە هاوکاریی لاپەڕە گەشەکانی مێژووە و دەبێت لە گرنگیی ئەم لاپەڕە گەشانە تێبگەین، لە هەمان کاتدا ژیان دیسان پێویستی بەوەیە لە لاپەڕە ڕەشەکانی مێژووش تێبگەین و بزانین ئەگەر ڕاستیان نەکەینەوە، چ کارەساتێك لەسەر ئایندەمان دووبارە دەکاتەوە.

نەتەوەکان لە سێ ڕەهەندەوە پێویستیان بەوەیە لە مێژووی خۆیان تێبگەن، ئەمەش بەو مانایەی نەتەوە پێویستی بە مێژووە بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای لاپەڕە گەشەکانی مێژووەکەی ڕۆڵێکی کاریگەری لە ناو نەتەوەکانی دیکەدا هەبێت، هەروەها نەتەوە پێویستی بە مێژووە بۆ ئەوەی ئەو مێژووە بپارێزێت و شانازیی پێوە بکات و کەلتوور و دابونەریتی خۆی پێ بپارێزێت، ئەوەی سێیەمیان کە نەتەوە چەوساوەکانی وەك ئێمە دەگرێتەوە، ئەوەیە کە ئەو نەتەوانە ئازاری چەوسانەوە و ژێردەستەیی ناچاریان دەکات لە مێژووی خۆیان تێبگەن و مێژوو دادگایی بکەن و مێژووش سەروەر بکەن.

**● ئیدریس بارزانی**
**لە ناو مێژووی نەتەوەی خۆیدا**

میشیل فۆکۆ لە کتێبی «ئەرکیولوژیای مەعریفە»دا هەوڵی داوە و قووڵتر لە فردریك نیشە بە قووڵایی لاپەڕە «گەش و ڕەشەکانی» مێژوودا ڕۆچووە و، تەنیا بە پۆلێنکردنی مێژوو بۆ «پاشماوەیی، ئاسایی، ڕەخنەیی» قایل نەبووە، بۆیە هەوڵی داوە، چینە کەڵەکە بووەکانی مێژوو بشکێنێت و کۆتایی مەرگی مێژوونووسان ڕابگەیەنێت و، لە بری هەموان ڕووداوەکانی ناو مێژوو خۆیان قسەمان بۆ بکەن و ڕاستیی ڕووداوەکانمان بۆ بگێڕنەوە.

لەسەر ئەم ئاراستەیە ئەم نووسینە هەوڵێکە بۆ شکاندنی چینە کەڵەکەبووەکانی ٦٠ساڵی ڕابردووی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، بۆ ئەوەی بگەینە ئەو سەرەتایەی «ئیدریس بارزانی» چەکی پێشمەرگایەتی کردە شانی و، لە بری ئەوەی بچین لە کتێب و گێڕانەوەکانەوە بزانین ئیدریس بارزانی کێیە، دەمانەوێت بگەینە ئەوەی ئەم کەسایەتییە وەك سیمبولێکی ناو ئەم مێژووە خۆی مێژووەکەمان بۆ بگێڕێتەوە.

میشێل فۆکۆ لە دوای شکاندنی چینە کەڵەکەبووەکانی مێژوو و گەیشتن بە ڕوودا و سیمبولە دیارەکانی ناو مێژوو، پێمان دەڵێت: «تەنیا هەڵکۆڵین و شکاندنی چینەکانی مێژوو بەس نین، بۆ ئەوەی ڕوودا و سیمبولەکان بێنێتە قسە، بەڵکو دەبێت لە نێوان ئێستا و ئەو ڕووداو و سیمبولەدا چەند زنجیرەیەك دروست بکرێت و، لە نێوان هەموو ئەو زنجیرانەشدا کە شۆڕیان دەکەینەوە بۆ مێژوو، زنجیرەی دیکە دروست بکرێت، بۆ ئەوەی هەمان ژینگە و کاتی ئەو مێژووە دروست ببێتەوە و مێژووەکە وەك خۆی بێنینەوە گۆ».

لەسەر ئەم بنەمایە ئیدریس بارزانی پێمان دەڵێت: «مێژوویەك کە هانی دام چەکی پێشمەرگایەتی بکەمە شانم، مێژووی چەوسانەوە و داگیرکاریی کوردستانە، کە فیکر و تەریقەتی بارزان لە ناو ئەم مێژوویەدا هەم سەکۆیەکە بۆ پیشاندانی سەروەرییەکانی مێژوو و هەمیش دادگایەکە بۆ دادگاییکردنی لاپەڕە ڕەشەکانی مێژووی خۆمان وەك گەلی کوردستان، ئەمەش بەو مانایەی لاپەڕە گەشەکانی مێژوومان سەوەری و گەورەیی زۆری بۆ تۆمار کردووین، بەوەی خەبات و تێکۆشان هەر بەردەوام بووە بۆ ئازادی و سەرفرازی و سەربەخۆیی کوردستان، بەڵام لاپەڕە ڕەشەکانیشی هەر لە دوای شەڕی چالدێرانەوە تاکو ئێستا و هەر لە سەردەمی میرنشینەکانی کوردەوە هەتا ئێستا، چاڵ هەڵکەندن و ملشکاندنی یەکتریشی تێدا بووە، بۆیە دەبێت ئەم لاپەڕە ڕەشانە دادگایی بکرێن و ڕاست بکرێنەوە».

ئیدریس بارزانی پێمان دەڵێت: «سەرچاوەی فیکر و عەقیدەی بارزان، یەکڕیزی و تەبایی نێوان تەواوی گەلی کوردستانە بەگشتی و یەکڕیزی و تەبایی نێوان نەتەوەی کوردە بەتایبەتی، ئەم فیکر و عەقیدەیە لە ماوەی چەند سەدەی ڕابردوودا نەوە دوای نەوە پەرەی پێ دراوە و هەوڵ دراوە، کە زیاتر بنەماکانی خۆی بۆ گەیشتن بە ئازادی بچەسپێنێت، هەتا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە گەیشتە ئەوەی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی گرێ بدرێت و، هۆزەکان یەك بخرێن و ستراتیژیەتێك بۆ ڕزگاری دابڕێژرێت، ئەمە وای کرد، شێخ عەبدولسەلام بارزانی بیر لە دارشتنی بناغەی دەوڵەتی کوردستان بکاتەوە، ئەم ئامانجەش وەك ئامانجێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی هەر لایەك هەنگاوی بۆ هەڵبگرێت، دەبێت ئەوانی دیکە هەموو هاوکاریی بکەن و ئەو دەوڵەتە بپارێزرێت».

لە جیهانێکدا کە لە ئێستادا (ساڵی ٢٠٢٤) بە دەست نەبوونی متمانە و ناڕاستییەوە دەناڵێنێت و تەنانەت لە یەك دوو هەفتەی ڕابردوو کۆڕبەندێکی گەورەی وەك کۆڕبەندی داڤۆس ناونیشانی «دووبارە بونیادنانەوەی متمانە» بوو. ئیدریس بارزانی وەك سیمبولێك لە ناو ئەم مێژووەدا پێمان دەڵێت: «لەگەڵ ئەوەی بە درێژایی مێژوو، هەر لە سوپاکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئینگلیز و تەواوی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق، هەوڵیان داوە، فیکر و عەقیدەی بارزان بسڕنەوە و کوردایەتی دەستەمۆ بکەن، بەڵام هۆکاری سەرەکیی مانەوەی ئەم فیکر و عەقیدەیە وەك داینەمۆی کوردایەتی، ئەوەیە کە ئەم عەقیدەیە لەگەڵ گەلی کوردستان بە جیاوازیی ئایین و نەتەوەوە لەسەر بنەمای «ڕاستگۆیی و دادپەروەری» دامەزراوە و، بە کردەییش جێبەجێی کردووە و، لە هەر شوێنێك زوڵم هەبووبێت، ئەم فیکرە لایەنگری زوڵملێکراو بووە و لە بەرانبەر زاڵمدا ڕاوەستاوە و قوربانیی داوە، بۆ ئەوەی ئەو زوڵمە هەڵبگرێت.

**• ئیدریس بارزانی**
**لە ناو چەمکی شۆڕشدا**

وەك نیلسۆن ماندێلا لە بەردەم دادگای ئاپارتایدا پێناسەی شۆڕشی کردووە، شۆڕش واتە «ڕەتکردنەوەی یاسای داگیرکاران و ملکەچکردن بۆ ویژدانی نەتەوە»، لە ناو

**سەرچاوەی فیکر و عەقیدەی بارزان، یەکڕیزی و تەبایی نێوان تەواوی گەلی کوردستانە بەگشتی و یەکڕیزی و تەبایی نێوان نەتەوەی کوردە بەتایبەتی**

**بە درێژایی مێژوو، هەر لە سوپاکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئینگلیز و تەواوی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، هەوڵیان داوە، فیکر و عەقیدەی بارزان بسڕنەوە و کوردایەتی دەستەمۆ بکەن**

**وەک نیلسۆن ماندێلا لە بەردەم دادگای ئاپارتایدا پێناسەی شۆڕشی کردووە، شۆڕش واتە «ڕەتکردنەوەی یاسای داگیرکاران و ملکەچکردن بۆ ویژدانی نەتەوە»**

ئەم پێناسەیەدا ئیدریس بارزانی پێمان دەڵێت: «لە ناو فیکر و عەقیدەی بارزاندا، ویژدان هەوێنی هەموو یاسا و بڕیارێکە و هەر یاسا و بڕیارێکیش دژی ویژدانی نەتەوە بێت، ڕەت دەکرێتەوە، ئەمەش نەك هەر تەنیا بەرانبەر داگیرکەران، بەڵکو بەرانبەر پاراستنی (ژینگە، ئاژەڵی کێوی، مافی ئافرەت، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و...هتد)، ویژدان و شۆڕش دوو چەمکن، لێك جیا ناکرێنەوە و، ئەگەر ویژدان سڕ بوو، شۆڕش خامۆش دەبێت و کۆمەڵگە کاول دەبێت».

کۆپەر نیکۆس لە کتێبی «شۆڕشی ئەستێرەکان لە ئاسمان» نهێنیی مانەوەی ئەستێرەکان بە سەربەخۆیی لە ناو خولگە و کۆمەڵە هەسارەی خۆیدا، دەیگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شۆڕشی ئەستێرەکان لە ئاسمان بەردەوامە، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر ئەستێرەکان لە سووڕانەوەیان لە خولگەی خۆیاندا بە دەوری خۆیان و لە سووڕانەوەیان وەك هەسارە بە دەوری خۆردا ڕابوەستن، ئەوا ئەستێرەکان بەر یەك دەکەون و کۆتاییان دێت. لەم ڕوانگەیەوە هانا ئارنێت لە کتێبی «لە شۆڕشدا»، چەمکی شۆڕشی گەل و نەتەوە جیاوازەکانی لەسەر زەوی پێناسە کردەوە و دەڵێت: «شۆڕش کاتێك هەڵدەگیرسێت کە زەوی و ئاسمان بە یەك یاسا هەڵدەسووڕێت، ئەویش یاساکانی ئاسمانە». ئارنێت، لەم پێکەوەگرێدانەوەی کۆپەرنیکوس و چەمکی شۆڕش دەیەوێت پێمان بڵێت «کاتێك ویژدانی نەتەوە یاساکانی دەوڵەت و حکومەتێك ڕەت دەکاتەوە، هەوڵ دەدات بەو یاسایانەی ئاسمان پابەند بێت، کە سەربەخۆیی ئەستێرەکانی پاراستووە، ئەمەش بەو مانایەی کە دەبێت هەر نەتەوەیەك لە نیشتمانی خۆیدا بە ئازادی جووڵە بکات و کاروباری خۆی بەڕێوە بەرێت و، لە ناو کۆمەڵە هەسارەی خۆیدا (کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی) هاوکار و هاریکاری پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی کۆمەڵە هەسارەکەی خۆی بێت.

جیاوازیی نێوان شۆڕشی ئەستێرەکانی ئاسمان و شۆڕشی مرۆڤایەتی (بە هەموو شێوازەکانی شۆڕشەوە) ئەوەیە کە شۆڕشی ئەستێرەکانی ئاسمان، یەك هێز بەردەوامیی پێداون کە ئەویش هێزی میتافیزکیایە، بەڵام لەسەر زەوی نەوەیەك تەسلیمی نەوەیەکی دیکەی دەکات و، شێوازی هێز و بیرکردنەوەی نەوەیەك بۆ نەوەیەکی دیکە گۆڕانکاری بەسەردا دایێت. لە ناو جیاوازیی سەردەمەکان و بیرکردنەوەی نەوە جیاوازەکاندا ئیدریس بارزانی پێمان دەڵێت: «ڕەوایەتیی شۆڕش بە شکست و سەرکەوتن پێوانە ناکرێت، بەڵکو بە زیندووڕاگرتنی ویژدانی نەتەوەیە کە لە ناو هزر و بیرکردنەوەی نەتەوەدا لە دایك بووە. لە ناو مێژووی نەتەوەکەماندا چەندین شۆڕش بە زۆر سەرکوت کراون و خامۆش کراون، چەندین سەرکردە و ڕابەریشمان تیرۆر کراون و لە سێدارە دراون، وەك (شێخ سەعید، شێخ عەبدولسەلام بارزانی، پێشەوا قازی محەمەد و...هتد)، هەروەها چەندین سەرکردەی گەورەشمان لە خاك و نیشتمانی خۆی دوور خراونەتەوە وەك (شیخ مەحموودی حەفید) کە دوور خرایەوە بۆ هیندستان، بۆیە وەك دەبینین، لە دوای دامرکاندنەوەی هەر شۆڕش و ڕاپەرینێك، شۆڕش و ڕاپەرینی بەهێزتر سەرهەڵدادەتەوە، وەك شۆڕشی مەزنی ئەیلوول کە جەنابی مستەفا بارزانی ڕێبەرایەتی دەکرد».

لە ساڵی ١٩٩١ دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلی کوردستان و دەستپێکردنەوەی دانوستاندنەکانی نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی بەعس و سەدام حسێن، لە یەکێك لە شاندەکاندا نێچیرڤان بارزانی کە ئەندامی شاندی بەرەی کوردستانی بوو بۆ بەغدا، لە یەکێك لە دیدارەکانی شاندەکەدا سەدام حوسێن ڕوو دەکاتە نێچیرڤان بارزانی و پێی دەڵێت: «بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد من لەگەڵ باپیرت دانوستاندنم دەکرد، ئێستا لەگەڵ نەوەکەی دانوستاندن دەکەم»، لە وەڵامدا نێچیرڤان بارزانی پێی دەڵێت: «ئەگەر ئەم کێشەیە چارەسەر نەکرێت، دڵنیا بە لەگەڵ نەوەی منیش دەبێت دانوستاندن بکەن». سەدام حوسێن لەم وەڵامدانەوەی نێچیرڤان بارزانی سەرسام دەبێت، بۆیە خوالێخۆشبوو مام جەلال بە سەدام حوسێن دەڵێت: «ئەوە کوڕی ئیدریس و نەوەی مەلا مستەفایە، دەزانێت چۆن قسە دەکات».

ئەم ڕووداوە جارێکی دیکە دەمانباتەوە بۆ ناو فیکری ئیدریس بارزانی، بەوەی هەرگیز

**لە ناو فیکر و عەقیدەی بارزاندا، ویژدان هەوێنی هەموو یاسا و بڕیارێکە و هەر یاسا و بڕیارێکیش دژی ویژدانی نەتەوە بێت، ڕەت دەکرێتەوە، ئەمەش نەک هەر تەنیا بەرانبەر داگیرکەران، بەڵکو بەرانبەر پاراستنی (ژینگە، ئاژەڵی کێوی، مافی ئافرەت، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و...هتد)**

**کاتێک ویژدانی نەتەوە یاساکانی دەوڵەت و حکومەتێک ڕەت دەکاتەوە، هەوڵ دەدات بەو یاسایانەی ئاسمان پابەند بێت، کە سەربەخۆیی ئەستێرەکانی پاراستووە**

**دەبێت هەر نەتەوەیەک لە نیشتمانی خۆیدا بە ئازادی جووڵە بکات و کاروباری خۆی بەڕێوە بەرێت و، لە ناو کۆمەڵە هەسارەی خۆیدا (کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی) هاوکار و هاریکاری پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی کۆمەڵە هەسارەکەی خۆی بێت**

شۆڕش کۆتایی نایەت و هەتا بگەینە ئازادی و سەربەخۆییش دەبێت شۆڕش هەر بەردەوام بێت بۆ پاراستنی ئەو ئازادی و سەربەخۆییە، ئێستاش دەبینین هەموو شوێنکەوتووانی ئەم فیکرە وەك نەوەکانی بارزانی، بە هەموو شێوەیەك خەبات و بەرگری دەکەن بۆ پاراستنی ئەم قەوارە سیاسییەی کوردستان.

## ● ئیدریس بارزانی قوتابییەکی پەروەردەکراو لەسەر دەستی مستەفا بارزانی

سەرۆك مسعود بارزانی لە کتێبی «بارزانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد»، سەبارەت بە ئیدریس بارزانی ئاماژەی بەوە کردووە کە «ئیدریس بارزانی هەموو سیفەتێکی مستەفا بارزانی تێدا بووە»، ئەم وەسفەی سەرۆك بارزانی بۆ ئیدریس بارزانی، هەتا ئێستا هیچ کەسێك نەیکردووە و لەوانەشە هەوڵێکی جدیی ئەوتۆش نەدرابێت، تا بزانین سەرۆك مسعود بارزانی مەبەستی لەم دەربڕینە بەرانبەر بە ئیدریس بارزانی چی بووە.

سەرۆك مسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی تەنیا دوو برا نەبوون، بەڵکو دوو قوتابیی بەئەمەکی فیکر و عەقیدەی بارزان بوون و پەروەردەی بەردەستی مستەفا بارزانی بوون، لەمەش زیاتر دوو یاریدەدەری مستەفا بارزانی بوون، کە ئەرکەکانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کردبوو، لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە ئاواتی هەردوولایان ئەوە بووە کە لە ئاستی ڕەزامەندیی ڕابەر مستەفا بارزانی و شۆڕشدا بن، بۆیە وەك سەرۆك مسعود بارزانی خۆی باسی کردووە، ئەوان ڕاستە بە جەستە دوو جەستە بوون، بەڵام وەك یەك بیریان کردووەتەوە و، وەك یەکیش جێگەی ڕەزامەندیی ڕابەر مستەفا بارزانی و شورش بوون، لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولیش لەساڵی ١٩٧٥، هەر پێکەوە (سەرۆك مسعود بارزانی و ئیدریس) بارزانی چوونەتە خزمەتی مستەفا بارزانی و بڕیاری هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵانیان لێ وەرگرتووە.

خوێندنەوەمان بەم ئاراستەیە بۆ بیرکردنەوەی هاوبەشی سەرۆك مسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی، بۆ ئەوەیە لەو پەیامەی سەرۆك بارزانی تێبگەین کە دەڵێت: «هەموو سیفەتەکانی مستەفا بارزانی تێدا بوو»، کە بێگومان بۆ ئەوەی هەر لەو پەیامەوە ئەوە هەڵبهێنجێنین کە سەرۆك «مسعود بارزانی»یش هەموو سیفەتەکانی مستەفا بارزانی تێدا بووە و ئێستاش هەر وەك مستەفا بارزانی ڕابەرایەتی دەکات، ئەوەیە کە مۆڵەت پێدانی جەنابی مستەفا بارزانی بە سەرۆك بارزانی و ئیدریس بارزانی بەوەی دەست بە هەڵگیرسانەوەی شۆڕش بکەن، دروست لەو دیمەنە دەچێت کە پێشەوا قازی محەمەد ئاڵای کوردستان تەسلیمی مستەفا بارزانی دەکات.

ئەگەر لێرەوە پرسیارەکە بە جۆرێکی دیکە بکەین، ئایا تێڕوانینی ئیدریس بارزانی بۆ سەرۆك مسعود بارزانی چۆن بووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە نێچیرڤان بارزانی کوڕی ئیدریس بارزانی وەردەگرینەوە کە لە دیمانەیەکدا پێی گوتین: «جارێکیان باوکم (ئیدریس بارزانی) دەچوو بۆ شوێنێك پێی گوتم: لەگەڵ من دێیت، یان لای مامت (سەرۆك مسعود بارزانی) دەمێنیتەوە؟ لە وەڵامدا پێم گوت من لای مامم دەمێنمەوە، باوکم پێی گوتم: ئەگەر بە بژاردەی خۆت بوایە، مامت (سەرۆك مسعود بارزانی)ت هەڵدەبژارد، باوکت بێت.»

ئەم هەستەی نێچیرڤان بارزانی لە تەمەنێکی زۆر لاویدا بووە و پێدەچێت هێشتا ٢٠ ساڵی تەواو نەکردبێت، بەڵام ئەم هەستە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە خۆشەویستی و شکۆی سەرۆك مسعود بارزانی لای ئیدریس بارزانی چەند بووە.

## ● ئیدریس بارزانی خولقێنەری ئومێد لە ناو جەرگەی کارەساتدا

لە مێژووی ٦٠ ساڵی ڕابردووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا، تەنیا چەند شەڕێك هەن، کە وەرچەرخانی گەورەیان دروست کردووە و، هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان شانازی پێوە دەکەن، کە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین، لەوانە «شەڕی هەندرێن کۆتایی ساڵی

**ڕەوایەتیی شۆڕش بە شکست و سەرکەوتن پێوانە ناکرێت، بەڵکو بە زیندووراگرتنی ویژدانی نەتەوەیە کە لە ناو هزر و بیرکردنەوەی نەتەوەدا لە دایك بووە**

**لە یەکێك لە دیدارەکانی شاندەکەدا سەدام حوسێن ڕوو دەکاتە نێچیرڤان بارزانی و پێی دەڵێت: «بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد من لەگەڵ باپیرت دانوستاندنم دەکرد، ئێستا لەگەڵ نەوەکەی دانوستاندن دەکەم»، لە وەڵامدا نێچیرڤان بارزانی پێی دەڵێت: «ئەگەر ئەم کێشەیە چارەسەر نەکرێت، دڵنیا بە لەگەڵ نەوەی منیش دەبێت دانوستاندن بکەن»**

**سەرۆک مسعود بارزانی لە کتێبی «بارزانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد»، سەبارەت بە ئیدریس بارزانی ئاماژەی بەوە کردووە کە «ئیدریس بارزانی هەموو سیفەتێکی مستەفا بارزانی تێدا بووە»**

■ سەرۆک مسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی تەنیا دوو برا نەبوون، بەڵكو دوو قوتابیی بەئەمەكی فیكر و عەقیدەی بارزان بوون و پەروەردەی بەردەستی مستەفا بارزانی بوون

■ نێچیرڤان بارزانی كوڕی ئیدریس بارزانی وەردەگرینەوە كە لە دیمانەیەكدا پێی گوتین: «جارێكیان باوكم (ئیدریس بارزانی) دەچوو بۆ شوێنێک پێی گوتم: لەگەڵ من دێیت، یان لای مامت (سەرۆک مسعود بارزانی) دەمێنیتەوە؟ لە وەڵامدا پێم گوت من لای مامم دەمێنمەوە، باوكم پێی گوتم: ئەگەر بە بڕاردەی خۆت بوایە، مامت (سەرۆک مسعود بارزانی)ت هەڵدەبژارد، باوكت بێت»

■ لە دوای ساڵی ١٩٧٥ و هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵان و دروستبوونی فرەحزبی لە كوردستان، ئیدریس بارزانی بە بێ جیاوازی هاوكاریی ماددی و مەعنەویی ئەو لاوانەی كردووە كە دوای ١٩٧٥ لە گرووپی بچووک خۆیان ڕێكخستووتەوە و حزبی جیاوازیان لە پارتی دیموكراتی كوردستان دامەزراندووە

١٩٦٦، شەڕی دەربەندی كۆڕێ ساڵی ١٩٩١، شەڕی تێكشكاندنی تیرۆریستانی داعش».

لەم سێ شەڕەدا ئیدریس بارزانی فەرماندەیی یەك شەڕی كردووە و لە شەڕی دەربەندی كۆڕێ و تێكشكاندنی تیرۆریستانی داعش سەرۆك بارزانی وەك پێشمەرگە فەرماندەیی شەڕەكانی كردووە، ئەم سێ شەڕە هەموو لایەنە سیاسییەكانی كوردستان شانازی پێوە دەكەن.

شەڕی هەندرێن لە كۆتایی ساڵی ١٩٦٦ كە ئاكامی ئەم شەڕە ئاگربەس و ڕێككەوتنی مایسی ١٩٦٧ی بە دوای خۆیدا هێنا، بووە وێستگەی وەرچەرخانێكی گەورە لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردستاندا لەسەر هەموو ئاستەكانی سیاسی و سەربازی، بووە بناغەیەك بۆ شێوازی چارەسەركردنی كێشەی كورد بە شێوەیەكی ئاشتیانە كە لە ساڵی ١٩٧٠ ڕێككەوتنی مێژوویی ئادار واژوو كرا، هەتا ئێستاش هەموو ساڵێك پارتی دیموكراتی كوردستان و حزبی شیوعی پێكەوە یادی ئەو سەركەوتنە گەورەیە دەكەنەوە.

لە ساڵی ١٩٧٥ و پێش ئەوەی ئیدریس بارزانی لەگەڵ سەرۆك مسعود بارزانی بچنە خزمەتی مستەفا بارزانی و مۆڵەتی بڕیاردانی دووبارە هەڵگیرسانەوەی شۆڕش وەربگرن، ئیدریس بارزانی سەرپەرشتیی ئوردوگای ئاوارەكانی لە ناو ئێران لە ئەستۆی خۆی گرتبوو، ئەمەش لە پێناوی ئەوە بوو، لەناو شەوەزەنگی ئەو كارەساتە گەورەیەدا ڕووناكییەك دروست بكات و، هەوڵیدا ئاوارەكان دووبارە ڕێك بخاتەوە و وەك سەرمایەیەكی مرۆیی بۆ شۆڕش و ئایندەی كوردستان بیانپارێزێت و، نائومێد نەبن و بە ناچاری بگەڕێنەوە عێراق و خۆیان تەسلیمی ڕژێمی عێراق بكەنەوە. لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لە هەوڵەكانیان دەكەین:

١. بەپێی ئیمكانیەتی بەردەستی ئەو كات، ئیدریس بارزانی هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بوو، كێشە سەرەكییەكانی ئاوارەكان چارەسەر بكات و كاریان بۆ بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی باری قورسی ژیانیان نەگاتە ئەو ئاستەی نائومێدی چۆكیان پێ دابدات.

٢. زۆر بایەخی بە خوێندنی منداڵانی ئاوارەكان دەدا، بۆ ئەوەی وەك سەرمایەكی مرۆیی و ڕووناكبیر بۆ شۆڕش پەروەردە بن.

٣. هەوڵی دەدا لە ڕێگەی پێشمەرگەكانی شۆڕشی ئەیلوولەوە كە لە ئۆردوگاكان نیشتەجێ بوون، مەفرەزەی پێشمەرگە دروست بكات و بیاننێرێتەوە بۆ كوردستان و دووبارە شۆڕش هەڵبگیرسێتەوە.

٤. هەوڵی دەدا، بە ڕێگەی كونسوولخانەی وڵاتان لە تاران، زەمالەی خوێندن بۆ ئەو گەنجانە دابین بكات، كە دەرچووی ئامادەیی و زانكۆ بوون، بۆ ئەوەی بچن لەو وڵاتانە خوێندنی خۆیان تەواو بكەن، بۆ ئەوەی سەرمایەیەكی مرۆیی ڕووناكبیر و پسپۆڕ بۆ كوردستان ئامادە بكات.

شێوازی مامەڵەكردنی ئیدریس بارزانی و دووبارە دروستكردنەوەی سەقامگیری لە ناخی ئاوارەكاندا، ژێرخانێكی زۆر باشی دروست كرد، بۆ ئەوەی زەمینەی دووبارە لەدایكبوونەوەی ئومێد سەر هەڵبداتەوە. هەر بۆیە وەك سەرۆك مسعود بارزانی باسی كردووە و، كاتێك پرسی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی لەگەڵ ئیدریس بارزانی باسكردووە، ئەویش وەك سەرۆك مسعود بارزانی بیری كردووتەوە و دەستبەجێ پێشنیارەكەی پەسەند كردووە و، زەمینەكە بەو جۆرە بووە كە ژێرخانێكی پێویست بۆ ئەو ئەركە مەزن و پیرۆزە ئامادەیە.

### ● ئیدریس بارزانی
### چەمكێك بۆ ئاشتی و تەبایی

لە ساڵی ١٩٧٤ كە ئیدریس بارزانی تەمەنی تەنیا ٣٠ ساڵ بووە، وەك نوێنەری مستەفا بارزانی و شۆڕشی ئەیلوول سەردانی بەغدای كردووە، سەبارەت بە شێوازی ڕێككەوتنەكە و سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی و یاسای ئۆتۆنۆمی گفتوگۆی كردووە، لەم سەردانەیدا لەگەڵ ئەوەی هەموو ئامانجی سەدام حسێن ئەوە بوو، كە یاسای ئۆتۆنۆمی بەو شێوەیەك دەربچێت، كە ناوەرۆكی ڕێككەوتننامەی ئادار بەتاڵ بكاتەوە، بەڵام ئیدریس بارزانی داوای دەكرد، پەلە نەكرێت و ساڵێك ڕێككەوتنەكە درێژ بكرێتەوە و هەوڵ بدرێت بە ئاشتی و دانوستاندن كێشەكانی نێوان شۆڕش و حكومەتی بەعس چارەسەر بكرێت، نەك پەنا بۆ شەڕ

ببرێتەوە، بەڵام سەدام حسێن پێداگری کرد و یاساکەی بەو جۆرە تێپەڕاند کە وەك خۆی دەیویست، ئەمەش لەلایەن شۆڕشی ئەیلوول و جەنابی مستەفا بارزانی قبووڵ نەکرا و لە ساڵی ١٩٧٤ شەڕ دەستی پێ کردەوە.

لە دوای ساڵی ١٩٧٥ و هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵان و دروستبوونی فرەحزبی لە کوردستان، ئیدریس بارزانی بە بێ جیاوازی هاوکاریی ماددی و مەعنەویی ئەو لاوانەی کردووە کە دوای ١٩٧٥ لە گرووپی بچووك خۆیان ڕێکخستووتەوە و حزبی جیاوازیان لە



پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزراندووە، لەمەش زیاتر وەك تێکۆشەرە دێرینەکان باسی دەکەن، بە نموونە (ملازم شوان و خوالێخۆشبوو فەرهاد عەبدولحەمید) کە دوو سەرکردەی دیاری پاسۆك بوون، باس لەوە دەکەن، هەوڵیان داوە کە میساقێکی نیشتمانی لە نێوان لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان دروست بکرێت و، پاشان ئەم میساقەیان بردووەتە لای حزبە سیاسییەکان، خۆیان دەڵێن «کە بردمان بۆ ئیدریس بارزانی پێی گوتین: من کاغەزی سپیتان بۆ ئیمزا دەکەم». ئەوجا لەگەڵ ئەوەی حزبەکان لەو سەردەمە بە هەمان شێوازی ئیدریس بارزانی پێشوازییان لەو دەستپێشخەرییەی پاسۆك نەکرد، بۆیە لە بری یەکڕیزی و تەبایی شەڕی شوومی ناوخۆ هەڵگیرسا و سەرەنجامیش دوای چەندین ساڵ لە شەڕ و ناکوکیی توند، هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە بێجگە لە ئاشتی و یەکڕیزی هیچ بژارەیەکی دیکە لە بەردەمی گەلی کوردستان نییە، ئەوە بوو بە ئاشتبوونەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە مانگەکانی کۆتایی ساڵی ١٩٨٦، هەموو حزبە سیاسییەکان بە کردەیی لەیەك بەرەدا کۆبوونەوە و دوای چەندین ساڵ شەڕی ناوخۆ، هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەك هێز و لەشکری کوردستان و وەك برا، هەر لە دوای ڕاگەیاندنی ئاشتبوونەوەی پارتی و یەکێتی پێکەوە لە یەك سەنگەردا شەڕیان دەکرد و، ئەمە بووە بناغەیەك کە دواتر بە فەرمی بەرەی کوردستانی ڕاگەیەندرا.

لە دوای ئاشتبوونەوەی پارتی و یەکێتی لە کۆتایی ١٩٨٦، بە کردەیی هێزی پێشمەرگە وەك یەك بەرە شان بە شانی یەکتری شەڕیان دەکرد، ئەم یەکڕیزی و تەباییە هێزێکی مەعنەویی گەورەی لەناو هێزی پێشمەرگە دروست کردبوو، کە پێکەوە چالاکیی گەورەیان ئەنجام دەدا و گەیشتبووە ئەو ئاستەی هێزی پێشمەرگە



**ملازم شوان و خوالێخۆشبوو فەرهاد عەبدولحەمید کە دوو سەرکردەی دیاری پاسۆک بوون، باس لەوە دەکەن، هەوڵیان داوە کە میساقێکی نیشتمانی لە نێوان لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان دروست بکرێت و، پاشان ئەم میساقەیان بردووەتە لای حزبە سیاسییەکان، خۆیان دەڵێن «کە بردمان بۆ ئیدریس بارزانی پێی گوتین: من کاغەزی سپیتان بۆ ئیمزا دەکەم»**

دەیتوانی «ناحیە و قەزا» ئازاد بکات، بۆیە حکومەتی بەعس کە لەو کاتەدا لە گەرمەی شەڕی عێراق – ئێراندا بوو، زۆر بە دڕندانە ڕووبەڕووی هێزی پێشمەرگە بووەوە و، هەر لە مانگەکانی سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ کەوتە بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێکی کۆکوژ، بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاویشەوە، کە سەرەنجام بە پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفال لە «گەرمیان تا بادینان» کۆتایی هات، کە شپرزەییەکی زۆری دروست کرد و حزبە سیاسییەکان نەدەپەرژانە سەر ئەوەی کە چوارچێوەیەکی سیاسی بۆ بەرەی کوردستانی دابنێن و بە فەرمی ڕایبگەیەنن، بۆیە لە ئایاری ١٩٨٨ بەرەی کوردستانی بە فەرمی ڕاگەیەندرا و بە ڕێککەوتنی سیاسیی نێوان حزبەکان، سەرۆك مسعود بارزانی و خوالێخۆشبوو مام جەلال بۆ سەرپەرشتیی بەرەی کوردستانی دەستنیشان کران. سەرۆك مسعود بارزانی لەناو کوردستان سەرپەرشتیی بەرەی کوردستانی دەکرد و، خوالێخۆشبوو مام جەلال سەرپەرشتیی کاروبارەکانی دەرەوەی دەکرد.

لۆژیکی سەرۆك بارزانی کە لەناو کوردستاندا سەرپەرشتیی بەرەی کوردستانی دەکرد، پاراستنی تەبایی نێوان حزبە سیاسییەکانی ناو بەرەی کوردستانی بوو، ئەم ئەرکە کە ئەرکێکی زۆر قورس بوو، بەتایبەتی کە بارودۆخی کوردستان هێندە قورس بوو، کە دەکرێت بڵێین شەوەزەنگێکی تاریك باڵی بەسەر ناخی هەر کوردێکدا کێشابوو، لەناو ئەو شەوە زەنگە تاریکەدا، سەرۆك مسعود بارزانی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیی داستانی خواکوڕکی کرد، ئەم داستانە مەزنە کە لەسەر ئاستی جیهان دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو، بووە چرایەکی ئومێد لەو شەوەزەنگەدا و ئومێدی بۆ گەلی کوردستان گێڕایەوە.

سەرۆك مسعود بارزانی لە ماوەی ساڵی ١٩٨٨ تا ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ کە سەرپەرشتیی بەرەی کوردستانی دەکرد لەناو کوردستاندا، سەردانی بۆ هیچ وڵاتێك نەکردووە، تەنانەت دوای ئەوەی سەدام حوسێن هێرشی کردە سەر کوەیت و داگیری کرد و، هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ دەرکردنی هێزەکانی عێراق چڕبوونەوە، زۆر جاریش خوالێخۆشبوو مام جەلال داوای لێ کردووە، کە پێویستە سەردانی دەرەوە بکات، بەڵام هەموو دەسەڵاتێکی گێڕاندووەتەوە بۆ مام جەلال و سەردانی دەرەوەی کوردستانی نەکرد و، بە هاوکاری لەگەڵ تەواوی حزبەکانی ناو بەرەی کوردستانی زەمینەی خۆڕێکخستنەوە و ئامادەباشی بۆ ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ داڕشت و لە ڕاپەڕینیشدا خۆی سەرپەرشتیی ئازادکردنی شاری کەرکوکی دڵی کوردستانی کرد لە ئێوارەی نەورۆزی ١٩٩١.

لۆژیکی سەرۆك مسعود بارزانی بۆ ئاشتی و ژیانێکی شایستە بۆ گەلی کوردستان، هەمان



لۆژیکی مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانی بووە، دژی شەڕ و کاولکاریی کوردستان بووە، هەر ئەمەش وای کرد، لە ساڵی ١٩٩١ دوای ئەو هەموو کارە دڕندانەی بەعس و سەدام حسێن بەرانبەر گەلی کوردستان کردیان، جارێکی دیکە بە سەرۆکایەتی شاندێکی بەرەی کوردستانی سەردانی بەغدای کرد و تەوقەی لەگەڵ سەدام حوسێن کرد، بەڵام کە ئەمجارەش سەدام حسێن ناوەڕۆکی ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ ڕەت کردەوە و، لەمەش خراپتر دامەزراوەکانی لە کوردستان کشاندەوە، سەرۆك بارزانی زۆر دووربینانە پێشنیاری بە بەرەی کوردستانی کرد، کە هەڵبژاردن بکرێت و بە ئیرادەی گەلی کوردستان دامەزراوەکانی دابمەزرێنرێتەوە، بۆ ئەوەشی بیسەلمێنێت کە نییەتی گەلی کوردستان ئاشتییە و داوای چارەسەری ئاشتییانە بۆ کێشەکەی دەکات، پارتی دیموکراتی کوردستان بە دروشمی ئۆتۆنۆمی بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩١ی کرد و ٥١٪ی کورسییەکانی یەکەمین پەرلەمانی کوردستانی بردەوە و دوای چوار مانگ پەرلەمانی کوردستان بڕیارە مێژووییەکەی کە بە بڕیاری «فیدڕاڵی» ناسراوە، دەرکرد.

ئەوەی لەم یادەدا پێویستە بگوترێت، ئەوەیە کە جەنابی مستەفا بارزانی هەر لە شۆڕشی ئەیلوول و پاشانیش لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵان، ئەرکەکەی خستبووە سەر شانی «سەرۆك مسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی»، بەڵام کە قەدەر هەموو ئەرکەکەی خستە سەر شانی سەرۆك مسعود بارزانی، زۆر بە ئەمانەتەوە شانی دایە بەر ئەو ئەرکە قورسە و ئەو بەشەشی دەکەوتە سەر شانی ئیدریس بارزانی جێبەجێی کردووە و لە بەردەم ویژدانی مستەفا بارزانیدا ئیدریسی بە زیندوویی هێشتووەتەوە و پێی دەڵێت: «ئەو ئەرکەی پێت سپاردووین، بە ئەمانەتەوە جێبەجێمان کردووە، ڕاستە ئیدریس بارزانی زوو بەجێی هێشتووین و گەڕایەوە بۆ لای تۆ، لەگەڵ ئەوەی نەگەیشتووینە ئەو ئاستەی ئاواتە گەورەکەی جەنابت بەدی بهێنین کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە و ڕاستتر بڵێم، ڕێگەیان نەداین، ئەو ئاواتەش بەدی بهێنین، بەڵام ئێستا بە فەرمی و لە چوارچێوەی یاسای پەرلەمانی کوردستاندا ئاڵاکەی پێشەوا قازی محەمەد کە بە ئەمانەت پێی سپاردی، ئاڵای فەرمیی هەرێمی کوردستانە و دەستووری عێراق دانی پێدا ناوە، لەگەڵ ئەوەی دەستووری ٢٠٠٥ عێراق، وەك خۆی جێبەجێ نەکراوە، بەڵام لانی کەمی مافەکانی گەلی کوردستانمان تێدا چەسپاندووە و خەباتمان بەردەوامە بۆ جێبەجێکردنی، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش وەك ئەو وەفایەی تۆ فێرت کردووین، ئێستا لە جێگەی خۆم، نێچیرڤانی کوڕی ئیدریس سەرۆکی هەرێمی کوردستانە».

**کە قەدەر هەموو ئەرکەکەی خستە سەر شانی سەرۆک مسعود بارزانی، زۆر بە ئەمانەتەوە شانی دایە بەر ئەو ئەرکە قورسە و ئەو بەشەشی دەکەوتە سەر شانی ئیدریس بارزانی جێبەجێی کردووە و لە بەردەم ویژدانی مستەفا بارزانیدا ئیدریسی بە زیندوویی هێشتووەتەوە و پێی دەڵێت: «ئەو ئەرکەی پێت سپاردووین، بە ئەمانەتەوە جێبەجێمان کردووە»**

### تەها ساجی فەیلی بۆ گوڵان:

# جینۆسایدی کوردانی فەیلی هەموو پێوەرەکانی مافی مرۆڤ و پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکانی تێپەڕاند

**کۆمەڵکوژی و بە زۆر ڕاپێچکردنی کوردانی فەیلی و بێسەروشوێنکردنی گەنجەکانیان و بەعەرەبکردنی ناوچەکانیان، بە یەکێك لە قێزەونترینی ئەو جینۆسایدانە دادەنرێت کە دەرهەق بە پێکهاتەیەکی ڕەسەنی کورد لە عێراقدا ئەنجام دراوە، تاکو ئێستا ئەم کەیسەی جینۆسایدکردنی کوردانی فەیلی بە نێودەوڵەتی نەکراوە و جۆرێك لە شاردنەوەی پێوە دیارە، تەنانەت حکومەتی عێراق کە لە پەرلەمان و دادگاکاندا دانی بە جینۆسایدەکەدا ماوە، کەچی قوربانییەکانیان قەرەبوو نەکراونەتەوە. بۆ قسەکردن لەسەر کەیسی بەجینۆسایدناساندنی کۆمەڵکوژی و تاڵانکردنی ماڵ و حاڵی کوردانی فەیلی و بەزۆر ڕاپێچکردنیان بۆ ئێران و ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ تەها ساجی فەیلی کەسایەتیی دیاری فەیلی لە شاری زرباتییە سازدا، لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

* جینۆسایدی کوردانی فەیلی هەروەکو هەموو تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و قێزەونی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق، وەکو پێویست باسی لێ نەکراوە. با سەرەتای پرسیارمان لەوەوە دەست پێبکەین، بەو پێیەی تەمەنێکت هەیە و خۆت و خانەوادەکەت لەناو جەرگەی تراژیدیاکە بوون، ئەم تاوانە دەچێتە چ چوارچێوەیەکی جینۆسایدەوە؟

- وەکو دەزانن، حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق لەگەڵ گەلی کورد بەگشتی و کوردانی فەیلی بەتایبەتی و زۆر لە پێکهاتەکانی دیکەش باش نەبووە، بە بەرنامەیەکی داڕێژراو ئەوەی لەگەڵ ڕژێمەکەدا نەبووە کوشتوویەتی، یان دووری خستووەتەوە، دوورخستنەوەی فەیلییەکان و بەزۆر ڕاپێچکردنیان بۆ ئێران و ژمارەیەکی دیکەشیان بۆ شارە سەر سنوورییەکان و دوورخستنەوەیان لە بەغدا، مەبەست و مەرامێکی قێزەونی لەپشت بوو. من خۆم و خانەوادەکەم و باپیرێکی بەتەمەنم ماڵ



# ئامانجی سەرەکیی جینۆسایدی کوردانی فەیلی بۆ لاوازکردنی پێگەی تۆپۆگرافیا و ئابووریيان بوو

و حاڵمان دەستی بەسەردا گیرا و ڕاپێچی ئێرانیان کردین. ئەو تراژیدیایەم بە چاوی خۆم بینی، کە چۆن بە نیوەی شەو پیاوانی ڕژێم هەڵیاندەکوتایە سەر ماڵ و حاڵی فەیلییەکان و گەنجەکانیان لە خێزانەکان جیا دەکردنەوە و ڕاپێچی زیندانەکانیان دەکردن، دواتریش بێسەروشوێن دەکران و هیچ سۆراخ و وەڵامێکیان نەدەبوو، تەنانەت تاکو ئێستاش لە عێراقدا ژمارەیەك کوردی فەیلی وەکو شەهید هەژمار نەکراون، لە دادگا و دامەزراوەکان مافی زیندانی سیاسی و شەهید و قەرەبووی ماڵ و حاڵمان وەکو یەك نەدراوە، لەم کەیسەدا نادادپەروەرییەکی گەورە هەیە. بە شێوەیەکی گشتی دوورخستنەوە و داگیرکردنی ماڵ و حاڵی کوردانی فەیلی و بە زۆر ڕاپێچکردنی خێزانەکانیان بۆ ئێران تاوانێکی زۆر قێزەوەن بوو، کە شوێنەوارەکانی تاکو ئەمڕۆش ماون. ئەو سەردەمە پیاوانی ڕژێم و مەحکەمەی سەورە بە بیانووی «التبعیة الایرانیة» خەڵکێکی زۆریان لەسەر ماڵ و حاڵ و خاکی خۆیان دەرکرد، ئەوانەشی بەڵگەنامەیان هەبوو، هیچ گرفت و کێشەیەکیشیان نەبوو، کەچی ئەوانیشیان دەگواستەوە بۆ شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق، ئەم تاوانە کۆمەڵکوژییە دەچێتە قاڵبی جینۆسایدی دژ بە پێکهاتەیەکی ڕەسەنی عێراقییەوە. هەر دەبووایە لە دوای ڕووخانەکەی ڕژێمی بەعس قەرەبوو بکرابان. بەداخەوە پەراوێزخستنی کەیسەکە و سەرقاڵبوونی کورد بە شەڕ و پەراوێزخستنی کەیسی جینۆسایدی فەیلییەکان وای کرد، کەیسەکە پشتگوێ بخرێت و فەیلییەکان کە لە ئێستادا نزیکەی چوار ملیۆن کەسن، کەچی پێگەی سیاسی و مەعنەوی و ئابوورییان بۆ نەگەڕایەوە، بەپێچەوانەوە پەرشوبڵاویان کردنەوە و هێز و توانایان لاواز کردن. ئەمە لە کاتێکدا فەیلییەکان پێش جینۆسایدەکە و ڕاپێچکردنیان بۆ ئێران، دەستەبژێری بازرگان و کاسبکار و ڕۆشنبیر و فەرمانبەرانی سەردەمی خۆیان بوون. دەوڵەتی عێراق لەسەر دەستی ئەوان لە بەغدا بنیاد نرا، جگە لە ڕۆڵیان لەناو جەرگەی بەغدا لە ڕۆژهەڵاتی دیجلەش کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی کوردانی فەیلی بوون و ناوچەیەکی زۆر دەوڵەمەندە بە سامانی سرووشتی و کشتوکاڵ و بازرگانی،

**ئەو سەردەمەی مەلا مستەفا بارزانی و گرنگیدانی بە کوردانی فەیلی لەگەڵ ئەم سەردەمەدا هەر بەراورد ناکرێت**

**سەرۆک بارزانی لە کۆنفرانسی کوردانی فەیلی ئاماژەی بە هەموو ئەو زوڵم و کۆمەڵکوژییەی دژ بە کوردانی کرد، بەڵام بەرپرسان کەمتەرخەم بوون لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە و بڕیارەکانی**

بۆیە ئەمە وای لە پیاوانی ڕژێم کرد، کار بۆ تەعریبکردن و تەرحیلکردنی کوردانی فەیلی لەو ناوچانەش بکەن. ئەوە بوو لە سەردەمی بەعسدا جینۆسایدەکە هەموو پێوەرەکانی مرۆڤایەتی و ئایینی و یاسا و پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکانی تێپەڕاند، ئەمەش سەرەتای پاکتاوکردن و کۆتاییهاتنی پێگەی بەهێزی کورد بوو لە بەغدا و تەواوی ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە.

*** بەو پێیەی لە دانیشتووانە ڕەسەنەکانی زرباتییەی، ئایا دەکرێت باسێکی کۆچپێکردنی بەزۆرەملێی کوردانی فەیلی لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە و بە شێوەیەکی گشتی ناوچەکانی دەرەوەی بەغدای پایتەختمان بۆ بکەیت؟**

- بەزۆرەملێ ڕاپێچکردنی فەیلییەکان بۆ ئێران و دەستگرتن بەسەر ماڵ و حاڵیان و دەستگیرکردنی گەنجەکانیان تراژیدیایەکی دیکە بوو، بەو پێیەی دانیشتووانی شارەکانی (بەدرە، زرباتییە، جەلەولا، سەعدییە، خانەقین، کوت و بە سەدان شارۆچکە و گوندی دیکەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی دیجلە) ڕووبەڕووی دوو کۆچپێکردنی نێوخۆیی و بۆ ئێران بوون، تەنانەت زۆر لە کێڵگە و زەوییەکانی فەیلییەکان دەستی بەسەردا گیرا. خانەوادەکەی من بە خانەوادەی دایك و باوکیشمەوە بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران کران و دەست بەسەر ماڵ و زەوییەکانماندا گیرا و، شەهید و قوربانییەکی زۆرمان داوە. من جوان ئەو سەردەمەم لەبیرە، فەیلییەکان لەگەڵ سیاسەتی ئەو سەردەمەی ڕژێم نەبوون و پاڵپشتیی مەلا مستەفا بارزانی و حزبەکانی پارتی و شیوعییان دەکرد، بۆیە ئەم شۆڕشگێڕانە و نیشتمانپەروەرانە پێیان دەوترا دوورخراوەکان (المنفيين)، چونکە لەناو جەرگەی بەغداوە بەرەو گوند و ناوچە سەرسنوورییەکانیان نەفی دەکردن، لەبەر ئەوەی ئەمانە ڕۆشنبیر و کەسانی تێگەیشتوو و خاوەن بڕوانامە بوون، بۆیە لەوێش سەرقاڵی ڕۆشنبیرکردن و چاندنی تۆوی شۆڕشگێڕی بوون. لەبەر ئەم هۆیە بوو، ئەمجارە لە هەڵمەتێکی نوێی کۆچپێکردندا بۆ ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دوور خرانەوە، بەتایبەتی کوردە فەیلییەکانی مەندەلی، بەڵام ئێمە لە زرباتییە بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران کراین. لە کۆچێکی قورسدا و ڕێگایەکی دوور و درێژ کە زۆرجار لەناو کێڵگەی لوغمدا ژمارەیەکی زۆرمان لێ شەهید بوون، بە شێوەیەکی گشتی هەرچی ناو جەرگەی بەغدا و ناوچەکانی کوردانی فەیلی هەبوو، تۆپۆگرافیاکەیان گۆڕی، لە بەدرە کێڵگەی کشتوکاڵیمان هەبوو ١٠٣ دۆنم بوو، بۆ پیاوەکانی ڕژێم حەڕاجیان کرد، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، خانووی کوردانی فەیلی لە بەغدا کڕین و فرۆشتنەوەی پێوە دەکرێت و نازانیت لە کێ داوای بکەیتەوە. لە بەغدا هەموو بازرگان و کاسبکارەکانیان تۆمەتبار کرد بە هاوکاریی و کۆمەکردنی شۆڕشەکەی مەلا مستەفا بارزانی، لە موخابەراتی عێراقی نووسراو دەرچوو، کوردە فەیلییەکان بە (شیوعی، پارتی، تێکدەر، بەکرێگیراوی ئێران و کەسانی بیانی و دوژمنی ڕژێم) تۆمەتبار کرابوون. هەر پیاوێك هاوسەرەکەی ژنێکی کوردی فەیلی بوو، بە بڕیارێکی مەجلس قیادەی سەورە لێکیان جیا دەکردنەوە و بەپێچەوانەشەوە دەبووایە ئافرەتەکە لە پیاوە فەیلییەکە جیا بووایەتەوە، ئەگەر فەرمانبەرێکی دەوڵەت ژنەکەی کە لە پێکهاتەی کوردی فەیلی بووایە و تەڵاقی بدایە، بڕێك پارەیان پێ دەدا. گەنجە کوردە فەیلییەکان ئەوانەی لە نێوان ١٨ ساڵ بۆ ٣٨ ساڵدا بوون، زۆربەیان کە خۆیان لە ٢٢ هەزار گەنج دەدات، بێسەروشوێن کران و دواتر بە شێوازی جۆراوجۆر لە ژێر ئەشکەنجەدان کوژران. لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی عێراق – ئێران، فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق گەیشتە سەر ئۆردوگا زۆرەملێیەکان و پەناهەندە فەیلییەکانی بۆردومان کرد.

*** مەلا مستەفا بارزانی، پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ کوردانی فەیلی هەبوو، هەمیشە دژی پەراوێزخستن و ئازاردانی کوردانی فەیلی بوو، ئاماژەت بەو پەیوەندییە کرد کە لە نێوان مەلا مستەفا بارزانی و کوردانی فەیلی هەبووە، دەکرێت زیاتر باسێکی ئەوپەیوەندییانە بکەیت؟**

- مەلا مستەفا بارزانی پەیوەندی زۆر

**خۆم و خانەوادەکەم و باپیرێکی بەتەمەنم ماڵ و حاڵمان دەستی بەسەردا گیرا و ڕاپێچی ئێرانیان کردین**

**داگیرکردنی ماڵ و حاڵی کوردانی فەیلی و بە زۆر ڕاپێچکردنی خێزانەکانیان بۆ ئێران تاوانێکی زۆر قێزەوەن بوو، کە شوێنەوارەکانی تاکو ئەمڕۆش ماون**

**فەیلییەکان پێش جینۆسایدەکە و ڕاپێچکردنیان بۆ ئێران، دەستەبژێری بازرگان و کاسبکار و ڕۆشنبیر و فەرمانبەرانی سەردەمی خۆیان بوون**

**تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، خانووی کوردانی فەیلی لە بەغدا کڕین و فرۆشتنەوەی پێوە دەکرێت و نازانیت لە کێ داوای بکەیتەوە**

**ئەگەر فەرمانبەرێکی دەوڵەت ژنەکەی کە لە پێکهاتەی کوردی فەیلی بووایە و تەڵاقی بدایە، بڕێک پارەیان پێ دەدا**

بەهێزی لەگەڵ کوردە فەیلییەکان هەبوو. داکۆکیشی لە هەموو کورد و هاونیشتمانیان دەکرد و دژی ئەو زوڵم و چەوسانەوەیە بوو کە کوردانی فەیلی تووشی بوون. دەیویست ئەو زلۆم و ستەمەی لە ساڵانی سییەکانەوە دەرهەقیان کراوە، لای ببات. لە کاتی خوێندنەوەی بەیانی ١١ی ئادار لە ڕێپێوانەکەی بەغدا بۆ پاڵپشتیی ڕێککەوتنەکە زۆربەی ئەوانەی بەشداربوون، کوردانی فەیلی بوون. لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆڵێکی کارایان هەبوو، دەیان بەرپرسی گەورەمان لەناو ئەو حزبە هەبووە، ئەو سەردەمەی مەلا مستەفا بارزانی و گرنگیدانی بە کوردانی فەیلی لەگەڵ ئەم سەردەمەدا هەر بەراورد ناکرێت.

*** وێڕای ئەم کارەساتە تراژیدیایی و جینۆسایدە گەورەیە، ئەی بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە کەیسی تاوانەکانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی و سەرکوتکردنی ئەم پێکهاتە گرنگەی کورد، خەمسارد بوون، تەنانەت حکومەتی عێراقیش بەپێی پێویست گرنگی بەم کەیسە نەداوە؟**

- زۆربەی خێزانەکانی کوردانی فەیلی ماڵ و حاڵیان دەستی بەسەردا گیرا و شەهید و قوربانییەکی زۆریان دا، بەڵام دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و دامەزرانی عێراقی نوێ، بە شێوەیەکی نادادپەروەری قەرەبووی ئەو خێزانانەیان کردەوە، واتا لە بابەتی قەرەبووکردنەوەکەشدا نادادپەروەریی زۆری تێدا بوو. من زیندانی کراوم و خانەوادەم شەهید و قوربانیی زۆری هەیە، کەچی هیچیان بۆ نەکردین. خانووەکانمان کڕین و فرۆشتنی پێوە کراوە، تەنانەت کەسانێك لەناو خانووی کوردانی فەیلیدا بوون، یەك دیواری دروست کردبوو، داوای نرخی خانووەکەی دەکردەوە و ئەوجا ئامادە بوو چۆڵی بکات. ئەم پرسەی جینۆساید، نەك تەنیا لە عێراق بەڵکو لە هەرێمی کوردستانیشدا مافی تەواوەتی خۆی پێ نەدراوە، لە کاتێکدا هەموو بەڵگەنامەکان بۆ چەسپاندنی جینۆسایدی کوردی فەیلی دیار و ئاشکران. سەرۆك بارزانی لە کۆنفرانسی کوردانی فەیلی ئاماژەی بە هەموو ئەو زوڵم و کۆمەڵکوژییەی دژ بە کوردانی کرد، بەڵام بەرپرسان کەمتەرخەم بوون لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە و بڕیارەکانی.

*** پێشنیاری ئێوەی کوردانی فەیلی بۆ بە جینۆساید ناساندنی کۆمەڵکوژیی کوردانی فەیلی چییە؟**

- بەرپرسانی بەغدا و ناوچەکانی دیکەش بۆ قەرەبووی کوردانی فەیلی لە ئاستی پێویستدا نین، بەداخەوە کەم ئەزموونی و بێتوانایی و نەزانینی بەرپرسەکانە وای کردووە زۆر لە خێزانەکانی کوردانی فەیلی دوای حزبە شیعەکان بکەون. دەبێت لە نزیکەوە

**لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی عێراق – ئێران، فرۆکە جەنگییەکانی عێراق گەیشتە سەر ئۆردوگا زۆرەملێیەکان و پەناهەندە فەیلییەکانی بۆردومان کرد**



گوێبستی خواست و داواکارییەکانمان بن، ئەو کات دەتوانن لە ئاست ئومێد و ئاواتەکانمان بن. لە ئێستادا هەرچی حزبە شیعەکانیشە لە نێوان خۆیاندا کوردانی فەیلیان پەرشوبڵاو کردووەتەوە و هێز و پێگەی چوار ملیۆن فەیلییان کەم کردووەتەوە، بەمەش حزبە شیعەکان پەرشوبڵاویان دەکەنەوە و حزبە کوردستانییەکانیش نایانەوێت و نازانن بۆ بەرپرسیارێتی و نوێنەرایەتی کێ هەڵدەبژێرن، ئەی ئەوە نییە دوو حزبی سەرەکیی کوردستان لە بەغدا لەم هەڵبژاردنەی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا کەسایەتییەکی کوردی فەیلییان بە کۆتا بۆ دەرنەچوو.

**کەم ئەزموونی و بێتوانایی و نەزانینی بەرپرسەکانە وای کردووە زۆر لە خێزانەکانی کوردانی فەیلی دوای حزبە شیعەکان بکەون**



پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر جەعفەر گوانی
پسپۆڕ و شارەزا لە شەریعەتی ئیسلامی بۆ گوڵان:

# دەبێت هەمیشە گەلی خۆت لە پێش هەمووان دابنێیت، ناکرێت بۆ خەڵکی دیکە بگریت و گەلەکەی خۆیشت پشتگوێ بخەیت

**پێویستە وەکو کورد سوود لە ئیسلام وەربگرین بۆ سەرفرازبوونی گەلەکەمان، ئەوەش هەر خۆی لە خۆیدا پەیامی ئیسلامە**

# کورد یەکێکە لەو گەلانەی بە جوانترین شێوە و بە پاکی ئیسلامیان وەرگرتو پاراستوویانە، هەر بۆیەش تووشی هیچ لادانیش نەهات

**لە دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئیستەنبوڵ ڕێکخراوی ئیخوان موسلیمین لە میسر دامەزرا، بە مەبەستی گەڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی و ئەو فکرەیەش بووە فکرەیەکی جیهانی و لە پاشان بیر و باوڕی ئوسووڵیی ئیسلامی دروست بوو، بەم هۆیەشەوە ئیسلامیان دابەش کرد بۆ سیاسەت و عیبادات و بەپێی ئەو فکرەش ڕێز لە نەتەوە و نیشتمان و پیرۆزییەکانی ناگیرێت و جەماعەت و کەسانێك هەن، کورد بە موسڵمان نازانن و دەیانەوێت جارێکی دیکە کورد بکەنەوە ئیسلام و باوەڕیان بە توندوتیژی هەیە و دوورن لە بەرنامە و پەیامی خوای گەورە، کە دین لە پێناو خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی بۆ ئادەمیزاد هاتووە و، لێرە و لەوێش هەندێ کەس و لایەن بە ئارەزووی خۆیان جۆرەها فتوا دەدەن، بۆ ئەم پرسە و چەند تەوەرەیەکی دیکە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر جەعفەر گوانی مامۆستا لە کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان لە زانکۆی سەڵاحەدین و وتارێژی مزگەوتی (دایك و باوك) لە هەولێر ئەنجام دا.**

*** وەکو دەزانین پاش ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی و دروستبوونی چەندین بیر و باوەڕی وەك ئیخوان موسلیمین و ئوسووڵیی ئیسلامی، کە بووە هۆی دابەشبوونی ئیسلام بۆ سیاسەت و عیبادەت، ئایا ئەم دابەشکردنەی ئیسلام بۆ سیاسەت و عیبادەت تاچەند خزمەتی بە ئیسلام کردووە؟**

- ئیسلام لە خودی خۆیدا ئایینێکی گشتگیرە و هەموو لایەنێکی ژیان دەگرێتەوە، ئیسلام یەکێکە لەو ئایینانەی شەریعەت و عەقیدەیە، کەواتە دونیا و ئاخیرەتی تێدا کۆ دەبێتەوە، ناکرێت پارچە پارچە بکرێت، یان لایەنێکی وەربگیرێت و لایەنێکی فەرامۆش بکریت، ئەوە ڕوونە لەو ئایەتەی خوای گەورە دەفەرمووێت: «قُل إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رِبِّ ٱلعَٰلَمِينَ» ١٦٢[الأنعام]. واتە: «(ئەی پێغەمبەر) بڵێ، بێگومان نوێژ و بەندایەتی و قوربانی و ژیان و مردنم هەر بۆ خوای پەروەردگاری هەموو جیهانیانە»، ئەوەش مانای وایە ئیسلام پەیڕەوێکی گشتی بۆ ژیان داناوە و شێوازەکەشی بۆ ڕۆژگارو شوێن و پێشکەوتنەکان هێشتووەتەوە، بۆیە هەر هەوڵێك بۆ پچڕاندنی ئیسلام و وەرگرتنی لایەنێك و فەرامۆشکردنی لایەنەکانی دیکەی، وێڕای تێنەگەیشتن لەو پەیامە، تەنیا بچووککردنەوەی ئیسلامە.

*** ئایا لە ئایینی ئیسلامدا هاتووە کە گرنگی بە نەتەوە و نیشتمان و خاك نەدرێت، کە کەس و لایەن هەن، هەوڵ بۆ سڕینەوەی ئینتیما و پیرۆزییەکانی نیشتمانی دەدەن، ئایا ئەمە چ کارەساتێکی لێ دەکەوێتەوە؟**

- ئیسلام و هزری نەتەوایەتی هەمیشە وەك دوو شاباڵی باڵندەیەك بوون، فەرامۆشکردنی یەکێکیان، بێباڵکردن و لە پەلوپۆخستنی باڵندەکەیە، ئەوەی ئیسلام دژیەتی زێدەڕۆیی و دەمارگرییە، کە هەموو سیستەمە تەندروست و ئایینەکانیش دژی دەوەستنەوە، سەرچاوەی دەیان فیکری بۆگەنی هاوشێوەی نازییەتە، هەروەك بێژمار قوربانییشی بە دوای خۆیدا هێناوە، دەکرێ سەدان نموونەی هاوشێوەی هەڵەبجە لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە شێوازی جیاواز وەکو نموونە بهێنینەوە، ئیسلام لەبەر ئەوەی هەر لە بنەڕەتدا پەیامی دژە زوڵم و ستەمکارییە، هەمیشە بەرەنگاربوونەوەی ستەمکار و تاغووتانی وەکو مەدرەسەی پێگەیاندنی شوێنکەوتووانی داناوە، هەر بۆیەش هەموو ئەوانەی بەرەنگاری زوڵم و ستەم بوونەوە

**هەر هەوڵێک بۆ پچڕاندنی ئیسلام و وەرگرتنی لایەنێک و فەرامۆشکردنی لایەنەکانی دیکەی، وێڕای تێنەگەیشتن لەو پەیامە، تەنیا بچووککردنەوەی ئیسلامە**

**ئیسلام و هزری نەتەوایەتی هەمیشە وەک دوو شاباڵی باڵندەیەک بوون، فەرامۆشکردنی یەکێکیان، بێباڵکردن و لە پەلوپۆخستنی باڵندەکەیە**

و پارێزگارییان لە گەل و نەتەوەکەیان کرد، گۆشکراوی ئیسلام بوون. کوردستان باشترین و ڕوونترین نموونەیە، کاتێك دەبینین هەموو ئەو سەرکردانەی چەخماخەی شۆڕشی کوردایەتییان لێدا و بەرەنگاری دوژمنانی کورد و کوردستانییان کردە جیهادی ڕاستەقینە، دەرچووی حوجرە و مەدرەسەی فەقێیان و لاپەڕەکانی کتێبەکانی ئیسلامپەروەری بوون، ئەوەش شتێکی ئاساییە، تۆ کە گۆشکراوی ڕاستەقینەی ئەم ئایینە بیت، کە داوای ئازادی بۆ هەموو گەلانی دونیا دەکات، دەبێت هەمیشە گەلی خۆت لە پێش هەمووان دابنێیت، ناکرێت بۆ خەڵکی دیکە بگریت و گەلەکەی خۆیشت پشتگوێ بخەیت، هەتا هەشتاکانیش حکومەتی عێراق چاوێکی بەردەوامی لەسەر حوجرەی فەقێیان بوو، چونکە زۆربەی کات ئەو گەنجەی دەبووە فەقێ، پاش چەند ڕۆژێك، یان تفەنگلەشان دەبووە پێشمەرگە، یان ڕۆحی پێشمەرگایەتی دەخستە خوێنی لاوانی کورد، بۆیە ئێستاش بە هەمان هەستەوە پێویستە وەکو کورد سوود لە ئیسلام وەربگرین بۆ سەرفرازبوونی گەلەکەمان، ئەوەش هەر خۆی لە خۆیدا پەیامی ئیسلامە.

*** ئێمەی کورد وەك گەلێکی موسڵمان خاوەنی مێژوویەکی پاکی موسڵمانێتی و کوردایەتین و چەندین زانای گەورەی ئیسلامیمان هەیە، هەر لە ئەحمەدی خانی تا دەگاتە مەولەوی و نالی، بۆچی ئیسلامی سیاسی ئەم مێژووە فەرامۆش دەکات و دەیەوێت مێژوویەکی دیکە لە کوردستان بڵاو بکاتەوە، کە ئەویش مێژووی عەرەبییە؟**

- مێژووی پێکەوەی کورد و ئیسلام، مێژووی عیرفان و بەرخۆدان و خۆشەویستی و بەپیریەکچوونە، بۆیە دەبێت هەموومان وەکو ئەرکێکی ئایینی و نیشتمانی و مرۆیی دەست بەو مێژووەوە بگرین، ئەو قوتابخانە و زاتانەی لە کوردستان بەیداخی ئیسلامیان هەڵکردبوو، لە دوای خۆیان پەرێزێکی گوڵبژێری پڕ لە خۆشەویستی و تەبایی و برایەتییان چەقاندووە، کە وێکڕا دەژیان و وێکڕاش دەمردن، کاتێك زوڵم دەکرا، پێکەوە بەرەنگاری زوڵم دەبوونەوە، کاتێك لە مزگەوت و کووچەی خانەقاکان دادەنیشتن، لەگەڵ هەناسەی دینداریدا ڕۆحی لێبووردن و پێکەوەژیان بڵاو دەبووەوە، بەمەش توانییان جوانترین تابلۆی مرۆڤبوون بۆ هەموو کوردستان بدەنە دونیا، کەسانێك دەردەچوون لە یەك کاتدا بە جیاوازی نەتەوە و مەزهەبەوە پێکەوە دەژیان، دینە جیاوازەکان خۆشی و ناخۆشییان پێکەوە بوو، لەو شوێنانەی دینەکانی دیکەی تێدا بوو، مەلای مزگەوتیان بە مەلا و ڕێبەری خۆشیان دەزانی، پێکەوە دەچوونە کارکردن و شین و شاییان وێکڕا بوو، چەندان نموونەمان هەیە، کە مەلا عوسمانی دیانا، تا حەفتاکانیش بە مەلای سێ دینان ناسرا بوو، هەروەها سافی هیرانی، سێوەی کۆیەی داوەتی تەکیەی هیرانی دەکرد، خەڵك هەموو شتیان دەکردە قوربانیی یەکتری، هەر بۆیەش دوژمن هەوڵی دەدا هەموویان قڕ بکات، ئەوە پەیامی ڕاستەقینەی ئیسلامە، دەبێت بە بوێری و بە جددی هەوڵی درێژەدان و زیندووکردنەوەی ئەو مێژووە جوانە بدەین، بەم جۆرە هەم دینەکەمان بە پاکی دەپارێزین، هەمیش پێکهاتەی کۆمەڵایەتیمان دەپارێزین.

*** بۆچی هەندێ لە حزبە ئیسلامییەکان پرۆسەیەك بەڕێوە دەبەن، وەك ئەوەی بیانەوێت سەرلەنوێ کۆمەڵگەی کوردستان بە ئیسلام بکەنەوە، ڕاشکاوانەتر وەك ئەوەی میللەتی ئێمە موسڵمان نەبووبێت و ئەوان بیانەوێت موسڵمانی بکەن. ئایا دەکرێت ئیسلامەتی تەنیا ئەو ئیسلامە بێت کە حزبە ئیسلامییەکان پێناسەی دەکەن؟**

- مێژووی ئیسلام لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خودی پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت، کاتێك جابانی کوردی دەچێتە مەدینە و مسوڵمان دەبێت، دواتر هەر لە درێژەی ئەو پەیوەندییانەوە ئیسلامەتی دەگاتە کوردستان، بە جۆرێك کەمترین شەڕ لەنێوان کورد و موسڵمانانی ئەو کات ڕووی داوە، ئەوەی هەشبووە شەڕی فارسەکان بووە لەسەر خاکی کوردستان، ئەوەش لەبەر ئەوەی کورد وەکو فریادڕەس تەماشای ئیسلامیان کردووە، تا لە ژێر جەور و ستەمی داگیرکەران ڕزگاریان بکات، کورد یەکێکە لەو گەلانەی بە جوانترین شێوە ئیسلامیان وەرگرت و پاراستوویانە، هەموو وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان،

**مێژووی پێکەوەی کورد و ئیسلام، مێژووی عیرفان و بەرخۆدان و خۆشەویستی و بە پیریەکچوونە**

**کاتێک جابانی کوردی دەچێتە مەدینە و مسوڵمان دەبێت، دواتر هەر لە درێژەی ئەو پەیوەندییانەوە ئیسلامەتی دەگاتە کوردستان، بە جۆرێک کەمترین شەڕ لە نێوان کورد و موسڵمانانی ئەو کات ڕووی داوە**

**کورد وەکو فریادڕەس تەماشای ئیسلامیان کردووە، تا لەژێر جەور و ستەمی داگیرکەران ڕزگاریان بکات**

**هەموو وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان، ئیسلامیان وەکو چەکێک دژی گەلانی دیکە و بۆ قڕکردنی ڕۆڵەکانی بەکارهێناوە**

**هەر هەوڵێک بۆ تێکدانی ئەو پەیوەندییە تێکئاڵاوەی ئیسلام و کورد، هەوڵێکە بۆ لەناوبردنی ئیسلام و کورد**

ئیسلامیان وەکو چەکێك دژی گەلانی دیکە و بۆ قڕکردنی ڕۆڵەکانی بەکارهێناوە، لە بەرانبەردا لەبەر ئەوەی کورد ئیسلامی بە پاکی وەرگرتبوو، هیچ تووشی لادان نەهات. ئەگەر بەردی بناغەی پێکەوەگرێدانی ئیسلام و کورد لەسەر بنەمای عیرفان و یەکترناسین و خۆشەویستی نەبوایە، لەوانە بوو، لە ئەنجامی زوڵمی زۆری وڵات و گەلە بەناو موسڵمانەکان، تووشی لادان و هەڵگەڕانەوە هاتبان، بەڵام کورد نەك هەڵنەگەڕاوە، بەڵکو تۆکمەتر پاراستی. بۆیە هەر هەوڵێك بۆ تێکدانی ئەو پەیوەندییە تێکئاڵاوەی ئیسلام و کورد، هەوڵێکە بۆ لەناوبردنی ئیسلام و کورد.

*** باس لە بەرهەمهێنانی توندوتیژی و تیرۆر لە فیکری ئیخوان موسلمین و ئیسلامی ئوسوولی دەکرێت، ئایا چاندنی تۆی توندوتیژی و ئیرهاب لە کۆمەڵگە، تاچەند کۆمەڵگە بەرەو ناسەقامگیری و کاولبوون دەبات؟**

- بەستنەوەی تیرۆر بە ئیسلام، یان ئەنجامدانی کاری ئیرهابی بە ناوی ئیسلام و لە ژێر ئاڵای ئیسلام، یەکێك لە کوشندەترین گورز لێدانی ئیسلام بوو، چونکە کاتێك دەگەڕێیەوە بۆ ئیسلام، خودی ناوی (ئیسلام) لە سیلم و ئاشتییەوە هاتووە، کاتێك دەچێتە مەدینە دوو سەرسەختترین هۆزەکانی عەرەب، کە ئەوس و خەزرەج بوون، دەکاتەوە برای یەك، کاتێك پێغەمبەری خوا دروودی خوای لەسەر بێت، دێتەوە شاری مەککە بڕیاری لێبووردن دەداتە قیزەونترین دوژمنەکانی، ئەوانەی بەزەییان بە گیان و ماڵ و نامووسی موسڵمانان نەهاتەوە، بۆیە هەر هەوڵێك بۆ تێکئاڵاندنی ئیسلام و تیرۆر زوڵمە لە ئیسلام و لە پێغەمبەر لە مێژووی مرۆڤایەتی.

*** خاڵێکی دیکەی ترسناك لە فیکری ئیسلامی سیاسی، پرسی دووبارە تەفسیرکردنەوەی «فتوا»دانە، لە ئیسلامدا دەبێت حکومەت، یان ئەمیری موئمنین فتوا بدات، بەڵام ئیسلامی سیاسی دەڵێت هەر کەسێك دەتوانێت فتوا بدات و خەڵك بکوژێت، ئایا ئەمە بێماناکردنی فتوا و دروستکردنی ئاژاوە نییە لە کۆمەڵگە؟**

- فتوادان کارێکی پڕ مەترسییە لە ڕووی ئایینی و کۆمەڵایەتی و کەسییەوە، چونکە ئەوەی فتوا دەدات، لە بریتی خوا و پێغەمبەر قسە لەسەر شەرعیبوون و ناشەرعیبوونی شتەکان دەکات، وەکو مۆرکردن وایە لە بری ئەوانەوە. لە ڕووی کۆمەڵایەتییشەوە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە کۆمەڵگەوە، لەوانەیە چەندان ئاریشەی لێ دروست ببێت. لە ڕووی کەسیشەوە، لەوانەیە ببێتە مایەی سەرلێشێوان و لەخشتەبردنی کەسەکە و سەرگەردانکردنی. بۆیە وەکو دەزانین هەمیشە زانایان پشتیان بە فتوای دەستەجەمعی بەستووە، نەك تاکەکەسی، هەمیشە کەسانی بە کۆمەڵ عیسمەت و بێ هەڵەییان پترە، بۆیە دەبێت لە فتوا سەرەکییەکان پشت بە دامودەزگاکان ببەسترێت، کە لە هەرێمی کوردستان خۆی لە (ئەنجومەنی باڵای فتوا) دەبینێتەوە. لە بەرانبەردا، فتوای لابەلا دەبێتە مایەی نانەوەی کێشە و دابەشبوون و تێکچوونی کۆمەڵگە.

**هەمیشە زانایان پشتیان بە فتوای دەستەجەمعی بەستووە، نەک تاکەکەسی**







# کۆتایی گەمەکە

## شەڕێک سەرلەنوێ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێناسە دەکاتەوە

لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە ئەمە یەکەمین جارە شەڕێکی گەورە لە ناوچەیەکی گرنگی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵدەگیرسێت، کە هیچ مەزندەیەك ناکرێت، ئەم شەڕە لە خاڵێکدا ڕادەوەستێت و بە دانوستاندن چارەسەر دەکرێت و، ئەو لایەنانەی ڕاستەوخۆ لەم شەڕەوە تێوەگلاون، ئەوجا چ ئەو لایەنانەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پشتگیریی بزووتنەوەی حەماس و خەڵکی فەلەستین دەکەن، یان ئەو دەوڵەت و لایەنانەی کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پشتگیریی ئیسرائیل دەکەن، وێڕای هەموو ناکۆکییەکان لەسەر ئەوە کۆکن، ئەم شەڕە بە شکست و تەسلیمبوونی لایەك و سەرکەوتنی لایەنەکەی دیکە تەواو دەبێت.

لەم جۆرە شەڕانەدا کە ترووسکاییەك بۆ چارەسەری ئاشتییانە و دانوستاندن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان نامێنێت، وەك لە دوو ساڵی ڕابردووی شەڕی ئۆکرانیا و ڕووسیا بینیمان، هەموو ئەگەرە خراپ و کاولکارییەکان کراوە دەبن، ئاستی تۆڵەکردنەوە هەموو سنوورێکی مرۆڤایەتی تێدەپەڕێنێت و، بێبەهاکردنی بەهای مرۆڤایەتی و مرۆڤبوون دەکرێتە پڕوپاگەندەی سەرکەوتنی لایەنەکان لە بەرەکانی شەڕدا.

ئەو شەڕەی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوامە، لە دوای هێرشەکەی ٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٣ی بزووتنەوەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل دەستی پێ کردووە، جیاواز لە شەڕی ئۆکرانیا و ڕووسیا، کە هێزی ناتۆ ڕاستەخۆ بەشداریی شەڕەکەی نەکردووە و تەنیا پێداویستی و لۆجستی و سەربازییان داوە بە سوپای ئۆکرانیا، هەروەها شەڕەکە لە ناو خاکی ئۆکرانیا لغاوگیر کراوە و نەپەڕیوەتەوە بۆ پارچەکانی دیکەی ئەوروپا، بەڵام لە شەڕی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەسەر ئاستی جیاواز وەرچەرخانی زۆر ترسناك دەبینرێت، لێرەدا بە چەند خاڵێك ئاماژەی پێ دەکەین:

● شەڕەکە نەك هەر لە نێوان ئیسرائیل و حەماسدا لغاوگیر نەکراوە، بەڵکو بەشێکی فراوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووەتەوە و مەزندەی ئەوەی لێ دەکرێت زیاتر فراوانتر ببێت و ناوچەی دیکەش بگرێتەوە، بەتایبەتی لە ئێستادا کە چەکدارانی حوسی لە یەمەن ڕێڕەوی بارزگانیی دەریایان لە دەریای سوور خستووەتە مەترسییەوە، کە بەرژەوەندیی دەوڵەتانی جیهان، بەو دەوڵەتانەشی پشتگیریی فەلەستین دەکەن، پێویستی بەوەیە ئەو مەترسییە نەهێڵن کە ناسەقامگیریی لە دەریای سووردا دروست کردووە.

● ئەو دەوڵەتانەی ڕۆژئاوا کە پشتگیریی ئیسرائیل دەکەن، بەتایبەتی (ئەمریکا و بەریتانیا) بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ بوونەتە بەشێك لەو شەڕە و ڕۆژانە بە فڕۆکە و ڕۆکێت لە عێراق و یەمەن لەو هێزانە دەدەن کە هێرش دەکەن سەر بنکەکانی ئەمریکا و پاپۆڕەکانی بارزگانی لە دەرەیای سوور. ئێران کە پێشتر تەنیا لە ڕێگەی سوپای پاسدارانەوە پشتگیریی بزووتنەوەی حەماس و میلیشیا چەکدارەکانی (عێراق، سووریا، لوبنان و یەمەن)ی دەکرد، ئێستا وەك دەوڵەت سنووری دەوڵەتانی دەوروبەری دەبەزێنێت و بە ڕۆکێت بۆمبارانیان دەکات.

● هەردوو لایەنی شەڕەکە (ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی، حەماس و هاوپەیمانەکانی) هیچ لایەکیان بڕوایان بە ئاشتی نییە، ستراتیژیەتیان سڕینەوەی یەکترییە، حەماس و هاوپەیمانەکانی پێیان وایە تا وجوودی ئیسرائیل نەسڕێتەوە، ناوچەکە سەقامگیری بە خۆیەوە نابینێت، لە بەرانبەردا ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی پێیان وایە هەتا چەکدارانی حەماس و میلیشیا هاوشێوەکانی لە عێراق و سووریا و لوبنان و یەمەن وجوودیان هەبێت، ئەوە هەرگیز ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەقامگیری بە خۆیەوە نابینێت.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم جیاوازییانە و ئەو مودێلە تازەیەی شەڕ کە ناوچەکەی گرتووەتەوە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووبارە پێویستی بە داڕشتنەوەی سیستمێکی تازە هەیە، ئەوجا سکێچی ئەم سیستمە تازەیە چۆن دەکێشرێت، بەداخەوە نووکی ئەو ڕۆکێتانە دیاری دەکات کە لەم شەڕەماڵوێرانکەرەدا دەتەقێندرێن.

### ● شەڕی غەززە

### هەڵوێستی دەوڵەتانی عەرەبی ئیحراج کردووە

لە دوای ساڵی ١٩٤٨ەوە کە دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزراوە، هەتا ٧ی تشرینی ساڵی ٢٠٢٣ کە حەماس هێرشی کردە سەر ئیسرائیل، هیچ کاتێك وەك ئێستا هەڵوێستی دەوڵەتانی عەرەبی بەم شێوەیەی ئێستا بەرانبەر بە کێشەی

لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە ئەمە یەکەمین جارە شەڕێکی گەورە لە ناوچەیەکی گرنگی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵدەگیرسێت، کە هیچ مەزندەیەک ناکرێت، ئەم شەڕە لە خاڵێکدا ڕادەوەستێت و بە دانوستاندن چارەسەر دەکرێت

ئاستی تۆڵەکردنەوە هەموو سنوورێکی مرۆڤایەتی تێدەپەڕێنێت و، بێبەهاکردنی بەهای مرۆڤایەتی و مرۆڤبوون دەکرێتە پڕوپاگەندەی سەرکەوتنی لایەنەکان لە بەرەکانی شەڕدا

شەڕەکە نەک هەر لە نێوان ئیسرائیل و حەماسدا لغاوگیر نەکراوە، بەڵکو بەشێکی فراوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووەتەوە و مەزندەی ئەوەی لێ دەکرێت زیاتر فراوانتر ببێت و ناوچەی دیکەش بگرێتەوە

چەکدارانی حوسی لە یەمەن ڕێڕەوی بازرگانیی دەریایان لە دەریای سوور خستووەتە مەترسییەوە، کە بەرژەوەندیی دەوڵەتانی جیهان، بەو دەوڵەتانەشی پشتگیریی فەلەستین دەکەن، پێویستی بەوەیە ئەو مەترسییە نەهێڵن کە ناسەقامگیریی لە دەریای سووردا دروست کردووە

فەلەستین لاواز نەبووە، تەنانەت ئەوەشی پێی دەگوترێت «دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستین» بارەگاکەی لە شاری ڕامەڵڵایە لە فەلەستین، بەحیساب وەك دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت و لە ناو بارەگای نەتەوە یەكگرتووەكان و دەوڵەتان نوێنەر و باڵیۆزیان هەیە، ئەویش هەڵوێستی هێندە لاواز بووە، ناتوانێت بە باشی بەرگرییەكی دیپلۆماتییانە لەو خەڵكە مەدەنییانە بكات، كە لە هەموو پێداویستییەكی ژیان بێبەش كراون.

بە هەمان ئاست هەر لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە هەتا ڕۆژی ٧ی تشرینی ٢٠٢٣، هیچ كاتێك ئیسرائیل نە بەو جۆرە دڕندییە هێرشی كردووەتە سەر فەلەستین و نە بەم بێباكییەی ئێستا وەڵامی نەتەوە یەكگرتووەكان و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی داوەتەوە، لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە لە هیچ شەڕێكی ئیسرائیلدا ڕۆژئاوا بەم ئاستە بەرزە پشتیوانیی خۆی بۆ ئیسرائیل پیشان نەداوە.

دەوڵەتانی عەرەبی كە بەشێكی زۆریان پەیوەندییەكانیان لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی كردووەتەوە و پێشوازییان لە باڵیۆزەكانی ئیسرائیل كردووە، بەشێكی دیكەشیان ئەگەر بە فەرمی پەیوەندییەكانیان لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی نەكردبێتەوە، ئەوا دژایەتی ئیسرائیلیش ناكەن، بەڵام شەڕی غەززە ئەم بارودۆخەی بەو جۆرە گۆڕیوە، كە بە ئاشكرا هەردوو دەوڵەتی (سعودیە و قەتەر) دەڵێن ئەگەر ئیسرائیل شەڕ ڕابگرێت و بگەڕێتەوە بۆ چارەسەری «دوو دەوڵەت» ئەوا وەك (سعودیە و قەتەر) دەڵێن «دەوڵەتانی دیكەی عەرەبیش پەیوەندییەكانیان لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی دەكەنەوە و بەمەش مەترسیی نەمان لە ئیسرائیل دەڕەوێتەوە».

لە بەرانبەر ئەم هەڵوێستەی دەوڵەتانی عەرەبی كە لە ئێستادا سعودیە و قەتەر پیشانی دەدەن، هیچ دەوڵەتێكی عەرەبی بەرپەرچی ئەو پێشنیارەی نەداوەتەوە و ڕەتی نەكردووەتەوە، بەڵام هەڵوێستی ئیسرائیل و ئەو دەوڵەتانەی ڕۆژئاواش كە پشتگیریی ئیسرائیل دەكەن، ئەم پێشنیارەیان وەك چارەسەرێك بۆ كۆتاییهێنان بەم شەڕە وەرنەگرتووە و پشتگیرییان لێ نەكردووە، تەنانەت ئەگەر هەندێك دەوڵەتیش پشتگیریی لێ كردبێت، پشتگیرییەكە تەنیا نمایشێكی دیپلۆماتییانە بووە و، لەسەر ئەرزی واقیع كاری پێ نەكراوە و، چاوپۆشی لە هێرشەكانی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە و لوبنان و سووریا كراوە.

## ● كۆتایی گەمەكە

### سكێچە تازەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

لەبەر ئەوەی ئەو بنەمایەی كە دەیانگوت «ماف هێز دروست دەكات» گۆڕاوە بۆ ئەوەی «هێز ماف دروست دەكات»، ئەوا سكێچی تازەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو لایەنە دیاری دەكات كە خاوەنی هێزی زیاترە و چارەنووسی ئەم شەڕە بۆ بەرژەوەندیی خۆی یەكلایی دەكاتەوە، شەڕەكەش قۆناغی ئەوەی تێپەڕاندووە



كە تەنیا لەنێوان دوو لایەن بێت، بەڵكو لە نێوان كۆمەڵێك لایەندایە و كۆمەڵێك شوێنی جیاوازی گرتووەتەوە، بۆیە ئەوانەی بەشدار دەبن لە داڕشتنەوەی سكێچە تازەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەو لایەنانە دەبن كە لەم شەڕەدا هاوپەیمان دەبن.

بەپێی ئەو دەرهاویشتانەی لە بەردەستن و ئاكامی شەڕی ئۆكرانیا و ڕووسیاش، كە پێدەچێت بە ئەندامبوونی ئۆكرانیا لە یەكێتیی ئەورووپا بە لایەكدا بكەوێت، ئەم شەڕەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لە بەرژەوەندیی هێزی ڕۆژئاوا و ناتۆ تەواو دەبێت، ئەوجا ئەگەر مەترسیی ڕووسیا تەنیا بە كشانەوەی هێزەكانی لە ئۆكرانیا كۆتایی بێت، ئەوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە شكستی هاوپەیمانییەك و سەركەوتنی هاوپەیمانییەكەی بەرانبەری تەواو دەبێت.

**ئێران كە پێشتر تەنیا لە ڕێگەی سوپای پاسدارانەوە پشتگیریی بزووتنەوەی حەماس و میلیشیا چەكدارەكانی (عێراق، سووریا، لوبنان و یەمەن)ی دەكرد، ئێستا وەك دەوڵەت سنووری دەوڵەتانی دەوروبەری دەبەزێنێت و بە ڕۆكێت بۆمبارانیان دەكات**

**لەبەر ئەوەی ئەو بنەمایەی كە دەیانگوت «ماف هێز دروست دەكات» گۆڕاوە بۆ ئەوەی «هێز ماف دروست دەكات»، ئەوا سكێچی تازەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو لایەنە دیاری دەكات كە خاوەنی هێزی زیاترە و چارەنووسی ئەم شەڕە بۆ بەرژەوەندیی خۆی یەكلایی دەكاتەوە**



دکتۆر گۆڤەند شێروانی
پسپۆڕی بواری وزە و جیولۆجیای نەوت بۆ گوڵان:

# فاکتەری سیاسی و ئەجیندەی دەرەکی کاریگەرییان لەسەر جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتن و دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان هەیە

## لێکتێگەیشتن هەیە بەوەی ڕێککەوتنی موستەحەقاتی کۆمپانیاکانی نەوتی هەرێم هەموار بکرێتەوە

## ئالۆزییەکانی دەریای سوور عێراق ناچار دەکات بە ڕێگەی بەندەری جەیهان کار بکات کە ڕۆژانە توانای یەک ملیۆن بەرمیلی نەوتی هەناردەی هەیە

## پاڵاوتگەکانی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە توانای ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتیان هەیە

**هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان و پێشکەوتنەکانی کەرتی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستاندا، تەوەرەی دیدارێکی گۆڤاری گوڵان بوون لەگەڵ دکتۆر گۆڤەند شێروانی پسپۆڕی بواری وزە و جیولۆجیای نەوت. لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** لەم ماوانەدا لەلایەن هەرێمی کوردستان و عێراق و تەنانەت تورکیاشەوە باس لە نزیکبوونەوەی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکرێت، ئایا ئەو ئاستەنگ و بەربەستانە چین کە وای کردووە دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت دوابکەوێت؟**

- گفتوگۆ و دانوستانەکانی نێوان عێراق و تورکیا لە لایەك و هەرێمی کوردستان و عێراق لەلایەکی دیکەوە بەرەوپێشچوونی باشی بەخۆیەوە بینیوە و ئامادەباشیی خۆیان نیشان داوە بۆ هەناردەکردنی ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە، دەتوانین بڵێین لێکتێگەیشتنی باش هەیە بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت کە لە ٢٥ی ئاداری ساڵی ڕابردوو ڕاگیرا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دوو کێشەی تەکنیکی هەیە، دەبێت چارەسەر بکرێن، چ لەلایەن هەردوو حکومەتی عێراق و حکومەتی تورکیاوە بێت، یان لەلای هەردوو حکومەتی عێراقی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بێت. بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان هەردوو حکومەتی عێراقی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی نیسانی ساڵی ڕابردوو واژوو کران، هەرناردەکردنی نەوت لە ئەستۆی حکومەتی عێراقە لە ڕێگەی وەزارەتی نەوتەوە، بەتایبەتی لەلایەن کۆمپانیای سۆمۆ کە پێویستە گرێبەستی نوێ لەگەڵ کۆمپانیا تورکییەکان واژوو بکات، بەتایبەتی لەگەڵ کۆمپانیای بۆتاش، کە لایەنی تورکیا پێی باشە بە هاوشێوەی ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیبوو، کار بکەن، چونکە بە ڕێککەوتنە کۆنەکەی ساڵی حەفتاکان کە پێی دەوترێت «ڕێککەوتننامەی بۆریی نەوتی عێراقی- تورکی»، کارکردن لە ڕووی موستەحەقاتی پارەکانەوە جیاوازییەکی زۆریان هەیە لەگەڵ ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا واژوو کرابوو، بە تەئکید لە ماوەی ئەو زەمەنە زۆرەی نێوان هەردوو ڕێککەوتنەکە، نرخەکان و تێچووەکان هەمووی گۆڕاون، جیاوازییەکان هەر لەسەر ئەمە نەوەستاون، داواکارییەکانی لایەنی تورکیا بۆ عێراق زۆرن و ئاستەمە عێراق پێیان ڕازی بێت، بەتایبەتی بابەتی لابردن و عەفوکردنی ئەو سزایەی کە بریتی بوو لە ١،٤ ملیار دۆلار کە لەلایەن دادگای ناوبژیوانانی پاریس لەسەر تورکیا لە ٢٣ی ئاداری ساڵی ڕابردوو سەپێندراوە، ئەمە وێڕای ئەوەی بۆ هەر

بەرمیلێک نەوت داوای ٧ دۆلاری کردووە، ئەمە لە کاتێکدا لە ڕێککەوتنی کۆنی نێوان عێراق و تورکیا تەنیا دوو دۆلار هەیە. ئالێرەدا تاکو ئێستا عێراق و تورکیا نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتنێک لەسەر لایەنە کارگێڕی و تەکنیکییەکانی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان، ئەمە لە کاتێکدا بۆریی نەوتی جەیهان ئامادەیە، بەڵام ڕێککەوتنە داراییەکە نەکراوە بەوەی چەند بدرێت بە تورکیا لە بەرانبەر بەڕێوەبردن و چاککردن و هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ بەندەری جەیهانی تورکی بە خزمەتگوزارییەکانی بەندەریشەوە، وەك کۆگاکردن و ئەمبارکردنی نەوت بۆ سەر کەشتییە بارهەڵگرەکانی نەوت.

**عێراق و تورکیا نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتنێک لەسەر لایەنە کارگێڕی و تەکنیکییەکانی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان**

*** باسی ڕێککەوتنی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵت کرد، بەوەی لێکتێگەیشتنی باش هەیە، بەڵام لە بابەتی موستەحەقاتی کۆمپانیاکانی نەوت نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتن، ئایا ئەم کێشەیە تاکەی بێ چارەسەر دەمێنێتەوە؟**

- موستەحەقاتی کۆمپانیاکانی نەوت کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن، بە یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت. جیاوازیی قووڵایی دەرهێنانی نەوت لە ٥٠ مەترەوە بۆ ١٠٠٠ مەتر دەبێت، ئەم جیاوازییەش تێچوونێکی جیاواز بەپێی قووڵایی چاڵە نەوتەکە و بارودۆخی جیولۆجیی نەوتیش لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازە، بۆیە لە بودجەی عێراقدا ئەو برە پارەیەی بۆ کۆمپانیاکانی بەرهەمێنانی نەوت دانراوە، بۆ هەر بەرمیلێك نەوت ١٢ دۆلارە و گواستنەوەشی ٧ دۆلارە، بەڵام ئەو برە بەپێی ئەو پارەیەی خەمڵێنراوە لە لایەن وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان، جیاوازییەکەی زۆر زیاترە بۆ دەرهێنان کە نزیکەی ٢٤ دۆلارە و بۆ گواستنەوەی بەرمیلێك نەوتیش ٨ دۆلارە، ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە حکومەتی عێراقیش بە ناوی مۆڵەتپێدان لە هەندێك کێڵگەی نەوت زۆر زیاترە و لە هەندێك کێڵگە تا ٣٠ دۆلار دەدرێتە دەرهێنانی نەوت، بۆیە لەمەدا دادپەروەرانە نەبووە کە بڕێکی کەم بۆ پێدانی پارە بۆ دەرهێنانی نەوت دیاری بکرێت، لە کاتێکدا لێرە دەرهێنان و گواستنەوەی نەوت تێچوونی زیاترە و بارودۆخەکە زیاتر تایبەتمەندێتی هەیە و ژێرخانی پیشەسازییش لاواز بووە، ئەمە وێڕای ئەوەی مەترسییەکان لێرە زیاترن. خۆشبەختانە هەردوولا ڕێککەوتنیان کردووە بەوەی دەبێت تەعدیلی ئەو برە پارەیە بکرێت، کە دەدرێت بە موستەحەقاتی کۆمپانیاکانی نەوتی هەرێمی کوردستان. گرفتەکە لێرەدایە ئەوەیە کە ئەو ماددەیە لە بودجەی گشتیی هەرێمی کوردستان جێگیر کراوە، پێویستی بە هەموارکردنەوەی یاسای بودجە هەیە.

*** چۆن دەبێت عێراق و هەرێمی کوردستان لە چاوەڕوانیی بابەتێکی وا هەستیار و گرنگدا بن؟ پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەی هەردوو حکومەتی عێراقی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتنیان نەکرد، بەوەی ئەو ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوتە کۆمپانیای سۆمۆ لە نێوخۆدا بەکاری بهێنن؟**

**ڕاوەستانی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە هەشت ملیار دۆلار زیانی بە هەردوو حکومەتی عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان گەیاندووە**

- ڕاوەستانی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە هەشت ملیار دۆلار زیانی بە هەردوو حکومەتی عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان گەیاندووە. هەر بەپێی یاسای بودجە پێویستە لە هەرێم ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم بهێنێت و لە نێوخۆدا بەکار بهێنرێت، لە هەمان کاتیشدا لە هەمان برگەی یاسای بودجەدا هاتووە، ئەگەر نەتوانرا ئەو برە نەوتەی هەرێم ڕەوانەی دەرەوە بکرێت، ئەوا ئەو برە نەوتە پێویستە وەزارەتی نەوتی عێراق لە نێوخۆدا بەکاری بهێنێت لە ڕێگای پاڵاوتگەکانی نێوخۆوە، بەڵام ئەمەش نەتوانرا جێبەجێ بکرێت، ڕاستە ماوەیەك هەرێمی کوردستان برە نەوتێکی بۆ عێراق دەکردە بەنزین و ڕەوانەی مووسڵی دەکرد، بەڵام نەتوانراوە ڕۆژانە ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوتەکە وەربگرن، ئەوەی توانراوە لە مانگی ٦ی ساڵی ڕابردووەوە ڕۆژانە ٨٠ هەزار بەرمیل نەوت وەربگرن، لەمەشدا موستەحەقاتی کۆمپانیاکان یەکلا نەکراوەتەوە، بۆیە موستەحەقاتی کۆمپانیا و پاڵاوتگەکە نەدەدرا. محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق دەڵێت، کێشەی کۆمپانیاکانمان هەیە و دەبێت چارەسەر بکرێت

و لە یاسای بودجە ئەو بڕە دەکرێت هەموار بکرێتەوە، ئەمەش کێشەیەکی دیکەیە، چونکە نەبوونی سەرۆك پەرلەمان ڕێگرە بۆ دانیشتن و هەموارکردنەوەی یاسای بودجە.

*** پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئەم هەموو لێدوانانە هەیە بۆ چارەسەری کێشەکە، بەڵام ئایا دەستێکی دەرەکی لە پشت ئەجیندەی دروستکردنی ئاستەنگ و بەربەست نییە بۆ دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوت؟**

- هەر لە سەرەتای بڕیارە نادەستووری و نایاساییەکانی دادگای فیدراڵیی عێراق دژی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، تا جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنەکان و نزیکبوونەوەی هەردوو حکومەت، فاکتەری سیاسی و ئەجیندەی دەرەکی کاریگەری لەسەر جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتن و دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بووە، دروستکردنی ئەو ئاستەنگ و بەربەستانە بە بەردەوامی ئەجندەی دەرەکی لە پشتەوەیە، ئەگینا ئەو زیانە گەورەیە بە ئابووریی عێراق کە لە خودی یاسای بودجە ٤٩ ملیار دۆلار کورتهێنان هەیە، تا ڕاددەیەکی باش ناردنە دەرەوەی ئەم بڕە نەوتە بەشێکی گەورەی کێشەکەی بۆ چارەسەر دەکرا. لە لایەکی دیکەوە لەناو ڕێککەوتنی سیاسیی نێوان حزب و لایەنە سیاسییەکانی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، وردەکاریی چۆنیەتیی هەماهەنگی و دەرکردنی یاسای نەوت و گاز هەیە، ئەمەش لە بەرنامەی کابینە وەزارییەکەی سوودانی ئاماژەی پێ داوە و دواتر پەرلەمانی عێراق لە ٢٧ی ١٠ی ساڵی ٢٠٢٢ پەسەندی کرد.

*** دروستبوونی گرفت و ئاڵۆزی لە کەنداوی عەرەبی و دەریای سوور وەکو ئەوەی لەم ماوانەدا کەشتییەکی بارهەڵگری نەوتی عێراق لەلایەن ئێرانەوە دەستی بەسەردا گیرا، گرفت بۆ ڕێڕەوە ئاوییەکان دروست دەکات، ئایا عێراق پێویستی بە ڕێگەی بەدیلی بۆریی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ بەندەری جەیهان لەسەر دەریای ناوەڕاست نییە؟**

- بەڵێ، کەشتییەکی نەوت هەڵگری ئەمەریکی کە نەوتی عێراقی بار کردبوو، لەلایەن هێزە دەریاییەکانی ئێرانەوە دەستی بەسەردا گیرا، ڕۆژانەش ئاڵۆزییەکانی دەریای ناوەڕاست دەبینین، بە ناچاری ڕێڕەوە ئاوییەکانی دیکەی زۆر دوور بەکار دەهێنرێت و خەرجی و تێچووەکانی زۆر دەبێت، بۆیە ڕێگای ئاڵۆزییەکانی دەریای سوور عێراق ناچار دەکات بە ڕێگەی بەندەری جەیهان کار بکات، کە توانای یەك ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردەی ڕۆژانە هەیە، نەوەکو تەنیا ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوت.

**کەشتییەکی نەوت هەڵگری ئەمەریکی کە نەوتی عێراقی بار کردبوو، لەلایەن هێزە دەریاییەکانی ئێرانەوە دەستی بەسەردا گیرا**

*** ئەگەر ئەم ئاستەنگ و بەربەستانە و فاکتەری ئەجیندەی دەرەکی بەردەوام بێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان چ ڕێگا و چارەسەرێکی دیکەی لەبەردەستدا دەبێت؟**

- لە هەموو حاڵەتێکدا بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان وێڕای تێبینی و سەرنجەکانمان هەنگاوی دڵخۆشکەرن و دەکرێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی ناوخۆش هەنگاوی گەورە بنرێت، خۆشبەختانە هەرێمی کوردستان ئەم حیساباتانەی کردووە و ژمارەیەکی زۆری پاڵاوتگەی دامەزراندووە، ئەم پاڵاوتگانە توانای بەرهەمهێنانیان زۆرە، بۆیە بەرزکردنەوەی توانایان بۆ بەرهەمهێنانی بەنزین و گازوایل و نەوتی سپی و سووتەمەنییەکانی دیکە، داهات و قازانجێکی زۆری لێ دەکرێت، چونکە عێراق ڕۆژانە ٣،٤ ملیۆن بەرمیل نەوتی هەیە، کەچی هاوردەکاری ئەو سووتەمەنییانەشە، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ بەرزبوونەوە و پەرەپێدانی بەرهەمهێنانی غازی سرووشتی، من زانیاریم هەیە، پاڵاوتگەکانی هەرێم توانای پاڵاوتنی تا ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانەیان هەیە و ئەو ١٥٠ هەزار بەرمیل نەوتەی دەمێنێتەوە، دەکرێت بۆ پاڵاوتگەکانی دیکەی عێراق بەکار بهێنرێت، بۆیە زیادکردنی بەرهەمهێنانی پاڵاوتگەکان لەگەڵ بوونی کێشەی دابینکردنی بەنزین و سووتەمەنییەکان بۆ ئێمە هەلێکی باشە و بە قازانجێکی زیاتر دەتوانین سوود لەو بڕە نەوتەی بەرهەم دەهێنرێت، وەربگرین، چونکە گەورەترین پاڵاوتگەی عێراق لە بێجی ئەگەر چاکیش بکرێتەوە بە توانای ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوت نابێت، تەنیا ١٠٠ هەزار بەرمیل نەوت دەپاڵێوێت.

**عێراق ڕۆژانە ٣،٤ ملیۆن بەرمیل نەوتی هەیە، کەچی هاوردەکاری ئەو سووتەمەنییانەشە**

ستروان ستیڤێنسۆن ئەندامی پێشووی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا بووە و نوێنەرێتیی سکۆتلەندای دەکرد لە نێوان ساڵانی (١٩٩٩-٢٠١٤)، و سەرۆك شاندی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا بوو بۆ پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراقدا لە ساڵانی (٢٠٠٩-٢١٠٤) و سەرۆکی گرووپی دۆستانی ئێرانی ئازاد بووە لە ساڵانی نێوان (٢٠٠٤-٢٠١٤). هەروەها سەرۆکی لیژنەی بەدیهێنانی دادپەروەرییە بۆ پاراستنی ئازادییە سیاسییەکان لە ئێران و، ڕێکخەری هەڵمەتی گۆڕانکارییە لە ئێران. وانەبێژی نێودەوڵەتییە لە بارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ئێستادا سەرۆکی کۆمەڵەی ئەورووپیی ئازادیی عێراقە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەست بوون بە هۆکار و پاڵنەرەکانی هێرشکردنی ئەم دواییەی ئێران بۆ سەر شاری هەولێر و، ئەگەری هەڵکشانی زیاتری بارودۆخ و پێشهاتەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

ستروان ستیڤێنسۆن
سەرۆکی لیژنەی بەدیهێنانی دادپەروەری بۆ پاراستنی ئازادییە سیاسییەکان، بۆ گوڵان:

# ئێران بە دۆخێکی ناوخۆیی لەرزۆکدا تێپدەپەڕێت و نمایشێکی نائومێدانەی هێز دەکات

## دیمانەی تایبەت



* سەرەتا دەمانەوێت لەو پرسیارەوە دەست پێبکەین، کە بۆچی ئێران بێ گوێدانە سەروەریی عێراق هێرشی کردە سەر شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان؟ ئایا هۆکار و پاڵنەرە سەرەکییەکانی ئەم هێرشە چی بوون؟**

- لە ڕاستیدا دەکرێت بڵێین کە لەسەر ئاستی بارودۆخی ناوخۆیی ئەوا ڕژێمی ئێران لە بارێکی تەواو لاواز و لەرزۆکدایە، کەواتە لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین، کە ئەولەوییەتی یەکەمی ئەم ڕژێمە پارێزگاریکردن و درێژەدانە بە دەسەڵات لە بەرانبەر کۆمەڵگەیەکدا کە لە کەف و کوڵدایە، لە هەمان کاتدا، دەبێت باس لەوەش بکەین، کە ئێران تووشی چەند گوزرێکی گەورە بووەتەوە لە ناوچەکەدا، وەك کوژرانی فەرماندەیەکی سەرەکیی حزبوڵڵای لوبنانی و ژەنەراڵە گەورەکانی سوپای پاسداران لە وڵاتی سووریا و فەرماندە باڵاکانی وەکیلەکانی لە عێراق لە بەغدا، و هێرشەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا بۆ سەر حوسییەکانی یەمەن. کەواتە لەم ڕووەوە ئێران هەوڵێکی بێئومێدانە دەدات بۆ نمایشکردنی بەتاڵی توانا و ماسوولکە سەربازییەکەی. ئێمە دەزانین کە هەمیشە ئایەتوڵڵا خامنەئی و سەرۆکی وڵات ئیبراهیم ڕەئیسی، و فەرماندە باڵاکانی سوپای پاسداران بە خۆهەڵکێشانەوە باس لە کاردانەوە و وەڵامدانەوەی توند دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوان خۆیان لە مەترسی دەپارێزن و دەیانەوێت خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لابدەن، چونکە دەزانن هیچ دەرفەتێکی بردنەوەیان

**ئێران تووشی چەند گوزرێکی گەورە بووەتەوە لە ناوچەکەدا، وەک کوژرانی فەرماندەیەکی سەرەکیی حزبوڵڵای لوبنانی و ژەنەراڵە گەورەکانی سوپای پاسداران لە وڵاتی سووریا**

**ئەو ڕاستییەی کە ئەم جارە حکومەتی عێراق سەرکۆنە و سەرزەنشتی ئەم هێرشانەی سەر هەولێری کرد و مەسەلەکەی بردە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، خۆی لە خۆیدا پەرەسەندنێکی پێشبینی نەکراو بوو**

**سوپای عێراق لە بارێکدا نییە کاری تۆڵەسەندنەوە ئەنجام بدات، بە چەشنی ئەوەی پاکستان لە دژی ئێران ئەنجامی دا، بەڵام ڕوونە کە دەسەڵاتدارانی ئێران پێشبینیی ئەوەیان نەکرد، کە عێراق کاردانەوەیەکی لەم چەشنەی هەبێت**

**پێویستە سیاسەتێکی توندتر بەرانبەر ئێران بگیرێتەبەر، کە هاوشان بێت بە ڕێکاری سزادان بۆ ئەوەی ڕۆژئاوا جددییەتی خۆی بۆ ڕژێمەکە بخاتەڕوو**

**دەبێت یەکێتیی ئەورووپا و بەریتانیا سوپای پاسداران بخەنە لیست و خانەی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە و سزای زیاتریان بە سەردا بسەپێندرێت**

نییە لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی لەم چەشنەدا، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە ماڵێکیان لە شاری هەولێر کردە ئامانج، کە ئاشکرایە ئەم ماڵە هیچ بەهایەکی تاکتیکی و ستراتیژیی بۆ ئێران نییە.

*** زۆر باس لەوە دەکرێت کە عێراق لە بارێکدا نییە کە بتوانێت بەرگری لە خۆی بکات لە بەرانبەر ئەو پێشێلکارییانەی ڕووبەڕووی سەروەری و سەربەخۆیی وڵاتەکەی دەبێتەوە. هەرچۆنێک بێت لە هێرشەکانی ئەم دواییەی ئێران بۆ سەر هەولێر، جۆرێک لە هەڵوێستی جیاوازمان بینی، ئەگەرچی دەگوترێت لە ئاستی پێویستدا نەبوو، دید و تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ئەوە ئاشکرایە کە لە دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، ئەوا تێکڕای حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، (حکومەتەکەی ئەیاد عەلاوی لێ دەرچێت)، ملکەچی دەسەڵاتداران و حوکمڕانانانی ئێران بوون، کەواتە ئەو ڕاستییەی کە ئەم جارە حکومەتی عێراق سەرکۆنە و سەرزەنشتی ئەم هێرشانەی سەر هەولێری کرد و مەسەلەکەی بردە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، خۆی لە خۆیدا پەرەسەندنێکی پێشبینی نەکراو بوو، خۆ ئەگەر ئەمە شتێکمان پێ بڵێت، ئەوا ئاماژەیە بەوەی کە تەنانەت عێراقیش دەرکی بەوە کردووە کە ڕژێمی ئێران زۆر لاوازە و بێئومێدانە هەوڵی نمایشکردنی هێز و توانای خۆی دەدات. بە دڵنیاییەوە سوپای عێراق لە بارێکدا نییە کاری تۆڵەسەندنەوە ئەنجام بدات، بە چەشنی ئەوەی پاکستان لە دژی ئێران ئەنجامی دا، بەڵام ڕوونە کە دەسەڵاتدارانی ئێران پێشبینیی ئەوەیان نەکرد، کە عێراق کاردانەوەیەکی لەم چەشنەی هەبێت.

*** ئەوە ئاشکرایە کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئیدانەیەکی بەربڵاو هەبوو بۆ ئەم هێرشانە، بەڵام ئایا پێت وایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بتوانێت ڕێگری لە ئێران بکات بۆ ئەوەی هێرشی هاوشێوەی دیکە لە ئایندەدا دووبارە نەکاتەوە؟**

- لە ڕاستیدا من گومانم هەیە لەم ڕووەوە، چونکە وتە و لێدوانەکان بە تەنیا نەبوونەتە هۆکاری بەرپەرچدانەوەی ئەم ڕژێمە لە ئەنجامدانی کارە خراپەکانی لە ناوچەکەدا، هەروەها نەبووەتە هۆکارێک بۆ ڕاگرتنی پێشێلکارییە زەقەکانی مافەکانی مرۆڤ، لە نێویاندا زیادبوونی بەرچاوی ڕێژەی لەسێدارەدان لە وڵاتەکەدا، کەواتە پێویستە سیاسەتێکی توندتر بەرانبەر ئێران بگیرێتەبەر، کە هاوشان بێت بە ڕێکاری سزادان بۆ ئەوەی ڕۆژئاوا جددییەتی خۆی بۆ ڕژێمەکە بخاتەڕوو، هەروەها دەبێت ئەو سزایانەی لە ئارادان جێبەجێ بکرێن، دەبێت یەکێتیی ئەورووپا و بەریتانیا سوپای پاسداران بخەنە لیست و خانەی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە و سزای زیاتریان بە سەردا بسەپێندرێت. هەروەها دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئامادە بێت بۆ دانپێدانان بە مافی گەلانی ئێراندا بۆ ئەوەی بە هەموو شێوەیەک ڕووبەڕووی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمەکە ببنەوە. دەبێت دەسەڵاتدارانی ئێران کە دەستیان سوورە بە خوێنی بێتاوانەکان، ئەو وتە بەنرخەی سەرۆکی ئەمریکا (جۆن کەنەدی)یان لە یاد بێت، کە گوتی: «ئەوانەی ڕێگری لە شۆڕشی ئاشتیخوازانە دەکەن، دەبێت چاوەڕێی هەڵگیرسانی شۆڕشێکی توندوتیژانە بکەن».

*** بە شێوەیەکی گشتی پێت وایە ئێران سوودمەندی یەکەم بێت لەو بارودۆخەی لە ئێستادا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتووەتە ئاراوە، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای بە تەواوەتی سەرقاڵ کردووە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیدارە بە حوسییەکانەوە؟**

- ئەگەر لە ڕووی تاکتیکییەوە لە مەسەلەکە بڕوانین، ئەوا بەڵێ، بەڵام ئەگەر لە ڕووی ستراتیژییەتەوە هەڵسەنگاندن بۆ هەلومەرجەکە بکەین، ئەوا چارەنووسی ئێران دۆڕان دەبێت، چونکە بارودۆخەکە بەو شێوەیەی کە بینیومانە بەردەوام نابێت و درەنگ، یان زوو دەبێت ڕۆژئاوا بڕیارێک بدات لە بارەی ئەو ڕێچکەیەی دەیگرێتەبەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تاراندا. بە دڵنیاییەوە ڕێچکەی ئاشتەوایی سەرکەوتوو نەبووە، دواتر دەبێت ئەوەش نادیدە نەگرین، کە گەلانی عەرەبیش پشت لە ڕژێمی ئێران دەکەن، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتدارەکانی دروشمی بەتاڵ



بەرز دەکەنەوە و، ئەو سیاسەتەی گرتوویانەتەبەر زیانبەخش بووە بۆ دۆزی فەلەستین.

*** ئەگەر پێشهاتەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو هەڵکشانی زیاتر بچن و پەرەسەندنەکان زیاتر بە ئاراستەی پێکدادانیدا بڕۆن، ئایا دەکرێت پێشبینی دۆخێك بکەین، کە تێیدا ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێراندا بێتە ئاراوە؟ ئەگەر ئەمە ڕوو بدات، ئایا ناوچەکە چی بەسەر دێت؟**

- من دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە خودی خامنەئی هەوڵی ئەوە دەدات بە هەر نرخێك بێت تووشی ناکۆکی و پێکدادانی ڕاستەوخۆ نەبێتەوە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەو خۆی چەندین جار و لە چەندین بۆنەدا ئەمەی دووپات کردووەتەوە، بەتایبەتی کە ئەو ڕاستییە باش دەزانێت، کە ڕژێمەکەی بە هیچ شێوەیەك براوەی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە نابێت. دواتر من پێم وایە ڕەوتی ڕووداو و پێشهاتەکانی پاشەڕۆژ پتر بەند نییە بەو کردارانەی کە ڕژێمی ئێران دەیگرێتەبەر، بەڵکو زیاتر پەیوەستە بەوەی کە خودی ڕۆژئاوا، لە نێویاندا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تا چەند ئامادەن بۆ گرتنەبەری هەڵوێستێکی سەخت و توند لە دژی دەستدرێژیکارییەکانی تاران.

*** کەواتە بە بۆچونی ئێوە باشترین شێوازی مامەڵەکردن چییە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بیگرێتەبەر لە ئاست پێشهاتەکانی ناوچەکە و خودی ئێراندا؟**

- بە تێڕوانینی من باشترین سیاسەتێك کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بیگرێتەبەر، بریتییە لە هاوهەڵوێستی لەگەڵ گەلانی ئێران و ددانپێدانان بە ئۆپۆزیسیۆنی ڕێکخراوی ڕژێمەکە، کە بریتییە لە ئەنجومەنی نەتەوەیی موقاوەمەی ئێران، کە هەوڵی هێنانەئارای کۆمارێکی دیموکراتی و عەلمانی دەدات.

**خودی خامنەئی هەوڵی ئەوە دەدات بە هەر نرخێک بێت تووشی ناکۆکی و پێکدادانی ڕاستەوخۆ نەبێتەوە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا**

**باشترین سیاسەتێک کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بیگرێتەبەر، بریتییە لە هاوهەڵوێستی لەگەڵ گەلانی ئێران و ددانپێدانان بە ئۆپۆزیسیۆنی ڕێکخراوی ڕژێمەکە**

دیمانەی تایبەت



**پڕۆفیسۆر کریستۆفەر جەی فێتەوێس**

پڕۆفیسۆری بەشی زانستی سیاسییە لە زانکۆی تۆلەین، بۆ گوڵان:

# هێرشە مووشەکییەکانی ئێران ڕووداوێک بوون نابێت دووبارە ببنەوە

کریستۆفەر جەی فێتەوێس، پرۆفیسۆری بەشی زانستی سیاسییە لە زانکۆی تۆلەین، تایبەتمەند و وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە وەك سیاسەت و ستراتیژیەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئاسایشی نێودەوڵەتی، سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چەکی کۆمەڵکوژ، پێشتریش وانەبێژ بووە لە چەند زانکۆیەکی بەناوبانگ و ئاستبەرزی وەك زانکۆی جۆرج واشنتۆن و زانکۆی ویلایەتی ئۆهایۆ، هەروەها خاوەنی چەندین توێژینەوە و کتێبە لە بواری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە تیشکخستنەسەر هێرش و پێشێلکارییەکانی ئەم دواییەی ئێران لە دژی سەروەریی عێراق و هێرشکردنەسەر هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان.

* هەروەك ئاشکرایە کە لە ئێستادا بارودۆخێکی پڕ لە شەڕ و گرژی و ئاڵۆزی باڵی بەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشاوە، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە لەبری ئەوەی کار بۆ هێورکردنەوەی هەلومەرجەکە و سنووردارکردنی بارگرژییەکان بکرێت، ئەوا بە پێچەوانەوە هەندێ لە دەوڵەتانی ناوچەکە هەندێ کردار ئەنجام دەدەن، کە هێندەی دیکە دۆخەکە ئاڵۆز دەکەن، بەتایبەتی هێرشەکانی ئەم دواییەی ئێران بۆ سەر پاکستان و سووریا و عێراق، لێرەدا دەمانەوێت بە دیاریکراوی پرسیاری ئەوە بکەین کە بۆچی ئێران هەولێری کردە ئامانج؟

- لە ڕاستیدا ڕەنگە چەندین هۆکار و پاڵنەر هەبن لە بارەی ئەم هێرشانەی دوایی کە ئێران ئەنجامی دان، کە ڕەنگە بۆ من ڕوون نەبن و پێیان ئاشنا نەبم، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی من لەم ڕووەوە دەتوانم ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە ئەم کردار و پەلامارانەی ئێران ئەنجامی دان، لە دوای ئەو هێرشانەوە بوون کە کرانە سەر ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی پرسەی قاسم سلێمانی، چونکە ئەوە بوو، ئێران دوای ئەو تەقینەوانەی کە لە مەزاری قاسم سلێمانی ڕوویان دا، هێرشی کردە سەر چەند لایەك، بەڵام ئەوەی بە دڵنیاییەوە دەتوانم بیڵێم، ئەوەیە کە ئەمە بۆ پیشاندانی هێز و توانا و ئیرادەی وڵاتەکە بوو، بۆ جەماوەری ناوخۆی.

* زۆر باس لەوە کراوە کە عێراق لە بارێکدا نییە کە بتوانێت سەروەریی خۆی بپارێزێت و، بەرەنگاری ئەو ئالنگارییە ئەمنی و دەرەکییانە ببێتەوە، کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بە چەشنێك کە لە ئێستادا ئەم وڵاتە بە ئاشکرا بووەتە گۆڕەپانی ڕکابەریی نێوان ئێران و ویلایەتە

**ئەگەر من لە جێی بەغدا و دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە بوومایە، ئەوا کاری لە پێشینە و ئەولەوییەتم هەوڵدان دەبوو بۆ ئەوەی کارێک بکەم کە بازنەی هەڵکشانی توندوتیژییە هەرێمایەتییەکە ڕابگرم و بیوەستێنم**




**یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەر چۆنێك بێت لەبارەی هێرشەکانی ئەم دواییەی ئێرانەوە حکومەتی عێراق هەڵوێستێکی جیاوازتری هەبوو بەراورد بە هەڵوێستەکانی پێشووی، لەم ڕووەوە چۆن لە کاردانەوەکەی حکومەتی عێراق دەڕوانن؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بەم پرسەوە، ئەوا ئەگەر من لە جێی بەغدا و دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە بوومایە، ئەوا کاری لە پێشینە و ئەولەوییەتم هەوڵدان دەبوو بۆ ئەوەی کارێك بکەم کە بازنەی هەڵکشانی توندوتیژییە هەرێمایەتییەکە ڕابگرم و بیوەستێنم. واتە بە ئاقار و ئاراستیەکدا کار و کۆششم دەکرد کە نەکەومە نێو چەقی ئەم گێژەن و تەنگژەیەوە. هەرچۆنێك بێت، ناتوانم لەوە دڵنیا بم کە ئایا بڕیاربەدەستانی عێراق هاوڕا دەبن لەسەر ئەوەی ئەم پرسە بکەنە ئەولەوییەت و کاری لە پێشینەی خۆیان یان، نا.

*** ئەگەر بێینە سەر هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەبارەی ئەم هێرش و پێشێلکارییانەوە، ئەوا ئەوەی بەدی کرا، ئیدانە و ڕەتکردنەوەیەکی بەربڵاوی ئەم دەستدرێژکارییانە بوو، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە هێشتا مەترسیی دووبارەبوونەوەی ئەم هێرش و پێشێلکارییانە لە ئارادان، کەواتە ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەیەوێت، یان دەتوانێت کارێك بکات کە ڕێگری لە ئێران بکات، بۆ ئەوەی لە ئایندەدا جارێکی دیکە پەلاماردانی لەم شێوەیە دووبارە نەکاتەوە؟**

- من نامەوێت پێشبینی بکەم، بەڵام ئەگەر سەرکێشی بکەم و مەزەندەیەك بکەم لەم ڕووەوە، ئەوا دەڵێم ئەم هێرشانە سەرەتا و دەستپێکی هەڵگیرسانی ناکۆکییەکی بەربڵاو و بەرفراوان نەبوون، بەڵکو تەنیا ڕووداوێك بوو، بەڵام ڕووداوێك بوو کە نابێت دووبارە بکرێتەوە، کەواتە لەم ڕوانگەیەوە دەتوانم بڵێم، کە ئەگەر من لە پێگەیەکدا بوومایە و ڕاسپاردەم هەبووایە بۆ سەرکردەکانی هەولێر، ئەوا پێشنیاری ئەوە دەکەم کە دەست بۆ تۆڵەکردنەوە نەبەن، ئەمە وەك هەڵچوونێك وایە، کە ئەگەر لێی گەڕێی خۆی خاو دەبێتەوە و دەنیشێتەوە.

*** ئەگەر تێکڕای ئەو بارودۆخەی ئێستای ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەرچاو بگرین، کە چەندین ناکۆکی لەخۆ دەگرێت و چەندین ڕەهەندی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی هەیە، ئایا دەتوانین لەم ڕووەوە بڵێین کە ئەو هەلومەرجەی هاتووەتە ئاراوە بە شێوەیەکی سەرەکی خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئێران دەکات، واتە ئێران براوەی ئەم بارودۆخەیە؟**

- لە ڕاستیدا من پێم وانییە ئەو هەلومەرجەی ئێستا لە ئارادایە، یان ئەو ناکۆکی و شەڕەی هاتووەتە ئاراوە زیان بە ئێران بگەیەنێت، یان سوود و قازانجی پێ بگەیەنێت، چونکە من

**ڕاسپاردەم بۆ سەرکردەکانی هەولێر ئەوەیە دەست بۆ تۆڵەکردنەوە نەبەن، ئەمە وەک هەڵچوونێک وایە، کە ئەگەر لێی گەڕێی، خۆی خاو دەبێتەوە و دەنیشێتەوە**

**باوەڕم وایە ئێرانیش بە چەشنی هەموو لایەک تووشی سەرسوڕمان بوو لە بەرانبەر ئەو هێرشانەی کە بزووتنەوەی حەماس لە دژی ئیسرائیل ئەنجامی دان**




باوەڕم وایە ئێرانیش بە چەشنی هەموو لایەك تووشی سەرسوڕمان بوو لە بەرانبەر ئەو هێرشانەی کە بزووتنەوەی حەماس لە دژی ئیسرائیل ئەنجامی دان. هەروەها من پێم وایە ئێران هێندە کۆنترۆڵی نییە لە بەرانبەر هاوپەیمانە هەرێمایەتییەکانی، بەو چەشن و ئەندازەیەی کە زۆر کەس لە نێو وڵاتانی ڕۆژئاوادا مەزەندەی دەکەن و لێکدانەوەی بۆ دەکەن، چونکە ئەمانە کاراکتەری سەربەخۆن، کە ڕاستە گوێ بۆ ئێران دەگرن و پەیوەندییان هەیە لەگەڵیدا، بەڵام مەرج نییە کە شوێنکەوتەی ئامۆژگارییەکانی ئێران بن، یان پابەند بن بە فەرمانەکانیەوە. کەواتە ئەگەر بە پوختی وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە، ئەوا ئەگەر ئەم تەنگژە توندوتیژەی ئێستا بە ئاراستەی یەکلابوونەوەیەکی ئاشتییانە پەرە بستێنێت، ئەوا ناتوانین بڵێین ئێران لە دۆخێکی باشتر، یان خراپتردا دەبێت.

*** ئەگەر لە هەر بازنەی مەزەندە و پێشبینییەکاندا بمێنینەوە، ئایا ئەگەر بارگرژی و ناکۆکی و کێشەکانی ئەم ناوچەیە بەردەوام بن و پێشهاتەکان بە ئاراستەی هەڵکشانی زیاتردا بڕۆن، پێشبینی ئەوە ناکەن کە ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تووشی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازی ببنەوە؟ ئایا پێت وایە خواستی ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوە بێت کە دۆخەکە بەم ئاقارەدا ببات؟**

- نەخێر، من پێم وایە ئەوەی لە ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ئەو بارودۆخەی هاتووەتە ئاراوە ئیحتیوا بکرێت و ڕێگری بکرێت لە هەڵکشانی زیاتری بارگرژی و ناکۆکییەکان، هەرچەندە لە ئێستادا ئەمریکا هێرش دەکاتە سەر بزووتنەوەی حوسییەکان لە یەمەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێم وانییە ئەمە گۆڕانکاری لە ئەولەوییەتی ئەم ئیدارەیەدا بکات، لە هەمان کاتدا ئاماژەیەك بەدی ناکەم بۆ ئەوەی ئێران بیەوێت بارودۆخەکە بەرەو هەڵکشان بچێت.

*** ئایا پێتان وایە ئەو شەڕەی لە ئێستادا لە غەززە لە ئارادایە بەرفران ببێت و شەڕێکی هەرێمایەتیی بەرفراوان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بێتە ئاراوە، بە چەشنێك کە ئەمریکا و هێزە جیهانییەکانی دیکە تێوەبگلێن؟**

- نەخێر، من پێشبینی ئەوە ناکەم کە شەڕێکی بەربڵاو و بەرفراوان ڕوو بدات و هەڵبگیرسێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئاماژە بەوەش بکەم کە من پێشبینی ڕوودانی ئەو شەڕەش ناکەم کە لە ئێستادا لە ئارادایە و بەردەوامە، کەواتە کێ دەزانێت، چونکە ئەگەر جارێکی دیکە دۆناڵد ترەمپ جڵەوی دەسەڵات بگرێتە دەست لە کۆشکی سپی، ئەوا ئەو کاتە هەموو مەزەندە و پێشبینییەکان گۆڕانکارییان بە سەردا دێت.

**هەرچەندە لە ئێستادا ئەمریکا هێرش دەکاتە سەر بزووتنەوەی حوسییەکان لە یەمەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێم وانییە ئەمە گۆڕانکاری لە ئەولەوییەتی ئەم ئیدارەیەدا بکات**

**ئەگەر جارێکی دیکە دۆناڵد ترەمپ جڵەوی دەسەڵات بگرێتە دەست لە کۆشکی سپی، ئەوا ئەو کاتە هەموو مەزەندە و پێشبینییەکان گۆڕانکارییان بە سەردا دێت**



گەیلان حاجی سەعید
سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی هەولێر بۆ گوڵان :

# ئامانجی پەلاماری مووشەکی بالیستی و درۆنەکان ڕاگرتنی گەشەی ئابووریی هەرێمی کوردستانە

# بایکۆت تەنیا بۆ سەرکۆنەکردن نییە، بەڵکو سەرەتایەکە بۆ پەرەپێدانی بەرهەمی ناوخۆیی

## بۆ پاڵپشتیی جووتیارانی کورد و ساخکردنەوەی بەرهەمی کارگەکان، داوا لە هاونیشتمانیان دەکەم ڕوو لە بەکارهێنانی بەرهەمی ناوخۆیی بکەن

**کەرتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەولێر بە یەکێك لە کەرتە گرنگەکانی ئابووری پارێزگاکە و هەرێمی کوردستان دادەنرێت، ئەم دوو بوارە لە پارێزگاکە و لە ماوەی ڕابردوودا گەشەی فراوانی بە خۆیەوە بینیوە. خەڵکی پارێزگای هەولێر و ناو سەنتەری شاری هەولێر پەیوەندییەکی باش و فراوانیان لەگەڵ هاوپیشە و توێژی بازرگانان و پیشەسازیکارانی ناوچەکانی دیکەی عێراق و دەوروبەردا هەبووە، بەمەش ئاڵوێری بازرگانی و پیشەسازی تادێت زیاتر ڕوو لە گەشەکردن دەکات. زۆر لایەنی سیاسی و میلیشیا و وڵاتان لە ناوچەکەدا حەز لەم پێشکەوتنانە ناکەن، ئەوەتا بە مووشەکی بالیستیکی و درۆن هێرش دەکەنە سەر خەڵکی سڤیلی هەولێر. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار بە پەرەپێدانی کەرتەکانی بازرگانی و پیشەسازی لە پارێزگای هەولێر، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ گەیلان حاجی سەعید سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی هەولێر ساز دا .**

*** با سەرەتای پرسیارەکەمان لەوەوە دەست پێبکەین، وەکو سەرۆکێکی نوێی هەڵبژێردراوی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی هەولێر، ئایا دیدگە و ستراتیژیەتێکی نوێی کارکردنتان هەیە بۆ خزمەتکردنی بازرگان و پیشەسازیکارانی پارێزگاکە؟**

- بازرگان و پیشەسازیکار و کاسبکاران لە پایتەختی هەرێمی کوردستان توێژێکی فراوان و دەوڵەمەندن و، کاریگەرییان نەك تەنیا لەسەر ڕەوشی ئەم کەرتانە و باروبژێوی ژیانی خەڵکی و بەدەستهێنانی زۆرترین هەلی کار هەیە، بەڵکو کاریگەریی زۆر بەهێزیان لەسەر ئابووریی هەرێمی کوردستان و عێراق و تەنانەت وڵاتانی دەوروبەریش هەیە، ئەوەتا تا دێت قەبارەی ئاڵوێری بازرگانی لەگەڵ عێراق و وڵاتانی دراوسێ ڕووی لە زیادبوون کردووە، لەولاشەوە کەرتی پیشەسازی وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆوە بینیوە، خۆشبەختانە لەم چەند ساڵەی دواییدا دوای تێپەڕبوونی شوێنەوارە خراپەکانی کۆرۆنا و گەمارۆی ئابووری و بڕینی بودجە و وشکەساڵی، توانراوە ژمارەیەکی زۆری کارگەکان بەگەڕ بخرێنەوە و بەرهەمی ناوخۆ ڕووی لە زیادبوون کردووە. بۆ ساخکردنەوەی ئەم بەرهەمە زیادەیە و هاندانی برا جووتیارەکانمان ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی بوێرانەی ناوە، بۆ دۆزینەوەی بازاڕ و ساخکردنەوەی بەروبوومەکانیان، ئەوەتا بۆ یەکەم جارە بەرهەمی نێوخۆی پارێزگاکەمان و زۆر پارێزگا و ناوچەی دیکەی کوردستان ڕەوانەی پایتەختەکانی وڵاتانی کەنداو و ئەوروپا کراون، بەمەش بەرهەمی کوردستان بووە براندێکی ناسراو لە ئاست کێبڕکێی براندە بەناوبانگەکانی جیهاندا. بازرگانی و پیشەسازی بەو پێیەی بە بناغەی ئابووری و گەشەی پارێزگاکەمان دادەنرێن و ژمارەیەکی زۆری هەلی کاری ڕەخساندووە. ڕێژەیەکی

**تا دێت قەبارەی ئاڵوێری بازرگانی لەگەڵ عێراق و وڵاتانی دراوسێ ڕووی لە زیادبوون کردووە**

**توانراوە ژمارەیەکی زۆری کارگەکان بەگەڕ بخرێنەوە و بەرهەمی ناوخۆ رووی لە زیادبوون کردووە**

**بۆ یەکەم جارە بەرهەمی نێوخۆی پارێزگاکەمان و زۆر پارێزگا و ناوچەی دیکەی کوردستان رەوانەی پایتەختەکانی وڵاتانی کەنداو و ئەوروپا کراون**

**دیدگە و ستراتیژیەتی ئێمە بەرەو گەشەکردنی بەرهەمی ناوخۆیی و جۆراوجۆرکردنی ئابووری، بەتایبەتی بەرەو کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاری دەچێت**

**پێشڕەو دزەیی سەرمایەدار و کەسایەتییەکی دیار و ئاشتیخوازی شاری هەولێر و ئەندامێکی کارای ژوورەکەمان بوو**

زۆری خەڵکی هەولێر پشتی بە کار و کاسبی و بازرگانی و پیشەسازی بەستووە، بۆیە لێرەدا دیدگە و ستراتیژیەتی ئێمە بەرەو گەشەکردنی بەرهەمی ناوخۆیی و جۆراوجۆرکردنی ئابووری، بەتایبەتی بەرەو کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاری دەچێت. ئێمە هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ ئەوەی لە ماوەی کارکردنی ئەم خولەی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی هەولێردا، زاڵ بین بەسەر تەحەددییەکاندا و هەنگاو بۆ بووژانەوەی هەردوو کەرتەکە بنێین. بەداخەوە هێرشەکانی ئەم دواییە و شەهیدکردنی پێشڕەو مەجید ئاغا دزەیی و منداڵەکەی و کوشتنی بازرگانە عێراقییەکە، دۆخەکەی بە ئاقارێکی خراپدا بردووە. پێشڕەو دزەیی سەرمایەدار و کەسایەتییەکی دیار و ئاشتیخوازی شاری هەولێر و ئەندامێکی کارای ژوورەکەمان بوو. ئەم هێرشانە زیانگەیاندنە بە پەیوەندیی لەمێژینەی دراوسێیەتی و زیانی گەورەی بە بەرژەوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی ئێران گەیاندووە، کە زەمەنێکی زۆرە ئێمەی کوردستانییان کار بۆ بەهێزکردن و پتەوکردنی دەکەین.

*** ئێوە لە یەکەمین هەڵوێستاندا بەرانبەر مووشەکبارانکردنی هەولێر و بەئامانجکردنی بزنێسکار و خەڵکی سڤیلی شارەکەتان، داوای بایکۆتی هێنان و بەکارهێنانی کاڵاکانی ئێران و هەڵپەساردنی سەرجەم پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانتان لەگەڵ ئەو وڵاتە کرد. پرسیار لێرەدا ئەوەیە تا چەند ئەم هەنگاوە دەچێتە قاڵبی فشارخستنە سەر ئێران بۆ ڕاستکردنەوەی پەیوەندییەکان و بەجێگەیاندنی ئەرکی دراوسێتی؟**

- کورد و سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان، هەرگیز ڕێگەیان بەخۆیان نەداوە، ببینە بەشێك لەو ململانێیەی نێوخۆ، کورد گەلێکی ئاشتیخواز و لێبووردەیە، هەولێرییەکان بەوە ناسراون، میللەتێکی ئاشتیخوازن و ڕێزی هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزا و خەڵکی لێقەوماو دەگرن. هەر پەناهەندە و ئاوارەیەك ڕێگەی بکەوێتە هەولێر جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە و لەم شارەدا نیشتەجێ دەبێت و خۆی بە هەولێری دادەنێت. ئەمە مێژوو سەلماندوویەتی، بەتایبەتی لەگەڵ گەلی کوردمان لە ڕۆژهەڵات و نەتەوەکانی دیکەی ئێران کە پەیوەندییەکی مێژوویی پێکەوەیان دەبەستێتەوە. دەزانن ئەو ئاڵوێرە بازرگانییەی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان کە ژووری بازرگانیی ئێران باسی لێوە دەکات، ساڵانە بە سێ ملیار دینار دەیخەملێنێت، ئاڵوێرێکی تاك لایەنەیە و زیاتر هاوردەیە و لە بەرژەوەندیی گەورە کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتەدایە، لۆرییە بارهەڵگرەکان بە پڕی دێن و بە بەتاڵی دەگەڕێنەوە دیوی ئێران، بە واتایەکی دیکە خەڵکی کوردستان زیاتر ئاڵوێری کەرتی بازرگانییەکەیان لە خزمەتی ئێراندایە، لە کاتێکدا وڵاتی جێگرەوە هەیە و بە کوالێتییەکی بەرزتر و باشتریش، هەرێمی کوردستان و پارێزگای هەولێر لە پێگەیەکی جوگرافیایی وا بەهێزدایە، دەتوانن لە ڕێگەی عێراق و بەندەری بەسرە و تورکیا و سووریاوە ببنە جێگرەوەی بەرهەمی ئێرانی و، سوود بە خەڵکی خۆمان بگەیەنین و هیچ نەبێت لە ئێستاوە کار بۆ بەرهەمهێنانی نێوخۆیی و پڕۆژە و کارگەی بچووك بکەین. ئەو گەنجە زۆرەی بە دوای کاردا دەگەڕێت، لە کێڵگەکانی کشتوکاڵی و کارگە و کارخانەکانی نێوخۆیی هەلی کاریان دەست بکەوێت، بەمەش نەك تەنیا خەڵکی بەشمەینەتی ئیدارە سەربەخۆکان و قەزا و ناحیە و گوندەکان هەلی کاریان دەست دەکەوێت، بەڵکو بە دەیان پیشەسازیی نێوخۆیش دەبووژێتەوە، بەشێك لەو هێرش و بۆردومانانە بۆ ئەوەیە کەرتی ئابووریی پارێزگای هەولێر و هەرێمی کوردستان بەگشتی لە گەشەکردن ڕابوەستێنن و پەلکێشمان بکەنە ناو ئاڵۆزییەکان و جەنگەکانی خۆیانەوە. خۆ ئەمە یەکەمین جار نییە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بە بیانووی جۆراوجۆر و دوور لە هەموو بنەما و پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان دەکەنە ئامانج و مافی دراوسێتی پێشێل دەکەن و، بە درۆن و مووشەك و برسیکردنی خەڵکی کوردستان هێرش دەکەنە سەرمان، لە کاتێکدا شاری هەولێر بە گەورەترین شار دادەنرێت بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمەکانیان، ئەم هێرشانە ناچاری کردین، چیتر بێدەنگ نەبین و داوامان لە بازرگانانی هەرێمی کوردستان و هاووڵاتیان بەگشتی کرد بایکۆتی هێنان و تەنانەت بەکارهێنانی کاڵا ئێرانییەکان بکەن.

*** باسی جۆراوجۆرکردنی کەرتە ئابوورییەکان**

**و بووژانەوەی بەرهەمی نێوخۆی کوردستانت کرد. ئایا دەتوانین لە ڕێگەی پڕۆژەی بچووك و هاندانی بزنێسکارەکانەوە بەرهەمی ناوخۆیی گەشە پێ بدەین؟**

- بەڵێ، دەتوانین، ئەوەتا بەرهەمی گۆشتی مریشك و هێلکە و گۆشتی سوور و پەتاتە و گەنم و جۆ و چەندین بەرهەمی دیکەی خۆماڵی زیادی کردووە، تەنانەت کار گەیشتووەتە ئەوەی دەبێت بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمی نێوخۆ ڕوو بکەینە بازاڕەکانی شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و، بگرە هەناردەی وڵاتانی دیکەی وەکو کەنداو و ئەوروپا بکرێن. ئەگەر لە کوردستان پاڵاوتگە و پیشەسازیی نەوت و کارگەی چیمەنتۆ و ئاسن نەبووایە، فشار و گەمارۆیەکی زۆریان لەسەر دادەنایین. دەبووایە لەبری ئەوەی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی تاران داوای شکاندنی بایکۆتی لێ بکردینایە، فشارەکان و گوتارەکەیان بە ئاراستەی داوای لێبووردن و قووڵکردنەوەی پەیوەندیی دراوسێتی و دۆستانەی گەلی کورد و فارس بکردایە. ئەوان خۆیان باس لە سێ ملیار دۆلار قەبارەی ئاڵوێری بازرگانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکەن، لەم سێ ملیارە چەندی بۆ ساغکردنەوە و هەناردەکردنی بەرهەمی کوردستان دەڕوات؟ بێگومان ئەوەندە کەمە هەر حیسابی بۆ ناکرێت. ئەوەتا تەرازووی بازرگانیی ئێمە زۆر لاسەنگە و بە قازانجی ئەوان دەشکێتەوە. چەند کۆمپانیای ئێرانی و کرێکار و کاسبکاری ئێرانی لەم هەرێمەی ئێمە کار دەکەن؟ لەلایەکی دیکەوە لە کاتی ڕیفراندۆمیشدا گەمارۆی ئابوورییان لەسەر هەولێر دانا، لە ئێستاشدا تورکیا و عێراق و سووریا و ئوردن و دەیان وڵاتی دیکەی کەنداو و ئەوروپا بەدیلی کاڵا و شمەکی ئەوانن. داوا لە هاووڵاتیانی کوردستان دەکەم، بۆ پاڵپشتیی جووتیارانی کورد و بەرهەمی کارگەکانی ناوخۆ و پشتگیریی بەدەستهێنانی زۆرترین هەلی کار بۆ جووتیارانی کورد، ڕوو لە بەکارهێنانی بەرهەمی ناوخۆیی بکەن، بۆ متمانەپێدانیش بە بەرهەمی ناوخۆ، داوا دەکەین خەڵکی خۆمان فێری دانانی مارکە و براندی تایبەت بە خۆیان بن، تاوەکو کڕیار متمانەی پێ بکات. ئەگەر هەرچی زووە پاڵپشتیی پیشەسازیی خۆراکی و بەرهەمی نێوخۆیی خۆمان نەکەین، ئەوا بەهۆی شەڕ و ئاڵۆزییەکانی جیهان و ناوچەکەوە کە تێچوون و بەهای خۆراکییەکان لە هەموو دونیادا ڕووی لە زیادبوون کردووە، زەرەرمەند دەبین.

*** هەنگاوی داهاتووی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی هەولێر چییە و، ئایا بەنیاز نین پەیوەندییەکانتان لەگەڵ وەزارەت و دەستە و فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی حکومەت و ژوورە بازرگانییەکانی شارەکانی عێراق و تورکیا بەهێز بکەن، بۆ خزمەتکردنی هەردوو توێژی بازرگانی و پیشەسازی؟**

- ئێمە دەزانین حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەردەم ئەرکێکی قورسدایە و بە بیانووی پاساوی جۆراوجۆر پشکی هەرێم لە بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستانیان دواخستووە. حکومەت هەموو ئەرك و پابەندبوونەکانی خۆی بەرانبەر ناوەند جێبەجێ کردووە. ژووری بازرگانی و پیشەسازی کە نوێنەرایەتیی ئەو توێژە فراوان و گەورەیە دەکات، داواکاری و ڕاسپاردەی خۆی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە. ئێمە لە قۆناغی داهاتوودا پەیوەندییەکانمان لەگەڵ وەزارەت و دامەزراوەکانی پەیوەندیدار بەهێزتر دەکەین و گرنگییەکی زیاتر بە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی پارێزگاکانی دیکەی عێراق دەدەین. داواکارین لە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئاسانکاری و هاوکاریی زیاتری بازرگانەکان و بەتایبەتی پیشەسازیکاران بکات لە ڕووی باج و ڕسومات و کرێی کارەباوە، هاوکات خێراکردن لە دامەزراندنی ناوچە پیشەسازییەکان گرنگیی لە ڕادەبەدەری بۆ ئێمە هەیە، دواجار کارکردن بۆ ئابووریی سەربەخۆ، لەمانەش هەمووی گرنگتر هوشیاریی خەڵکی کوردستانە بۆ گرنگیدان بە بەرهەم و بەروبوومی ناوخۆیی، چونکە کارێکی نیشتمانییە سوود بە هاونیشتمانییەکەی خۆت و خێزانەکەی بگەیەنیت، لە ڕێگەی کڕین و بەکارهێنانی بەروبوومەکەی، لەم هۆشیارییەشەوە هەموو چەمکەکانی ئاسایشی خۆراکی و ئاسایشی نەتەوەیی و ئابووریی سەربەخۆ و بونیادنانەوەی گوند و ناوچە دوورەدەستەکان و باشکردنی ژیانی هەژاران و ڕووبەڕووبوونەوەی نەیار و دوژمنانی کورد هەموان لە بایەخی بەرهەمی ناوخۆ تێدەگەن.

**هەرێمی کوردستان و پارێزگای هەولێر لە پێگەیەکی جوگرافیایی وا بەهێزدایە، دەتوانن لە ڕێگەی عێراق و بەندەری بەسرە و تورکیا و سووریاوە ببنە جێگرەوەی بەرهەمی ئێرانی**

**ئەم هێرشانە ناچاری کردین، چیتر بێدەنگ نەبین و داوامان لە بازرگانانی هەرێمی کوردستان و هاووڵاتیان بەگشتی کرد بایکۆتی هێنان و تەنانەت بەکارهێنانی کاڵا ئێرانییەکان بکەن**

**ئەگەر هەرچی زووە پاڵپشتیی پیشەسازیی خۆراکی و بەرهەمی نێوخۆیی خۆمان نەکەین، ئەوا بەهۆی شەڕ و ئاڵۆزییەکانی جیهان و ناوچەکەوە کە تێچوون و بەهای خۆراکییەکان لە هەموو دونیادا ڕووی لە زیادبوون کردووە، زەرەرمەند دەبین**

**پەیوەندییەکانمان لەگەڵ وەزارەت و دامەزراوەکانی پەیوەندیدار بەهێزتر دەکەین و گرنگییەکی زیاتر بە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی پارێزگاکانی دیکەی عێراق دەدەین**

مەحموود ڕەش
ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:

# چەکدارانی پەکەکە هاوشێوەی دوژمنەکانی کورد چاویان بە هەرێمی کوردستان و ئاشتی هەڵنایەت



■

**چەکدارانی پەکەکە لە هەموو بازگەکانیاندا لە باشووری کوردستان سەرانە وەردەگرن**

■

**پەکەکە بە پاڵپشتیی ڕژێمی سووریا ئەوەی خوا و مرۆڤ پێی ناخۆشە دژی کوردی ڕۆژئاوا کردوویانە**

**پەکەکە لەو کاتەوە دامەزراوە، نەیتوانیوە یەك بست لە خاکی کوردستان بەتایبەت لە باکوور ڕزگار بکات، لەو کاتەوەش پەلاماری هەرێمی کوردستانی داوە و چەند شوێنێکی وەك قەندیلی داگیر کردووە، بووەتە هۆی سەرئێشە و زەحمەتییەکی گەورە و، باوەڕیشی بە بیری نەتەوەیی و سەربەخۆیی کوردستان نییە. هەر سەبارەت بەو پرسە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار، گۆڤاری گوڵان ئەم دیمانەیەی لەگەڵ مەحموود ڕەش ئەندامی پێشووی پەکەکە ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

* ئایا باکووری کوردستان چیا و شاخ و دۆڵی سەختی نییە، کە پەکەکە بتوانن تێیدا بمێننەوە و شەڕی سوپای تورکیا بکەن، کە هاتوونەتە ناو سنووری هەرێمی کوردستان و چەند شوێنێکی وەك چیای قەندیل و دەڤەری دیکەیان داگیر کردووە و بوونەتە هۆکاری ئەوەی کە سوپای تورکیا پەلکێش بکەن بۆ چەندین شوێن و ناوچە لە سنووری باشووری هەرێمی کوردستان؟ بۆچی پەکەکە کاری چەکدارانە لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیان ناکەن؟

- سەرەتا هاوخەمی و نارەزایی خۆم بۆ مووشەکبارانی سەر پایتەختی هەرێمی کوردستان دەردەبڕم کە بۆ سەر ماڵ و خانەوادەیەکی دیار و سڤیلی گەلی کوردستان لەلایەن ئێرانەوە کرا. سەبارەت بە چەکدارانی پەکەکەش، نەك چەند ساڵە بەڵکو لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بۆمان دەرکەوت کە لە بەرنامە و پەیڕەو پڕۆگرامەکانی هەڵگری بیری نەتەوەیی و نیشتمانی و کوردستانی و سەربەخۆیی نییە، چونکە هەر پارت و لایەنێکی کوردستانی خاوەن بیری نەتەوەیی و کوردستانی بێت، دەبێت لە چوارچێوەی ڕێباز و بیر و عەقیدەی بارزانیی کۆببێتەوە، لەبەر ئەوەی بە درێژای مێژوو بۆ کورد و تەواوی گەلی کوردستان دەرکەوتووە، کە پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو بیر و عەقیدەیەی هەیە و خەمخۆری بووە و شۆڕشی لەپێناو ڕزگاریی کورد و گەلی کوردستان کردووە، بەڵام پەکەکە بەپێچەوانەوە جووڵاونەتەوە، ئەگینا باکووری کوردستان چەندین ناوچە و چیا و شاخ و ئەشکەوت و دۆڵی سەختی لێیە کە چەکدارانی پەکەکە دەتوانن لەو شوێنانە درێژە بە شۆڕشی خۆیان بدەن، کەچی بە فیت و دەستلەپشدانی دوژمنانی کورد و کوردستان هاتوون پەلاماری باشووری کوردستانیان داوە، بەمەش سوپای تورکیایان پەلکێش کردووە بۆ ناو هەرێمی کوردستان و لە ئەنجامی شەڕ و پێکدادانی نێوانیان، چەندین گوند و ناوچە چۆڵ کراون و دەستی ئاوەدانیی حکومەتی کوردستانیان پێ نەگەیشتووە و، ژمارەیەکی زۆری خەڵکی سڤیلی باشووری کوردستان بە بێ گوناح شەهید و بریندار بوون. پەکەکە زیاتر مەبەستی ڕاستەقینەی نانەوەی پشێوی و ناسەقامگیرییە بۆ هەرێمی کوردستان، سەرکردەکانیان مەرام و مەبەستیان لە هەموو پیلان و کارەکانیاندا دژی پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئەوان چاویان بەو قەوارە ئازاد و دیموکرات و ئاوەدان و سەقامگیرەدا هەڵنایەت و بە هاوشێوەی دوژمنەکانی کورد پیلان و کاری تێکدەرانە لە دژی ئەنجام دەدەن. بەتایبەت لەلایەن سەرکردە بەرژەوەندخوازەکانیان بۆ نموونە «عەباس و موراد قەرەیلان»، بەڵام بە حیکمەتی سەرۆك بارزانی وەك مەرجەعی گەلی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی قارەمانی کوردستان پیلانەکانی چەکدارانی پەکەکە لە دژی باشووری کوردستان نەهاتوونەتەدی.

* ئایا چەکدارانی پەکەکە ئێستا بارودۆخیان چۆنە و ڕێکخستن و جەماوەریان تا چەند لەگەڵ ماوە؟

- بارودۆخی پەکەکە بەگشتی لە هەموو لایەنێکەوە بەتایبەت لە ڕووی متمانەی جەماوەری و ڕێکخستنەکانی، هەروەها لە ڕووی دارایی و لۆجستییەوە زۆر خراپ بووە، چونکە بۆ ئێمە کە چەندین ساڵ تەمەنی

**باکووری کوردستان چەندین ناوچە و چیا و شاخ و ئەشکەوت و دۆڵی سەختی لێیە کە چەکدارانی پەکەکە دەتوانن لەو شوێنانە درێژە بە شۆڕشی خۆیان بدەن**

**بە حیکمەتی سەرۆك بارزانی وەك مەرجەعی گەلی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی قارەمانی کوردستان پیلانەکانی چەکدارانی پەکەکە لە دژی باشووری کوردستان نەهاتوونەتەدی**

**بارودۆخی پەکەکە بەگشتی لە هەموو لایەنێکەوە بەتایبەت لە ڕووی متمانەی جەماوەری و ڕێکخستنەکانی و هەروەها لە ڕووی دارایی و لۆجستییەوە زۆر خراپ بووە**



**ڕۆژانە چەکدارانی پەکەکە و ڕێکخستنەکانیان لێیان دوور دەکەونەوە، بە هۆی ئەوەی بۆیان ڕوون بووەتەوە پەکەکە تاقمێکی چەکداری ناشۆڕشگێڕ و دوور لە هزر و بیری نەتەوایەتی و کوردایەتین**

**ڕژێمەکانی ئێران و سووریا و حەشدی شەعبیی عێراقی هاوکاریی مووچە و لۆجستیکیی پەکەکە دەکەن**

**هەموو هاوکارییەکانی هەرێمایەتی و حەشدی شەعبیش بۆ چەکدارانی پەکەکە تەنیا بۆ تێکدان و نانەوەی ئاژاوەیە**

گەنجیی خۆمان لەناو ڕێکخستنەکانیان و چەکدارای لە چیا و شاخ بە زستان و سەرما و بە بێ نان و خواردن بەڕێ کرد، بۆمان دەرکەوت، پەکەکە ئەو بیر و هزر و شوێنە نییە کە ئێمە پێی هەڵخەڵەتابووین، بەڵکو لایەنێکی چەکدارییە بە دەستلەپشتدان و قسەی دوژمن و داگیرکەرانی کوردستان دەجووڵێتەوە، بۆیە دەرفەتمان وەرگرت و هاتینە باشووری کوردستان، بەتایبەت خۆمان لەناو ڕێبازی پیرۆزی بارزانیی باوك دیتەوە، ئەوەتا ڕۆژانە چەکدارانی پەکەکە و ڕێکخستنەکانیان لێیان دوور دەکەونەوە، بە هۆی ئەوەی بۆیان ڕوون بووەتەوە پەکەکە تاقمێکی چەکداری ناشۆڕشگێڕ و دوور لە هزر و بیری نەتەوایەتی و کوردایەتین و کار بۆ بەرژەوەندیی چەند کەس و وڵاتان دەکەن، بەتایبەت لە دژی هەرێمی کوردستان کە هەنگاوی باشی بڕیوە بۆ سەربەخۆیی، هەروەها چەند شەڕی خۆدۆڕانیان لە باکووری کوردستان ئەنجام داوە، کە بووەتە هۆی ئەوەی تەنیا ناوچە کوردستانییەکان لەدەستیان بچێت و خەڵك و دانیشتووانی باکووری کوردستان لە ڕووی مرۆیی و داراییەوە زیانێکی زۆریان بەرکەوێت، بە هۆی ئەم کار و کردەوانەشیانەوە پەکەکە جەماوەر و خەڵکێکی زۆریان لەدەست داوە، هەروەها لە دامەزراندنی پەکەکەوە تا دوو ساڵ پێش ئێستاکەش، مانگانە لەلایەن ڕێکخستنەکانیان و پەناهەندەکان لە هەموو شوێنێکی دونیا بەتایبەت لە وڵاتانی ئەورووپا پارەیەکی زۆریان بۆ کۆدەکرایەوە و بە دەستیان دەگەیشت، بەڵام لە ئێستادا ئەو هاوکاری و یارمەتییانەیان تا ئاستێکی زۆر کەم بووەتەوە، چەکدارانی پەکەکەش لەو کاتەوە هاتوونەتە ئەو شوێن و دەڤەرانەی باشووری کوردستان، سەرانە لەو کاسبکار و بازرگانانە وەردەگرن کە لە ناوچەکە هاتوچۆ دەکەن، بەتایبەت لەو خاڵ و بازگە نافەرمییانەی لە سنوورەکە هەیە. لەلایەکی دیکەوە ڕژێمەکانی ئێران و سووریا و حەشدی شەعبیی عێراقی هاوکاریی مووچە و لۆجستیکیی پەکەکە دەکەن. هەموو هاوکارییەکانی هەرێمایەتی و حەشدی شەعبیش بۆ چەکدارانی پەکەکە تەنیا بۆ تێکدان و نانەوەی ئاژاوەیە.

*** هۆکار چییە ماوەی زیاتر لە ساڵێکە دەبێت پەکەکە بەشێوەی گرووپی چەکداری بچووك لە چەندین شوێنی باشوری کوردستان بەتایبەت لە سنووری سلێمانی دەردەکەون؟**

- چەکدارانی پەکەکە لە سەروبەری ئەنجامدانی ڕیفراندۆمە مەزن و پیرۆزەکەی گەلی کوردستانەوە بوونەتە جاش و بەکرێگیراوی وڵاتانی دژ بە کورد، ڕیفراندۆم



بووە چەقڵی چاوی دوژمنان و سەرکەوتنێکی گەورە و زۆری بەدەست هێنا، بەڵام ئەو کارە خراپ و نارەواییانەی چەکدارانی پەکەکە لەو چەند ساڵەدا کردوویانە بریتین لە یەکەم: هەڵخەڵەتاندنی ژمارەیەك کچ و کوڕانی خوار تەمەنی(١٨) ساڵ و چەکدارکردنیان و دابڕانیان لە خێزانەکانیان. دووەم: بوونەتە هۆکار بۆ نانەوەی کێشە لەو شوێنانەی بۆی چوون و وەرگرتنی پارە و پێداویستیی دیکە بە ناوی هاوکاری و یارمەتییەوە. سێیەم: ئەو گرووپ و جووڵانەوەکانی چەکدارانی پەکەکە لەو شوێن و ناوچانەیی باشووری کوردستان بووەتە هۆی ئەوەی درۆنی سوپای تورکیا پەلکێش بکەن بۆ قووڵایی هەرێمی کوردستان کە درۆنەکانیش زیانی گیانی و دارایی بە خەڵکی ئەو ناوچانە گەیاندووە. چوارەم: لەگەڵ هێرشی حەشدی شەعبی و سوپای ئێران و چەندین هێز و لایەنی دیکە لە (١٦)ی ئۆکتۆبەر چەندین گرووپی چەکدارانی پەکەکەش بەشدار و هاوکاریان بوون، دژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە داگیرکردنی شاری کەرکووك و چەندین شوێنی دیکە.

*** ئەم کردەوانەی پەکەکە زۆر جار دەچنە قاڵبی تیرۆریستییەوە، ئایا کوڕان و کچانی گەریلا ئەم ڕاستییە نازانن؟**

- چەکدارانی پەکەکە جگە لەوەی دژی بنەماکانی مافی مرۆڤن لە قەدەغەکردنی چەکدارکردنی خوار تەمەنی پێگەیشتوو، لێرە و لەوێش کاری تەقاندنەوە و کوشتن ئەنجام دەدەن. لە کوردستانی ڕۆژئاوا ئەوەی خوا و مرۆڤ و کورد پێی ناخۆش بێت، ئەوان لە دژی کوردستانییانی ڕۆژئاوا کردوویانە و ڕژێمی سووریاش هاوکار و پاڵپشتی گەورە و بەهێزیانە، بەمەش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پەکەکە لە لیستی تیرۆر دادەنێت. پەکەکە هیچ کاتێك باوەڕ و مەنهەجی ئاشتی و گفتوگۆی لەگەڵ کەس نییە. ئەو پڕۆسەی ئاشتییەی سەرۆك بارزانی کاری زۆری بۆ کرد، تاوەکو بە دیالۆگ لەگەڵ حکومەتی تورکیا کوردی باکوور بگەنە ئامانج و دەرفەتێك کە ئاشتەوایی و ژیان و گوزەران بۆ ئەو بەشەش بێتەدی، کەچی پەکەکە بە فیتی وڵاتانی ناوچەکە ئەو دەرفەتەی بۆ گەلی کوردی باکوور لەدەست دا. کورد بەگشتی بە هیوای ئەوە بوو، لەسەر دەستی سەرۆك بارزانی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان تا سەر دەریا ببێتە یەك پارچە و دەرفەتی گەورەتر لەوەی هەرێمی کوردستانیش بۆ گەلی کورد بێتەدی، کەچی پەکەکە ئەوەشیان شێواند.

**چەکدارانی پەکەکە لە سەروبەری ئەنجامدانی ڕیفراندۆمە مەزن و پیرۆزەکەی گەلی کوردستانەوە بوونەتە جاش و بەکرێگیراوی وڵاتانی دژ بە کورد**

**لەگەڵ هێرشی حەشدی شەعبی و سوپای ئێران و چەندین هێز و لایەنی دیکە لە (١٦)ی ئۆکتۆبەر چەندین گرووپی چەکدارانی پەکەکەش بەشدار و هاوکاریان بوون**

**کورد بەگشتی بە هیوای ئەوە بوو، لەسەر دەستی سەرۆك بارزانی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان تا سەر دەریا ببێتە یەك پارچە و دەرفەتی گەورەتر لەوەی هەرێمی کوردستانیش بۆ گەلی کورد بێتەدی، کەچی پەکەکە ئەوەشیان شێواند**



## تەرزە حوسێن

کارگێڕی ناوچەی ناوەندە ئەکادیمییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# پێویستە ئەو دەرگا داخراوانەی کە تەنیا بۆ پیاوان کراوەن، بە ڕووی ئافرەتانیشدا بکرێنەوە

تەرزە حوسێن کارگێڕی ناوچەی ناوەندە ئەکادیمییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە دیدارێکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە چەند پرسێکی پەیوەست بە بەشداریی کارای ئافرەتان لە بوارە جیاجیاکان دەکات، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە پێویستە کار لەسەر وشیارکردنەوەی تاك و بونیادنانی کچی بەهێز و ئابوورییەکی سەربەخۆی ئافرەتان بکرێت، تاکو ئافرەتان وەك چۆن لە ڕابردوودا لە شاخ چەکیان بۆ پاراستنی خاك و نیشتمان هەڵگرت، لەم سەردەمەش بە کەسایەتی و ڕۆشنبیری و ئابوورییەکی بەهێزی خۆیان بێنە مەیدانی کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی.


گوڵان: کۆمەڵایەتی

*** لە ئێستادا بارودۆخی ئافرەتانی کوردستان چۆن دەبینی و ئەو مەودایەی کە بڕیویانە تا چەند دڵخۆشکەرە؟**

- ڕەنگە لە ئێستادا قۆناغەکان بۆ بارودۆخی ئافرەتان زۆر سەخت و دژوار بن، ڕۆڵبینینیی ئافرەت لە بەرقەرارکردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتیدا نایەتەدی، ئەگەر کەشی کۆمەڵایەتی و تێگەیشتن و ڕوانین بۆ ڕۆڵی ئافرەت لە ئاستی پێویست نەبێت، هەر لە تەماشاکردن و ڕەفتاری یەکسان لە ناو خێزان، دەستەبەرکردنی دەرفەتی خوێندن و فێربوون و خویندنی باڵا، دەرفەتی کار و پەیداکردنی داهات و توانای خۆبەڕێوەبردن و بەشداری لە ئابووریی خیزان، هەروەها بوون و پیادەکردنی ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە مافی ئافرەت دەپارێزن، لێرە هەموو مەوداکان بۆ کات و سەردەمی خۆی گونجاوە، بەڵام ڕەنگە ئەم هەنگاوانەی تاکو ئێستا لە هەموو بوارەکانی ژیان ناومانە، لە جێی ئاوات و ئامانجی هەریەکەمان نەبێت و ئەو مەودایانەی کە بڕیومانە زۆر دڵخۆشکەر نەبن.

*** دەگوترێ بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئافرەت لە چەوسانەوە و ستەم بپارێزین، پێویستە بایەخ بە کچان بدەین، ئەمە چۆن دەبینیت؟**

- ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت هەمیشە بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و هاوچەرخ پێشەنگ بووە، بۆ نەهێشتنی ئەو بەربەستانەی کە دێنە پێش ڕۆڵبینینی ئافرەت و هەوڵدان بۆ دەربازبوون لە هەندێ کەشی کۆمەڵایەتیی نادروست و ئەو ڕوانینە نازانستییەی کە گومان لە توانا و هەڵسوکەوتی ئافرەت دەکات، ئەویش بە بڕوابوون بە کۆمەڵگەیەکی یەکسان، بێ جیاوازیی بەهای هاوبەش، کارکردنی بەیەکەوە، هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیی هاوبەش و بڕوا و متمانە. دەکرێت بە ڕێگا و شێوازی جیاواز چەندین میکانیزم بگرینەبەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو نادادپەروەرییەی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەرانبەر بە کچان و ئافرەتانمان دەکرێت، ڕزگاربوون لەم نەهامەتییانە پێویستی بە بونیادنانی ئابووریی سەربەخۆی ئافرەتانە، لەگەڵ پاراستنی ماف و ئەرکەکانیان و بەرهەڵستیکردنی توندوتیژی



بەرانبەر بچووکترین پێشێلکاری لە مافی ئافرەتان لە ڕێگای دادگاوە، ئەمانە وادەکات ئافرەتێکی ڕۆشنبیر و بوێر و سەربەخۆ پەروەردە بکەین.

بایەخدان بە کچان و پەروەردەکردنێکی تەندروست بۆ هۆشیارکردنەوە و پاراستنی ئافرەتان لە زوڵم ستەم لە ناو خێزان و کۆمەڵگاش ئەرکی خێزانەکانە، ئەگەر ئاورێك لە ڕابردوو بدەینەوە، دەبینین خێزان و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن بۆ بایەخ پێدانی ئافرەت هەنگاوی زۆرباشیان ناوە، بەڵام ئەم هەوڵانە لە ئاست مافەکانی ئافرەتان وەك پێویست نییە، جیهان بەردەوام لە گۆڕانکاریی زۆر خێرادایە و کوردستانیش لەو گۆڕانکارییانە بەدەر نییە، بۆیە پێویستە هەموومان لەهەر گۆشەنیگا و بۆچوونێکەوە زیاتر بایەخ بە ئافرەتان بدەین.

*** لەگەڵ ئەوەی ژن لە مێژووی نەتەوە بەشێکی تەواوکاری پیاو بووە لە هەموو سەختی و ناخۆشییەکاندا، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکەین لە سیاقە نەتەوەیی و ناشناڵییەکەیدا تەنیا باسی قارەمانیەتی پیاو دەکرێت و ژن وەك بەشێك لە مێژووی نەتەوە سەیر ناکرێت، ئایا لەگەڵ ئەم بۆچوونە هاوڕایت، یان سەرنجێکی دیکەت هەیە؟**

- ئەگەرچی بە درێژایی مێژوو بە گشتی سیاسەت وێنەیەکی پیاوانەی بووە و کەمتر ڕەنگێکی ژنانەی بووە، بەڵام بە تەدریجی شاهیدی وجوودی ئافرەتانین لە باڵاترین پێگەی سیاسیدا، واتە بە درێژایی مێژوو هەزاران ئافرەتی بەتوانا ئیدارەدانی سیاسەتیان کردووە و، نەك کاریگەری و ڕۆڵەکەیان کەمتر نەبووە لە پیاو، بگرە زۆر بەتواناتر و کاریگەرتر بوون. تەنانەت بە درێژایی مێژوو لە چەندین قۆناغ دەرکەوتووە کە ئەوەی لە پشت سیاسەتە پەنهانییەکەیە، یان ئەوەی لە پشت پەردەوە ئیدارەی سیاسەت دەکات و بە واقیعی سیاسەت دەکات، ئافرەتە، واتە ئافرەت وەرچەرخێنەری و کاریگەری لەسەر تەواوی سیاسەت و ئاراستەی ڕووداوەکان بووە. لە سەرانسەری جیهان ئافرەتان دیاریکەری سیاسەت بوون، ئەوان دەتوانن ئەرکی زۆر جددی و گرنگ و ئاڵۆز و سەخت لە ئەستۆ بگرن. بەداخەوە نەمانتوانیوە ڕۆڵ و پێگەی قارەمانێتی ئەو ئافرەتە بەتوانا و لێهاتووانە وەکو خۆی باس بکەین و داستان و قارەمانێتیان بکەینە وانەیەکی هەمیشەیی بۆ ژیانمان، چونکە هیچ هەنگاو و شۆڕشێك بەبێ ڕۆڵی ئافرەتان دروست نەبووە، بۆیە هەمیشە وتراوە لە پشت هەر پیاوێکی سەرکەوتوو ئافرەتێکی مەزن هەیە، کەواتە ئافرەت جگە لەوەی بەرپرسیار بووە بەرانبەر بە منداڵ و خێزان و ماڵەکەی، لەهەمان کات خەمخۆر بووە لەئاست ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەکەشی. لێرەوە دەخوازم لە داهاتوودا بتوانین خزمەتێکی بچووك بە ڕۆڵ و قوربانیدانی ئەو ئافرەتە مەزنانە بکەین، مێژووی کۆن و هاوچەرخ شاهیدە کە چەندین ئافرەتمان لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی نیشتمانی بوونەتە قۆچی قوربانی.

*** ئەگەر سەیری ڕێژەی قوتابیانی کچ بکەیت لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن بە خوێندنی باڵاشەوە، دەبینین ژمارەی قوتابیانی کچ لە کوڕان زیاتر نەبن، کەمتر نین، بەڵام لە بواری کاری حکوومی و سیاسی و بازاڕدا، دەبینین ئەو دەرفەتەی بۆ کوڕان و پیاوان فەراهەم دەبن، بۆ کچان و ژنان فەراهەم نابن، هەروەها لەسەر ئاستی کاری ئەکادیمی و زانکۆکانیشدا هێندەی پۆستەکان بەر پیاوان دەکەون، هێندە بەر ژنان ناکەون، ئایا وەك ئەکادیمییەك چۆن سەیری ئەم پرسە دەکەیت؟ پێت وایە توانای ئەقڵی ژنان لە پیاوان کەمترە؟**

- بەداخەوە تاکو ئێستا کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارییە، هەموو ئەو هەنگاوانەی بۆ پێشکەوتن و پێگەی ئافرەتان نراون، لەئاست داواکارییەکانی ئێمەی ئافرەتان نین. ناشتوانرێت چاوەڕێی ئەوە بکەین وڵاتەکەمان پێش بکەوێت و لە هەمان کاتدا ئافرەتان تەنیا بە دروشم بوونیان هەبێت و ڕۆڵ و پێگە و دەسەڵاتیان تەنیا ڕۆتین بێت و ڕێگەکانی بەردەم دەرکەوتنیان قورس بکرێت. توانای ئەقڵی ئافرەت توانایەکی لە ڕادەبەدەر بەهێزە، چونکە هەر ئافرەتە کوڕێك، یان پیاوێکی بەتوانا بۆ وەرگرتنی پۆستی سیاسی

**ڕۆڵبینینی ئافرەت لە بەرقەرارکردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتیدا نایەتەدی، ئەگەر کەشی کۆمەڵایەتی و تێگەیشتن و ڕوانین بۆ ڕۆڵی ئافرەت لە ئاستی پێویست نەبێت**

**بایەخدان بە کچان و پەروەردەکردنێکی تەندروست بۆ هۆشیارکردنەوە و پاراستنی ئافرەتان لە زوڵم و ستەم لە ناو خێزان و کۆمەڵگاش ئەرکی خێزانەکانە**

**ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن بۆ بایەخ پێدانی ئافرەت هەنگاوی زۆرباشیان ناوە**

**ئافرەت وەرچەرخێنەری و کاریگەری لەسەر تەواوی سیاسەت و ئاراستەی ڕووداوەکان بووە**

و ئەکادیمی ورۆشنبیری پەروەردە دەکات.

لە مەیدانی سیاسەتدا شتێکی دیکە هەیە کە تێیدا هەوڵ دراوە، ئاسانکاری بۆ ژن بکرێت، کاتێک سیستمی کۆتا لە پەرلەمان بۆ ئافرەت دانرا، لای زۆر کەس دڵخۆشکەر نەبوو، تا ئێستاش زۆر ڕای نێگەتیڤ لەبارەیەوە دەگوترێت، بەڵام بە ڕای من لە ئێستادا سیستمی کۆتا هەبێت، زۆر باشترە، تا ئەو کاتەی دەبینە وڵاتێک بۆ دەرکەوتن و هاتنە پێشەوەی ئافرەتان لە کاری سیاسیدا پێویستیمان بە کۆتا نابێت، لە ئێستاشدا زۆر ئافرەتی بەتوانا لە مەیدانی سیاسەت و ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی هەن و جێ دەستیان دیارە و بەبێ کۆتا گەیشتوون بەو پلە و پۆستانە. ڕاستە ژمارەیان زۆر نییە، بەڵام کاتێک تواناکانیان دەبینرێت، دڵخۆشکەرە، یان کاتێک دەبینین ئافرەتێک بەبێ کۆتا دەنگی پێویستی لە هەڵبژاردندا هێناوە و بە توانای خۆی گەیشتووەتە ئەو پلەیە، من وەکو ئافرەتێک شانازی پێوە دەکەم. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە لەم قۆناغەدا پێویستە هەموو لایەک کارئاسانی بۆ هاتنە کایەی ئافرەتان لە هەموو پێگە و دەسەڵاتەکانی وڵاتدا بکەن، ئەمەش بە میکانیزم و بەرنامەی جیاواز و سەردەمیانە دەبێت، ئەو بەهرە و توانایەی لە ئافرەتاندا هەیە، هیچی کەمتر نییە لەو هێز و توانایەی لە پیاواندا هەیە، بۆیە ئەرکمانە هەوڵ بدەین بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتان لە سەرجەم سێکتەر و بوارە جیاوازەکانی ژیان و ڕێگە بدەن ڕۆڵ و دەسەڵاتی خۆیان بەکاربهێنن. دڵنیام لەوەی کە بەوەش زۆر کێشەی کۆمەڵگە چارەسەر دەبێت، لەوانە کاری گەندەڵی و ڕۆتینات نامێنێت و ئافرەت دەبێتە سەرمەشقی دادپەروەری و هەنگاونان بۆبنیادنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، بۆیە هەمیشە بڕوای تەواو بە بیرکردنەوە و بڕیاری ئافرەت هەیە، بە مەرجێک ڕێگەی پێ بدەن، دەسەڵات و ئەرکەکانی خۆی سەربەخۆیانە جێبەجێ بکات، دەخوازم لە داهاتوو کاری باش لەسەر ڕۆڵی ئافرەت و بەرپرسیارێتییەکانی لە یەکە جیاوازەکان بکرێت و وەچەرخانێک بێت بۆ هێنانەپێشەوەی ئافرەت .

*** ئەگەر چەمکی ژنی کورد لە چوارچێوە لۆکاڵی و ناشناڵییەکەی پێناسە بکەین، ئایا دەبێت چۆن وەبەرهێنان لە کچاندا بکەین بۆ ئەوەی ژنانی دواڕۆژی کوردستان لێهاتوو بن و شان بە شانی پیاو هەموو ئەرکەکان ڕاپەڕێنن؟**

- ئافرەتانی کوردستان ئەو کارەکتەرە بەهێزەن کە هەمیشە توانیویانە بە درێژایی ژیان خۆڕاگر و بەتوانا بن لە ئاست هەموو ئەو ناخۆشییانەی بە سەر میللەتی کورد هاتووە و قۆناغە سەخت و دژوارەکانیان بەپێی کات تێپەڕاندووە، ئەمەش سمبولی خۆڕاگری و لێهاتوویی ئافرەتانی کوردستان پیشان دەدات، کچەکانی کوردستان بەتوانان لە ئاست پێگە و ڕۆڵی خۆیان و پێویستە هەموومان کار لەسەر وشیارکردنەوەی تاك و بونیادنانی کچێکی بەهێز و ئابوورییەکی سەربەخۆی ئافرەتان بکەین، تاکو بتوانین ئافرەتی ئێمەش شان بە شانی پیاوان وەك لە ڕابردوو و تا ئێستاش چەکیان هەڵگرتووە بۆ پاراستنی خاك و نیشتمان، لەم سەردەمەش بە کەسایەتی و ڕۆشنبیری و ئابوورییەکی بەهێزی خۆیان بێنە مەیدانی کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی.

ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و کۆمەڵگەی مەدەنی ئەرکیان قورسە لە دونیای ئەمڕۆمان بۆ بەرگریکردن لە ئافرەت و ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییان و چەسپاندنی ماف و ئەرکەکانیان لە ڕێگەی یاساوە، بۆ بەشداریکردنی ئافرەت لە کایەکانی ژیان و فەراهەمکردنی هەلی خوێندن و کارکردن لە کەرتی تایبەت و حکومەت و دەبێت متمانە و دەسەڵاتی تەواوەتی بە ئافرەت بدرێت لە ئەرکەکەی و هەوڵ بدرێت بە شێوازی سەردەمییانە پەروەردەیەکی باش بکرێن، ئافرەتانی ئێمەش زیاتر لە ئافرەتانی دونیا دەتوانن خزمەت و داهێنان بکەن، بە مەرجێك هەموو کارئاسانییەکیان بۆ بکرێت لەم کۆمەڵگەی پیاوسالارییەدا، و پێویستە ئەو دەرگا داخراوانەی کە تەنیا بۆ پیاوان کراوەن، بە ڕووی ئافرەتانیشدا بکرێنەوە، لە کۆتاییدا دڵنیام تاکو یاسا سەروەر نەبێت، ئافرەت ناتوانێت وەك پێویست ڕۆڵ و پێگەی خۆی هەبێت .

**ئافرەت جگە لەوەی بەرپرسیار بووە بەرانبەر بە منداڵ و خێزان و ماڵەکەی، لەهەمان کات خەمخۆر بووە لەئاست ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەکەشی**

**لە ئێستادا سیستمی کۆتا هەبێت، زۆر باشترە، تا ئەو کاتەی دەبینە وڵاتێک بۆ دەرکەوتن و هاتنە پێشەوەی ئافرەتان لە کاری سیاسیدا پێویستیمان بە کۆتا نابێت**

**پێویستە هەموومان کار لەسەر وشیارکردنەوەی تاك و بونیادنانی کچێکی بەهێز و ئابوورییەکی سەربەخۆی ئافرەتان بکەین**

**تاکو یاسا سەروەر نەبێت، ئافرەت ناتوانێت وەک پێویست ڕۆڵ و پێگەی خۆی هەبێت**

### سروە عوسمان:

# ئامانجم ئەوەیە هەلی کار بۆ خانمانی دەسترەنگین و کارجیاواز بڕەخسێنین



**سروە عوسمان خانمە گەنجێکی دەست و پەنجە ڕەنگینە و خاوەنی کۆمەڵێك بەهرەی جۆراوجۆرە و لە بواری کاری دەستیدا توانایەکی باشی هەیە، لە ئێستادا سەرپەرشتیاری گرووپی خەیاڵی خانمانە کە تایبەتە بە کاری دەستی و بەهرەی خانمانی دەسترەنگین.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

سروە عوسمان دانیشتووی شاری سلێمانییە و هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە کارگێڕی کار وەك خۆی باسیدەکات هەر لە منداڵییەوە ئارەزووی وێنەکێشان و کاری دەستی هەبووە، دوای تەواوکردنی قۆناغی زانکۆ بەهرەکانی وەکو ڕێگەیەك بۆ چوونە ناو دنیای کار و بزنس بەکارهێناوە، لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان ئەزموونی کارەکەی بۆ خوێنەران باس دەکات.

«هەر لەمنداڵییەوە ئارەزووی وێنەکێشان و کاری دەستیم هەبووە، خاوەنی کۆمەڵێك کاری هونەریم وەك تابلۆی زەیتی،











کێشانی زەخرەفە، دروستکردنی مۆمی بۆندار، کاری حەجر فەرەنسی، جوانکاری ناوماڵ و شوێنە گشتییەکان، دیزانکردنی نەخشی خەنە، کاری ئێکسسواری خانمان، دیزاینکردنی کڵاوزەڕ، کاری ڕایزن و سیرامیك و دروومان».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا لە ئێستادا بە چییەوە سەقاڵە ئەو گوتی: «سەرپەرشتیاری (گرووپی خەیاڵی خانمان ) م بۆ کاری دەستی و بەهرەی خانمان، کە لە ٢٠١٩/٣/٥ یەکەم چالاکیمان لەم گرووپەدا ئەنجامدا، دواتر لە ٢٠١٩/٨/٨ گرووپەکەمان ڕاگەیاند، بەردەوام ساڵانە بەشداری زۆرترین چالاکی و فیستیڤاڵ و پێشەنگا دەکەین، لە سەرانسەری کوردستان بەتایبەت پارێزگای سلێمانی و شاروشارۆچکەکانی بۆ پارێزگای هەولێر و هەڵەبجە چەندین جار بەگرووپ بەشداریمان کردووە» .

سروە عوسمان سەبارەت بە سەرەتای دەستپێکردنی کارەکانی دەڵێت: «بەردەوام ساڵانە بەشداری چەندین فێستیڤاڵ و چالاکی قوتابخانەکانم لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا کردووە، مامۆستاکان بەخۆشحاڵییەوە زۆر هاوکارم بوون و دەیانزانی کە دەسترەنگینم و کاری هونەری دەکەم، دوای تەواو کردنی قۆناغی زانکۆ لەساڵی ٢٠١٦ بە تەواوی خۆم یەکلایی کردەوە بۆ کارەکەم چونکە ئەوە خەونی منداڵیم بوو، یەکەمجار بە کاری تابلۆ نەخشاندن دەستمپێکرد، سوپاس بۆ خوا ئەنجامێکی زۆرباشی هەبوو و لەلایەن کڕیارەکانەوە پێشوازییەکی باشی لێکرا، ئەوەش وایکرد هەم زیاتر دڵم کارەکەم خۆش بێت و هەمیش داهاتێکی ماددی بە دەستبێنم، لە ماوەی ئەو شەش ساڵەدا زۆرترین بەشداریم لە چالاکییەکاندا هەبووە، لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان بەتایبەت ئیدارەی سلێمانی».

سروە عوسمان لەبارەی ئامانجی دروستکردنی گرووپی خەیاڵی خانمان گوتی: «سەرەتا کۆمەڵێك خانمی دەسترەنگین بۆ سەرپەرشتیاری گرووپەکە هەڵیان بژاردم، سوپاس بۆ خوا لە ئێستادا گرووپەکەمان لە سلێمانی زۆر ناسراوە، ئەویش بەهۆی کارە جوان و جیاوازەکانی خانمانی دەسترەنگینەوە بوو، یەکێك لە مەرجەکانمان گرنگیدانە بە جلوبەرگی ڕەسەنی کوردی و ناساندنی کلتووری نەتەوەییمان، ئامانجم لە سەرپەرشتیکردنی گرووپەکە ئەوەیە کە بۆ خانمانی دەسترەنگین و کارجیاواز هەلی کار بڕەخسێنین و بەرهەمە دەستکردەکانیان بە بازاڕ بکەین و ساغیان بکەینەوە، بۆ ئەوەی بۆیان ببێتە سەرچاوەی داهاتێك، چونکە کۆمەڵێك کچە گەنجی دانەمەزراو لە گرووپەکەماندا بەشدارن کە خاوەن بڕوانامەی زانکۆ و پەیمانگان، هاوکات کۆمەڵێکیش لە ژنی ماڵەوەمان لەگەڵدایە کە پێویستییان بە دەرفەتی کارە بۆ ئەوەی لە ماڵەوە یارمەتی خێزانەکانیان بدەن».

# ئەیاز زاخۆیی

# تەمەنێکی کورت خزمەتێکی زۆر



ئەیاز یوسف یان ئەیاز زاخویی، یەکێك بوو لەو هونەرمەندانەی کە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنیانەوە توانییان داهێنان بکەن و ببنە ڕێنیشاندەری هونەرمەندە لاوەکان، بۆ ئەوەی لەسەر ڕێچکەیان بڕۆن و خزمەت بە هونەری ڕەسەنی کوردی بکەن، هونەرێك پێشکەش بکەن کە مرۆڤ هەست بە کوردبوونی بکات و چێژی ڕەسەنایەتی بدات، سەرەڕای کورتیی تەمەنیی توانیی خزمەتێکی بەرچاو بە هونەری کوردی بکات، بەڵام تەمەن ڕێگەی نەدا بەردەوام بێت.

ئەیاز یوسف ئەحمەد ناسراو بە (ئەیاز زاخۆیی)، سوودی لە هونەری میللی دیوەخانەکان بینیوە بۆ چوونە ناو جیهانی هونەر، لە ئاهەنگ و ڤیستیڤاڵ و جەژن و بۆنە تایبەتەکاندا دەست دەکات بەچڕینی گۆرانی .

بۆ یەکەم جار بە هاوکاریی چەند هاوڕێیەکی سەردانی ئێزگەی کوردیی کرد لە بەغدا و، ئەم گۆرانیانەی تۆماری کردوون (من دیت جارا عەولی، لاندك، بەس خۆ گرانکە، ئەڤین دایێ، دێ بهەژینە، کەڤۆك، چوخك، نەڤرۆز، شەهید، چیبکەم ئەز، هیڤی و گۆڤەندە).

ئەیاز زاخۆیی لە ساڵی **١٩٦١** لە شاری زاخۆ هاتووەتە دونیا، هەر لەمنداڵییەوە خولیای گۆرانی بووە و زۆربەی کاتی لە دیوەخانەکاندا بەسەر بردووە، کە گۆرانیبێژەکانی تێدا دادەنیشتن و گۆرانییان دەگوتەوە.

ئەیاز دوای تەواوکردنی خوێندنی قۆناغی ناوەندنی ڕوو لە ئامادەیی کشتوکاڵ دەکات و لە ئاهەنگ و فیستڤاڵ و جەژن و بۆنە تایبەتییەکاندا دەست دەکات بە چڕینی گۆرانی، هەمیشە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە ئاهەنگەکانی بەڕێوە بردووە.

ئەیاز خاوەن گەنجینەیەکی مەزنی فۆلکلۆری و ڕەسەنی کوردی بوو، چەندین ستران و چیرۆك و پەندی پێشینان و داستانی لەبەر بوو، هەوڵی دەوڵەمەندکردنی زیاتری گەنجینەی دەدا و بەدوای کەلەپووردا دەگەڕا، تا زیاتر ڕەسەنایەتییان لێ هەڵبهێنجێنت و هونەرەکەی خۆی پێ دەوڵەمەند بکات.

هەروەها لەگەڵ چەندین شاعیردا کاری هاوبەشیان ئەنجام داوە بۆ سازکردنی گۆرانییەکان، لەوانەش (عەبدولعەزیز سلێمان،

**٣٨ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی هونەرمەندی جوانەمەرگ (ئەیاز یوسف زاخۆیی)دا تێپەڕ دەبێت، ئەگەرچی تەمەن مۆڵەتی نەدا زیاتر خزمەت بە هونەری کوردی بکات، بەڵام ئەو بەرهەمانەی لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا پێشکەشی کردن، تا ئێستا بە زیندوویی لە زەین و خەیاڵی میللەتەکەیدا ماونەتەوە.**

بەشار محەمەد، سەگڤان عەبدولحەکیم، بەدرخان سندی، عەبدوڵا حوسێن و.. هتد، جگە لەم گۆرانییانەی لەگەڵ تیپی دهۆك تۆماری کردوون، سێ کاسێتی دیکەشی لە تۆمارگەی (تۆمار) تۆمار کردووە، هەروەها چەند گۆرانییەکی بە دووقۆڵی لەگەڵ هونەرمەند (ئەردەوان زاخۆلی) گوتووە، لە ساڵی ١٩٨٢ لە زاخۆ کاسێتێکی تۆمارکردووە کە چەند گۆرانییەك بوو، لەوانە (ئەگەر دنیا هەمی گۆلبن، های بەردەبەردەك، چ تەڤنە، مەقامی مێرەمێ، بەستەی پازنیل).

ئەیاز زاخۆیی ژمارەیەك گۆرانی بڵاونەکراوەی هەیە، بەڵام خانەوادەکەی ڕێگە نادەن بڵاو بکرێنەوە، مامۆستا (عەبدولعەزیز سلێمان) هۆزانڤان و ئاوازدانەری ئەیاز زاخۆیی دەڵێ: «لەو کاتەی ماڵم دوور خرایەوە بۆ شاری ڕومادی، ئەیاز بەردەوام هاتوچۆی دەکردم و زۆربەی بەرهەمەکانی ئەیاز لە شیعر و ئاوازی منە، کە لە ساڵی ١٩٨٠ یەکەم گۆرانیم داوەتێ، بەناوی (شەهید چاڤا ڤەکە) هەروەها دەڵێت: «یەکەم گۆرانیی ئەیاز لە ئێزگەی بەغدا تۆمار کرا کە نزیکەی ٤٠ گۆرانیم بۆ ئەیاز ئامادە کرد، کە هەندێکیان بە بێ موزیك تۆمار کران، هەندێکیان هێشتا تۆمار نەکراون و لای من پارێزراون، زۆر هونەرمەند داوایان کردووە، بەڵام نایدەم بە کەس». ئەو ئاوازدانەری هونەرمەندی کۆچکردوو ئاماژە بەوەش دەکات، لەو ماوەیەدا هەوڵیداوە لە ڕێگەی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە گۆرانییەکان بە موزیکێکی تازە بڵاو بکاتەوە، چونکە لەلایەن گەنجانەوە داوایەکی زۆری لەسەرە و بەردەوام گەنجان گوێ لە گۆرانییەکانی دەرگرن، بۆیە ویستم ئەو گۆرانیانەش بڵاوبکەمەوە، کە لای من پارێزراون، بەڵام خانەوادەکەی ڕێگەیان نەدا، بۆیە منیش بڵاوم نەکردنەوە..

ئەیاز زاخۆیی لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٩٨٦/١/٢٠ لە نەخۆشخانەی سەربازیی شاری موسڵ کۆچی دوایی کرد، لەسەر وەسیەتی خۆی لە شارۆچکەی زاخۆ نێژرا، بەر لە ناشتنی و لەسەر وەسیەتی خۆی تەرمەکەی بە نێو شاری زاخۆدا گێڕدرا لەگەڵ گۆرانیی (وڵاتێ من باخچێ گوڵان).



## سێلینا گۆمێز:

# مەبەستم نەبووە گۆرانیبێژ بم!

لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەنووسیدا خانمە هونەرمەند (سێلینا گۆمێز) پلانەکانی خۆی بۆ ساڵی ٢٠٢٤ ئاشکرا کرد و ڕوونی کردەوە، کە زیاتر گرنگی بە پڕۆژەکانی نواندن دەدات نەك گۆرانیگوتن، بەمەش مشتومڕێکی بەرفراوانی لە نێو هەوادارانیدا دروست کرد.

سێلینا گۆمێز لە میانی لێدوانەکەدا ئاشکرای کرد، کە بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە گرنگی بە نواندن دەدات، تەنانەت ئەگەر لەسەر حیسابی کاری مۆسیقای خۆشی بێت، لەو بارەوە گوتی: «هەست دەکەم ئەلبوومێکی دیکەم لە ناخدا هەیە، بەڵام پێدەچێت نواندن هەڵبژێرم»، هەروەها ڕوونی کردەوە کە بیرۆکەی گۆرانیگوتن و مۆسیقا پڕۆژەیەکی لاوەکیی چێژبەخش بووە بۆی، بەڵام نواندن پڕۆژەی سەرەکی نەبوو کە لە سەرەتاوە ئامانجی بوو، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی مۆسیقا خولیایەکی سەرەتای کاروانی هونەریی بووە، تاوەکو بە شێوەیەکی پیشەیی دەستی پێکردووە، بەڵام ئێستا دەیەوێت جێگیر بێت لە نواندندا، کە هەر لەسەرەتاوە خەونی بوو.

سێلینا گۆمێز سەرەتای پەیوەندییەکەی لەگەڵ بێنی بلانکۆ ئاشکرا کرد، هەروەها ستایشی مامەڵەی تایبەتی بێنی بلانکۆی کرد لەگەڵ، لەکۆمێنتێکدا بۆ یەکێك لە هەوادارانی و دەڵێت: «ئەو لە مرۆڤێکی لەسەر ئەم هەسارەیە باشتر مامەڵەی لەگەڵ کردم »، لە کۆمێنتێکی دیکەدا بە باشترین وەسفی کردووە، دەڵێت هێشتا لە هەموو کەسێك باشترە کە لەگەڵیدا بووم.

لە ئێستادا سێلینا گۆمێز بەرهەمهێنەر و ڕۆڵی سەرەکی لە زنجیرەی Only Murders In the Building لە کەناڵی Hulu کە پاڵێوراوی خەڵاتی ئیمییە، هەروەها ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە بەرنامەی چێشتلێنان Selena + Chef لە ماکس و تۆڕەکانی خۆراك، گۆمێز خاوەنی مارکەی جوانکاریی تایبەتی خۆیەتی بەناوی (Rare Beauty) و بەردەوامە لە بڵاوکردنەوەی گۆرانییەکانی.



# مەسعوود جەعفەری بە (بەهەشتی خراپکاران) ڕکابەریّتی بە دەستهیّنانی خەڵاتەکان دەکات

لە سەروبەندی یەکەمین نمایشی فیلمی سینەمایی (بەهەشتی خراپکاران) لە چل و دووهەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی فەجر، پەردە لەسەر وێنە فۆتۆگرافییەکانی ئەم بەرهەمە سینەماییە لادرا.



بەهەشتی خراپکاران (Paradise of criminals) نوێترین فیلمی درێژی سینەمایی سینەماکاری ناوداری لوڕ (مەسعوود جەعفەری جەوزانی) لە بەرهەمهێنانی (فەتحوڵڵا جەعفەری جەوزانی و عەلی قائیم مەقامی) لە یەکەمین نمایشی خۆیدا لە بەشی پێشبڕکێی (سەودای سیمورغ) لە چل و دووهەمین فێستیڤاڵی نێونەتەویی فیلمی فەجر دەچێتە سەر پەردەی سینەما و وێنەکانی (عەلی نیك ڕەفتار) لە فۆتۆگرافەرانی سینەمای ئێران، بۆ بەشداریکردن لەم بۆنە و ڕووداوە هونەرییەدا و بە ئامانجی ئاشناکردنی بەردەنگەکان و بینەران لەگەڵ ئەم بەرهەمە سینەماییە بڵاو کراوەتەوە.

لە فیلمی (بەهەشتی خراپەکاران)دا ژمارەیەك لە ئەکتەرە بەناوبانگەکانی سینەمای ئێران لەوانە (ئەمیر حوسێن ئارمان، لادن مستەوفی، سەحەر جەعفەری جەوزانی، پژمان بازغی، حەمید گودەرزی، ڕەزا یەزدانی، بێهنام تەشەکور، هومەن بەرق نەوەرد، حیسام مەنزوور، ڕەزا شەفیعی جەم، فەریبا موتەخەسس، فەخرەدین سەدیق شەریف، ئیسماعیل خەلج، عەلیڕەزا جەلالی تەبار، محەمەدڕەزا هاشمی، سوهەیل بەرخورداری، حەمید موتەقی، فەتحوڵڵا جەعفەری جەوزانی، مەهدی میهریار و جەواد تووسی) ڕۆڵیان گێڕاوە و هەروەها لەم بەرهەمە سینەماییەدا (ئەفسانە بایگان و فەرهاد قائمیان) بە دەورگێڕانی خۆیان ئامادەیی و بەشدارییەکی فەخری و شەرەفمەندانەیان هەیە.

پوختەی چیرۆکی ئەم فیلم باس لە کەسێکی نووسەر و گەنج دەکات کە چالاکی بواری کرێکارییە، بە شێوەیەکی نەخوازراو و بە بێ مەبەست دەبێتە دیلی پیلانەکانی تاوانباران و خراپکاران».



بەشێك لە ستافی فیلمی سینەمایی بەهەشتی خراپکاران بریتین لە: دەرهێنەر (مەسعوود جەعفەری جەوزانی) بەڕێوەبەری وێنەگرتن (ئەمیر کەریمی) مۆنتاژ (مەهدی حوسێنی وەند) مۆسیقا (فەردین خەلعەتبەری) سیناریۆ (مەسعوود جەعفەری جەوزانی، فەرید موستەفەوی) دیزاینەری شانۆ و جلوبەرگ (ئەسغەر نەژادئیمانی) دیزاینەری ڕوخسار و ماکیاژ (مەهین نەویدی) دیزاین و تێکەڵکردنی دەنگ (سەید مەحموود موسەوی نەژاد) تۆماری دەنگ (ئارش بروومەند) جیلوە و کاریگەرییە تایبەتەکانی مەیدانی (ئارش ئاقابەیك) جیلوە و کاریگەرییە بینراوەکان (کامیار شەفیع پوور) بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان (بەهزاد هاشمی) وێنەگری فۆتۆگرافەر (عەلی نیك ڕەفتار) یاریدەدەرانی دەرهێنەر (عەلی میهرئاسا، مەهدی حاجی یوسف، پارسا هاشمی) بەڕێوەبەر و ڕاوێژکاری ڕاگەیاندن (مەنسوور جیهانی) لە بەرهەمهێنانی دامەزراوەی سینەمایی فارابی و کۆمپانیای سینەمایی جەوزان فیلم، بەرهەمهێنەران (فەتحوڵڵا جەعفەری جەوزانی، عەلی قائیم مەقامی).

# «سەلمە»، تێپەڕاندنی م

نەژاد نەجم پیاوە دیارەکەی شانۆی کورد لە شاری کەرکووك، یەکێکە لە نیشانە گەشەکانی شانۆ لەو شارەدا، لە هەمان کاتدا (ئەو و هاوکار و هاوپیشەکانی) ئاماژەیەکن بەوەی شانۆی کوردستان لە کەرکووکدا ئامادەیە، دەکرێ بڵێین ڕەوتی شانۆ لەم گەورە شارەی کوردستاندا، بە گوڕ و تینەوە بەردەوامە و لە برەودایە. شانۆکارانی ئەم شارە تا ئەندازەیەکی زۆر لە ڕووی

ئا/ تاریق کارێزی

لە ئەزموونێکی تازە و ناوازەدا، نەژاد نەجم وەك دەرهێنەر، پرۆژە نمایشی مۆنۆدرامای «سەلمە»ی گرتووەتە ئەستۆ. نەژاد گوتی «دەقی سەلمە بۆ خۆی چەندین چیرۆکی دوا بە دوای یەکە، بیرۆکەی چیرۆکەکانم بەرەو ڕووی د. دڵشاد مستەفا کردەوە، ئەویش بە دید و ڕوانینی خۆی، زۆر جوان بیرۆکەی چیرۆکەکانی گەڵاڵە کرد. دەقەکە مۆنۆدرامایە، بەڵام تاکە کاراکتەری دەقەکە بە گوێرەی زنجیرەی چیرۆکەکان، چەندین کەسایەتی بەرجەستە دەکات. پێشتر دەقەکە ناوێکی دیکەی هەبوو، من و د. دڵشاد ڕێککەوتین ناوی بنێین سەلمە.»



دەرهێنەری «سەلمە» ڕوونی کردەوە، ئەم کاراکتەرە گورزەیەك ئازار و نەهامەتیی نەتەوەیەك دەگێڕێتەوە، کە لە شاڵاوی ئەنفالدا سەدان هەزار کەس، لە کیمیا باران کردنی هەڵەبجەدا سەرووی ١٥ هەزار کەس، لە ڕێی هات و نەهاتی کۆچ بەرەو هەندەرانیش، سەدان کەسی لە دەریای ئیجە و سنووری نێوان تورکیا و یۆنان و وڵاتانی دیکەی بەڵکاندا، بوونە قوربانی. سەلمە کاراکتەری مۆنۆدرامایەکە، هەر خۆی ڕۆڵی هەشت تا نۆ کاراکتەر دەگێڕێت، منداڵە، قاچاخچییە، جەندرمەیە، پارێزەرە، پاسەوانی سنوورە، دایکە، باوکە، پۆلیسە. ئەستێرەی شانۆ لە کەرکووك هەوار فارس لەو نمایشەدا (سەلمە) یە. نەژاد نەجمی دەرهێنەر دەڵێ «لەم نمایشەدا ئەزموونێکی نوێ تاقی دەکەمەوە.» هەر لەو کاتەوەی شانۆ لە گێڕانەوە ڕا بەرەو نواندن چوو، نواندنێك کە لە بەراییدا ڕێك و ڕەوان، سرووتی خواپەرستی بوو، پاشان گۆڕا بە نواندن و یەکەمین ئەکتەریش (تیسپس: Thespis)ـە، کە ئیدی هونەری مۆنۆدراما (تاك ئەکتەر) بۆ بەراییەکانی پەیدا بوونی شانۆ لە لای گریك و لە ئاستی جیهاندا، دەگەڕێتەوە. نەژاد نەجم دەڵێ «مۆنۆدرامام لە یەك ئەکتەرەوە کردووە بە دوو ئەکتەر، بە بێ ئەوەی ڕێسای ئەم جۆرە شانۆیە بشکێنم، من (ئەکتەرێکی کورد، هەوار فارس و ئەکتەرێکی فەرەنسی، ئۆغێلێ)م، لە یەك مۆنۆدرامادا کۆ کردووەتەوە، هەوار دەقەکە بە زمانی کوردی، ئۆغێلێ بە زمانی ئینگلیزی، نمایش دەکەن. هاوکات نمایشەکە لە یەك مۆنۆدرامادا کۆمەڵێك کاراکتەر بە هەمان ئەکتەر، بە تەنیا ئەکتەرێك، بەرجەستە دەکات.»

وەك نەژاد نەجمی دەرهێنەر گوتی، خانمە ئەکتەری فەرەنسی ئۆغێلێ لە مانگی شوبات/٢٠٢٤دا دێتە کوردستان. هەر لە مۆنۆدرامای (سەلمە)دا سێ ئەندازە شێوەی (چوارگۆشە، بازنە، سێگۆشە) وەك هێما سوودیان لێ وەرگیراوە، چوارگۆشە گوزارشت لە کوردستانێکی دەورە دراو بە وڵاتانی داگیرکەر دەکات، هەر جووڵەیەکی نێو چوارگۆشە، لە گۆشەیەکەوە بەرەو گۆشەیەکی دیکەت دەبات، گۆشەش بۆ وڵاتێکی ژێردەستە مایەی کوشت و





# ـــــــــــــۆنۆدراما

**نمایش و چالاکییەوە، چ لە کەرکووك بێت یان لە ئاستی کوردستان و هەندەران، توانیویانە خۆ بنوێنن، دەنگی هونەرەکە و ڕەنگی شانۆکارانی شار، بە خەڵك و ناوەندی هونەر بگەیەنن.**

بڕ و مەرگ و مردنە، بازنەش هێمای بەردەوامی و هەوڵی نەبڕاوەیە لە پێناو گەیشتن بە ئامانج، بە ئازادی و سەربەخۆیی و سەرفرازی. کورد وێڕای هەموو نەهامەتییەکی ئەنفال و مەرگ و چەوسانەوە، نە کۆڵ دەدات، نە لە ڕۆیشتن بە ئاراستەی سەرفرازی و ئازادی ماندوو دەبێت، بازنە زۆر بە چڕی دۆخی ئێستای باشووری کوردستان بەرجەستە دەکات، کە حکومەت و ئاڵا و زمانی فەرمیی هەیە، هیواشمان وایە بە مەنزڵی وڵاتێکی سەربەخۆ بگات. دەبێ ئەوەش بڵێین سێگۆشە باسی دەسەڵاتی کورد (حوکمەت و ئاڵا و زمان) دەکات، لە سێ شێوەی ئەندازە، سێ ڕەهەندی واتا بەدەست دێت و بەرجەستە دەبێت. بە گوتەی نەژاد دەرهێنەری سەلمە، د. دڵشاد مستەفا «زۆر بە وردی کاری لەسەر هێڵ و گرێ و ململانێ و کاراکتەرەکان کردووە، سەلمە هێمایەکی دیاری نمایشەکەیە، هەموو فەزاکەی دەجوولێنێ.» بە گوێرەی ڕێڕەوی دەقەکە، سەلمە هەوڵ دەدات دەنگی کورد بە دادگای نێودەوڵەتیی لاهای بگەیەنێت.

هیمداد جەلال

یاریزانی بۆکسێنگ:

# خەڵک بە هەڵە لەم یارییە تێگەیشتووە و وا دەزانن کە تەنیا شەڕە



**یاریزانانی یاریی بۆکسێنگ لە ئێستادا زیاتر هەوڵ بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکان دەدەن، بۆ ئەوەی بتوانن ئاست و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن، لە ئێستادا یاریزانان زیاتر لە هۆڵەکاندا مەشق دەکەن و هیچ یانەیەك نییە کە پشتی یاریزانانی ئەم یارییە بگرن بۆ سەپۆرت کردنیان لە پاڵەوانێتییەکاندا، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی ئەم یارییەش کە بەردەوام گرنگی بە تواناکانی خۆی دەدات و دەیەوێت لە داهاتوودا وەکو ئەستێرەیەکی کورد بەشداریی کێبڕکێ نێودەوڵەتییەکان بکات، یاریزان (هیمداد جەلال)ـە، کە لەدایکبووی ساڵی١٩٩٦ پارێزگای هەولێرە، هیمداد یاریزانی تیپی (خەمزە) یە لە شاری سلێمانی کە تیپێکی کۆکراوەی یاریزانانی پاڵەوانە لەم یارییەدا و سەر بەهیچ یانەیەك نین، سەرەتای مانگی سێی ئەمساڵیش بەشداریی پاڵەوانێتیی نێودەوڵەتی (RFL) دەکەن بە ناوی کوردستان، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد سەبارەت بەم وەرزشە، ئەویش وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** ئاستی یاریی کیك بۆکسێنگ چۆن دەبینی بە شێوەیەکی گشتی لە شارەکانی کوردستان ؟**

- لە ئێستادا ئاستی ئەم یارییە دەیەوێت بەرەو پێش بچێت و پاڵەوانێتی بۆ دەکرێتەوە و یاریزانان بەشداریی پاڵەوانێتییەکان دەکەن.

*** کەمی پاڵەوانێتی تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت ؟**

- تا پاڵەوانێتی زیاتر بکرێتەوە یاریزان حەزی زیاتر دەبێت و باشتر خۆی بۆ ئامادە دەکات، بەڵام ئەگەر پاڵەوانێتی کەم بێت ئاستی یاریزانانیش بەرەوپێش ناچێت.

***پێت باشە چی بکرێ بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش بچێت؟**

- کردنەوەی ئەکادیمیای بۆکسێنك لە شاری هەولێر لەسەر دەستی باشترینەکانی کوردستان، بۆ ئەوەی ئەم یارییە بچێتە قۆناغێکی باشتر.

***گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینیت؟**

- کێشەی سەرەکیی ئەم یارییە ئەوەیە کە خەڵك بە هەڵە لەم یارییە تێگەیشتووە، هەروا دەزانن کە ئەم یارییە شەڕە، بۆیە هەموو کەس نابێت بە یاریزانی باش و وازدەهێنێ.

***چ هەستێکت هەیە دوو کار لە یەك کاتدا ئەنجام دەدەیت، هونەری شەڕکردن و وەرزش؟**

- زۆر خۆشحاڵم کە یاریزانی یاریی کیك بۆکسێنگم، چونکە مێشك خێرا دەبێت و زۆر دڵخۆشم لە ناو ئەم یارییەدام.

***بەنیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت؟**

-من دەمەوێ ببم بە پاڵەوانی جیهانی لە یاریی بۆکسێنگدا، پشت بەخوای گەورە دەتوانم لەگەڵ یاریزانانی دەرەوە ڕووبەڕوو ببمەوە و ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنم.

***بڕیارت نەداوە قوتابخانەیەکی گەورە بکەیتەوە لەم یارییە؟**

-بۆمن ئەوە کارێکی قورسە، چونکە کەم کەس هەیە حەز بەم یارییە بکات.

***داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی؟**

- دواکارم لایەنی بەرپرس بەدەم داواکارییەکانی یاریزانانی کوردەوە بچن، ئەو یارییە ماوەی چوار ساڵە خەڵکی کوردستان پێی ئاشنا بوون، یاریزانانی کوردستان وەکو شێرن ئەگەر پاڵپشتی بکرێن.

***خەونی وەرزشیت چییە وەکو یاریزانێك؟**

-خەونی من ئەوەیە لە ئۆڵۆمپیاتی جیهانیدا بەشداری بکەم و بە ئەنجامی گەورە بێمەوە کوردستان.

***بەهیوای ئەوەیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك لە یاریزانەکانی بیت؟**

- هەموو یاریزانێك حەز دەکات لە هەڵبژاردەیەکدا بێت بۆ ئەوەی بە باشی وەرزش بکات، لە کوردستان ئەو شتە نییە، هەموان بۆ خۆیان کەسی خۆیان بەکار دەهێنن.

***باشترین ئەنجامەکانت چی بوون؟**

-بەشداریی پاڵەوانێتیی عێراقی و دۆستانەکان و نێودەوڵەتییشم کردووە، ئەنجامەکانم باش بوون.

***بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

- یاریزانانی جیهانی زۆرن، بەڵام من بە خۆم سەرسامم، چونکە تایبەتمەندیی خۆم هەیە هەموو یاریزانێك نییەتی.

***گرێبەستت بۆ هاتووە لە یانەکان؟**

-نەخێر، تاکو ئێستا بۆم نەهاتووە.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو هەموو خزمەتە زۆرەی کە بە وەرزشکارانی دەکات، سوپاس بۆ خوای گەورە کە هەمووکات پاڵپشتم بووە.



# یاریزانێکی بەرشلۆنە بۆ فرۆشتن نییە



دێکۆ بەڕێوەبەری یانەی بەرشلۆنە هەموو شتێکی یەکلاکردەوە لەسەر دەنگۆکانی چوونی ڕۆناڵد ئاراوخۆ بۆ یانەی بایرن میونیخ.

یانەی بایرن میونیخ لە هەوڵی ئەوەدابوو گرێبەست لەگەڵ ڕۆنالد ئاراخۆ مۆربکات و گرێبەستی فەرمی پێشکەشکردووە و ئەوەش ترسی لای یانەی بەرشلۆنە دروستکردووە ئەگەرچی ئاراوخۆ دووپاتیکردووە، کە لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە دووپاتکردووە.

دیکۆ لە لێدوانێکیدا گووتی: یانەی بایرن میونیخ ئاراوخۆی دەوێت؟ ئێمە بیر لە فرۆشتنی ناکەینەوە و ئەو یاریزانە بۆ فرۆشتن نییە، ئاراوخۆ یەکێکە لە یاریزانە گرنگەکانی داهاتووی بەرشلۆنە.

دێکۆ زیاتر گووتی: دەمانەوێت ئاراخۆ دڵخۆش بێت بۆیە هیچ شتێک نییە لەو بارەیەوە قسەی لەسەر بکرێت.

بەرشلۆنە بۆ پارێزگاریکردنی لە یاریزانەکە، ئاراخۆ بووە کاپتنی سێیەمی یانەکە لە دوای سێرجی ڕۆبێرتۆ و تێرشتینگن.

# جیرارد گرێبەستەکەی نوێکردووە

ستیڤن جێرارد ڕاهێنەری یانەی ئیتفاقی سعودی ڕێککەوتنێکی مۆرکرد بۆ درێژکردنەوەی گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەکەی تاوەکو ساڵی ٢٠٢٧.

جێرارد لە ساڵی ڕابردوو پەیوەندی بە یانە سعودییەکەوە کرد، بەڵام لە هەشت یاریی ڕابردوودا هیچ سەرکەوتنێکی تۆمارنەکردووە و لە کۆی ١٩ یارییدا تەنیا شەش سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و ئێستا پلەی هەشتەمی ڕیزبەندیی خولی ڕۆشنی گرتووە.

جێرارد، هاونیشتیمانییەکەی جۆردن هندرسۆنی لە دەستدا دوای ئەوەی شەش مانگ پێکەوە بوون لە خولی ڕۆشنی سعودیە و یاریزانەکە ڕوویکردە یانەی ئەجاکسی هۆڵەندی.

جێرارد چەند ڕۆژێک لەمەوبەر یان فۆستەری یاریدەدەرەکەی لە دەستدا دوای ئەوەی گەڕایەوە ئینگلتەرا و بووە ڕاهێنەری پلیمۆس.

یانەی ئیتیفاق دوای ئەوەی جێراردی کردە ڕاهێنەری تیپەکەی گرێبەستی لەگەڵ جۆرجینیۆ ڤیناڵدۆم و دیمارای گرای و موسا دێمبلی و جاک هێندری مۆرکردووە.




# ڕیال مەدرید گرێبەستی یاریزانێکی نوێکردووە

یانەی ڕیال مەدرید بەفەرمی گرێبەستی ئیدێر میلیتاوی بەڕازیلی و بەرگریکاری یانەکەی نوێکردەوە.

گرێبەستەکەی پێشووی میلیتاو لەگەڵ ڕیال مەدرید لە هاوینی ساڵی ٢٠٢٥ تەواودەبوو.

لە بەیاننامەیەکی فەرمیدا یانەی ڕیال مەدرید نوێکردنەوەی گرێبەستی میلیتاوی تا ساڵی ٢٠٢٨ ڕاگەیاند.

لە بەیاننامەکەدا هاتووە: ڕیال مەدرید و ئیدێر میلیتاو گەیشتنە ڕێککەوتن لەسەر نوێکردنەوەی گرێبەستی یاریزانەکە تا هاوینی ساڵی ٢٠٢٨.

میلیتاو لە ساڵی ٢٠١٩ گەیشتە ڕیال مەدرید لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا، لە ماوەی پێنج ساڵی یاریکردنیدا بوو بە یەکێك لە باشترین بەرگریکارەکانی جیهان.

لەگەڵ ریال مەدرید توانیویەتی ٩ نازناو بباتەوە (خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، جامی جیهانی یانەکان، جامی سوپەری ئەوروپا، دوو نازناوی خولی ئیسپانیا، جامی شای ئیسپانیا، سێ نازناوی سوپەری ئیسپانیا.

لە (١٤٣) یاری بە درێسی ڕیاڵ مەدرید کردووە و توانیویەتی ١١ گۆڵ بکات.



# هەولێر هەڵدەستێتەوە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەولێر هەر چەندە لە قەیرانی دارایی دایە و ژمارەیەك لە یاریزانەكانی ڕیزی تیپەكەیان جێ هێشتووە، بەڵام كارگێڕیی یانەی هەولێر دەستەی ڕاهێنەرانی دیاری كردووە بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لەم یارییانەی ماویانە، بۆ ئەم مەبەستەش یانەكە بە فەرمی حیدەر عەبدول ئەمیری یاریزانی پێشووی یانەكەی كردووەتە ڕاهێنەر، لەبارەی بارودۆخی یانەكەوە (ئەحمەد شوكر) ئەندامی دەستەی كارگێڕیی یانەی وەرزشیی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە لە دەستەی كارگێڕیی یانەی وەرزشیی هەولێر بە فەرمی بۆ یارییەكانی ئەم وەرزەی خولی ئەستێرەكانی عێراقی گرێبەستمان لەگەڵ هەریەك لە (حەیدەر عەبدولئەمیر و فیراس شێخلی) وەك ڕاهێنەر و یاریدەدەری ڕاهێنەر كردووە، كە هەردووكیان ئەزموونی باشیان هەیە، دەمانەوێت بە هێنانی ئەم ڕاهێنەرانەش ئاستی تیپەكە ببەینە قۆناغێكی باشتر و ئەنجامەكانمان باشتر بێت»، لە بارەی هێنانی یاریزانی تازەش بۆ یانەكە گوتی: «لەگەڵ چەند یاریزانێكی پیشەگەر لەگفتوگۆداین لەسەر پێشنیاری ڕاهێنەر، بۆ ئەوەی بتوانین گرێبەستیان لەگەڵ واژوو بكەین، بەڵام هێشتا بە فەرمی نەگەیشتوینەتە ڕێككەوتنی كۆتایی، چەند یاریزانێكیش ڕیزی تیپەكەیان جێ هیشتووە و ئەوانی دی لە یانەكە بەردەوامن و خەریكی ئامادەكارییەكانین بۆ دەستپێكردنەوەی یارییەكان، یاریزانەكانی دیكەشمان لە یانەكە بەردەوامن و خەریكی مەشقەكانن، دەمانەوێ لەم یارییانەی ماون هەولێر ببەینە قۆناغێكی باشتر، بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامەكانمان باشتر بكەین».

# تیپی تۆپیی پێی یانەی زانكۆی جیهان دەچێتە قۆناغێكی تازە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی زانكۆی جیهان دوای ئەوەی وەرزی ڕابردوو نەیتوانی ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنێت لە خولی یانە پلە یەكەكانی كوردستان، هەر بۆیە یانەكە تووشی دابەزین هات بۆ ڕیزی یانە پلە دووەكانی كوردستان، ئەم وەرزە كارگێڕیی یانەكە پلانی تۆكمەی داناوە بۆ دووبارە هەستانەوەی تیپەكە، لەم بارەشەوە ئەندازیار بورهان سابیر سكرتێری یانەی وەرزشیی زانكۆی جیهان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ بەرنامەی جیاوازترمان داناوە بۆ ئەوەی بتوانین جارێكی دی تیپەكە سەربخەینەوە بۆ ڕیزی یانە پلە یەكەكانی كوردستان، لە ئێستادا ستافی ڕاهێنەرانمان دیاری كردووە و كاپتن فەتحی قەرەنی بە فەرمی كراوەتە ڕاهێنەری تیپی پێشكەوتوانی یانەكە، لە هەوڵی ئەوەشداین چەندین یاریزانی ئاست بەرز بهێنینە ڕیزی یانەكەمان، بۆ ئەوەی لە دەستپێكی یارییەكانی وەرزی نوێ خولی یانە پلە دووەكانی كوردستان تیپەكەمان ئامادە و تۆكمە بێت، بەرنامەمان ئەوەیە گرنگیی زیاتر بە سەرجەم تیپەكانی یانەكەمان بدەین بۆ ئەوەی لە یارییە جۆراوجۆرەكاندا بتوانین كێبڕكێ بكەین لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، لە ئێستادا تەنیا تیپی تۆپی پێمان نوێ كردووەتەوە و دەمانەوێ جیاواز بین و تیپێكی بەهێز دروست بكەین بۆ ئەم وەرزە، سوپاسی سەرۆكی یانەكەشمان دەكەین بۆ ئەو پاڵپشتیی تەواوی تیپەكانی یانەكەمان، لە ئێستادا ستافی یانەكەمان لە سەرپەرشتیار و ڕاهێنەر خەریكی كۆكردنەوەی تیپەكەن بە شێوازی باش، بۆ ئەوەی تیپێكی پڕ لە یاریزانی بە توانا لە یانەكە كۆبكەنەوە تا باشترین ئەنجام بەدەست بهێنین.

# ئەرسەلان جەلال سەید سادق بەهێز دەکاتەوە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی سەید سادق لەم وەرزەی خولی نایابی یانەکانی کوردستان لە ١٥ یاریی ڕابردوو نەیتوانی ئاست و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنێت، هەر بۆیە کارگێڕیی یانەکە دەیەوێ سەر لە نوێ تیپەکە ڕێك بخاتەوە و بە دەردی قۆناغی یەکەم نەچێت، کە لە ١٥ یاری خاوەن ١٣ خاڵ بووە و لە دوایین پلەکانی ڕیزبەندی یانەکان دێت، بۆیە کارگێڕیی یانەکە بە فەرمی گرێبەستیان لەگەڵ ئەرسەلان جەلال مۆرکردووە بۆ قۆناغی دووەم، بۆ ئەوەی تیپەکە بباتە قۆناغی باشتر، لەم بارەشەوە ئەرسەلان جەلال بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لەگەڵ سەرۆکی یانە و ئیدارەکەی ڕێککەوتووین تا هەوڵی تەواو بدەین یانەکە دانەبەزێت، ئەوە داواکاریی یانەکەیە، کاری من تەنیا مانەوەی یانەکەیە لە خولی نایابی کوردستان، پلانمان ئەوەیە گۆڕانکاری بکەین و یاریزانی تازە بگوازینەوە یانەکە بۆ ئەوەی هێزێکیتر ببەخشینە یانەکە، هەر چەندە لەم کاتە یاریزان گواستنەوە ئاسان نییە لە بەر بارودۆخی دارایی یانەکە، بەڵام سەرۆکی یانەکە لە هەوڵی چارەسەرکردنیدا، جگە لەمانەش گۆڕانکاریی تەکنیکی و پێدانی ئەرکی جیاواز بە یاریزانەکانمانە بۆ ئەوەی یانەکە جیاوازتر دەربکەوێت لە قۆناغی دووەم، پشت بە خودا و پاشان پشتگیری یانەکە هەوڵی یاریزانەکان و متمانە بە ستافی ڕاهێنەران، کاری جیاواز بۆ ئەو یانەیە دەکەین، کە یانەیەکی جەماوەری و جوانی خولی نایابی یانەکانی کوردستانە.





# کوالێتیی خۆراک لە چێژەکەی گرنگترە!

ڕێنمایی نوێی تایبەت بە خۆراك بە پشت بەستن بە لێکۆڵینەوە یەك لەدوای یەکەکان ساڵ بە ساڵ گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بە مەبەستی زیاتر پاراستنی تەندروستی و کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش. لێکۆڵینەوەکان بەگشتی گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە هاوشێوەی بڕی کالۆریی خۆراك، کوالێتی خۆراك گرنگیی بۆ تەندروستی هەیە، کە لە چێژی خۆراك گرنگترە. خۆراکی کوالێتیی بەرز زۆر گرنگە، بەڵام بە بڕی گونجاو، چونکە زیاد خواردنی خۆراك هەتا ئەگەر بە کوالێتی بەرزیش بێت، دیسان بۆ تەندروستی زیانبەخش دەبێت. خۆراکی کوالێتیی بەرز ئەو خۆراکانە دەگرێتەوە کە سرووشتین و ساف نەکراون Unrefined واتە کەمترین مامەڵەی فیزیایی و کیمیاییان لەگەڵدا کراوە، هەروەها دانەوێڵەی تەواو، چەوریی تەندروست و سەرچاوە تەندروستەکانی پرۆتین. خۆراکی کوالێتی نزم بریتیین لە: ئەو خۆراکانەی کە زیاد پرۆسێسکراون واتە مامەڵەی زۆری فیزیایی یان کیمیاییان لەگەڵدا کراوە، شلەمەنییە شیرینکراوەکان، دانەوێڵە سپیکراوەکان یان سافکراوەکان، شەکری سافکراو، خۆراکی سوورکراوە لە زەیت، خۆراکی دەوڵەمەند بە چەورییە تێرەکان، خۆراکی دەوڵەمەند بە چەورییە نێوەندەکان Trans fats، لەگەڵ ئەو خۆرکانەی کە بە خێرایی ئاستی شەکری خوێن بەرز دەکەنەوە، وەکو پەتاتە. بە ڕای پسپۆڕان پێویستە کە خۆراکی ڕۆژانە پێك بێت لە سەوزە و میوەی جۆراوجۆر و ڕەنگاورەنگ ٥٠٪، دانەوێڵەی تەواو ٢٥٪، هەروەها خۆراکی پرۆتینی ٢٥٪، لەگەڵ زەیت یان ڕۆنی ڕووەکیی تەندروست بە بڕێکی کەم، هەروەها شلەمەنییە تەندروستەکان کە بریتین لە ئاو، قاوە، چای.





## مامەڵەی دروست لەگەڵ هەڵامەتدا بکە

هەڵامەت Common cold هەوکردنێکی ڤایرۆسیی ڕێڕەوی سەرەوەی کۆئەندامی هەناسەیە، بە خێرایی دەگوازرێتەوە و لەخۆیەوە چاك دەبێتەوە. زیاتر لە ٢٠٠ جۆری جیاوازی ڤایرۆس هۆکارن بۆ هەڵامەت، بەردەوام ڤایرۆسی نوێی هەڵامەت پەیدا دەبن، بۆیە لەش ناتوانێت کە بە شێوەیەکی بەردەوام بەرگری بەرانبەر بە هەموو جۆرەکانی ڤایرۆسی هەڵامەت پەیدا بکات، لەبەر ئەمەیە کە هەڵامەت بووەتە گرفتێکی تەندروستیی بەردەوام. تا ئێستا چارەسەرێکی بنبڕ بۆ هەڵامەت لەبەردەستدا نییە، ئەوەی دەکرێت بریتییە لە سووککردنی نیشانەکانی هەڵامەت تا تەواوبوونی کۆرسەکەی، بۆنموونە حەسانەوە و نووستنی تەواو کە ڕۆڵیان هەیە بۆ بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش و زووتر چاکبوونەوە،پاککردنەوەی لووت بە دەستماڵی نەرم، غەرغەرە بە ئاو و خوێ واتە یەك کەوچکی کوپ لە ناو پەرداخێك ئاوی کەمێك گەرم بکرێت بەمەبەستی سووککردنی ئازار و کڕانەوەی قوڕگ، وەرگرتنی دووشی هەڵمی، پێویست بە بەکارهێنانی دەرمانی دژەبەکتریا ناکات، چونکە ئەم دەرمانانە هیچ کاریگەری ناکەنە سەر ڤایرۆسەکانی هەڵامەت، خۆراکی دەوڵەمەند بە کانزای زینك وەکو پاقلەمەنییەکان یان تۆوەکان و کاکڵەکان، هێلکە، دانەوێڵەی تەواو، خۆراکی دەوڵەمەند بە ڤیتامین C وەکو میوە مزرەکان، بیبەری شیرین، تەماتە، کەلەرم، قەرنابیت، شووشتنی دەستەکان بە ئاو و سابون، چونکە ڤایرۆسەکانی هەڵامەت لەسەر ڕووەکان لە ژووردا بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ دەمێننەوە بەڵام تەنیا بۆ ماوەیی ٢٤ کاتژمێر بۆ کەسانی دیکە دەگوازرێنەوە، هەروەها خواردنەوەی بڕێکی باشی شلە لە ئاو، شیرەی میوە، لەگەڵ شلەی گەرمی وەکو شیر یان سوپی مریشك، تێکەڵی لیمۆ و ئاوی کەمێك گەرم لەگەڵ هەنگویندا.

# ئەم پشکنینانەی بۆ هەموو پیاوێک پێویستن

جگە لە گرتنەبەری هەنگاوەکانی پاراستنی تەندروستی لە خۆراکی هاوسەنگ، مەشقی وەرزشی، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، دوورکەوتنەوە لە جگەرە و ئەلکهول، پێویستە کە پیاوان ساڵانە چەند پشکنینێك ئەنجام بدەن، چونکە خۆپاراستنێکی کەمی ئەمڕۆ هاندەرە بۆ تەندروستییەکی باشتری سبەی. پشکنینە پێویستەکان: پێوانەی پەستانی خوێن کە وا باشترە هەر لە تەمەنی ٢٥ ساڵییەوە دەست پێبکرێت، ئاستی کۆلیستیرۆڵ و چەوریی گلیسریدە سیانییەکان لە خوێندا، پشکنینی ئاستی شەکری خوێن و تێستی هیمۆگلۆبینی گلوکۆزبوو HbA1c کە کلیلی دەستنیشانکردنن بۆ حاڵەتی پێش شەکرە و نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم، کە پیاو زیاتر لە ئافرەت تووشی دەبێت، پشکنینی خوێن بۆ پرۆتینی C-reactive Protein کە ئاستی هەوکردن لە لەشدا پیشان دەدات، پشکنینی خوێن بۆ فرمانی گڵاندی دەرەقی، کە پێویستە هەر لە تەمەنی ٢٠ ساڵییەوە ساڵانە ئەنجام بدرێت بۆ دڵنیابوون لە نەبوونی حاڵەتی سستبوونی گڵاندی دەرەقی، کە تا ڕادەیەك باوە لە نێو پیاواندا، پشکنین بە پێنۆڕی کۆڵۆن Colonoscopy کە باشترە لە تەمەنی ٥٠ ساڵی بەسەرەوەدا ئەنجام بدرێت بۆ دڵنیابوون لە پاکیی ڕێکە و کۆڵۆن لە شێرپەنجە، کە دووەمین هۆکاری مردنە بە شێرپەنجە لە پیاودا، سۆنار و پشکنینی خوێن بۆ PSA تایبەت بە شێرپەنجەی پرۆستات، کە پێویستە لە تەمەنی ٤٠ ساڵی و بەسەرەوە ئەنجام بدرێت، تیشکی ئێکس بۆ سییەکان، پشکنینی گشتیی خوێن CBC بۆ دڵنیابوونی لە ڕێژەی ئاسایی پێکهاتەکانی خوێن، پشکنینی تیشك بۆ دیارکردنی ئاستی چڕیی ئێسك، پشکنینی چاو بۆ دڵنیابوونی لە ئاستی پەستانی چاو و بەلاوەنانی ئەگەری ڕوودانی ئاوی سپی، بەتایبەتی پاش تەمەنی ٦٠ ساڵی، هەروەها پشکنین بۆ بەسەرکردنەوەی پێست و ددانەکان.



# خەمۆکیی زستان



لە نێوان سەرما، هەوای وشک، بای سارد، لەگەڵ شەوە کورتەکاندا، زستان بارگرانی دەخاتە سەر تەندروستی، بەتایبەتی کە دەبێتە هاندەر بۆ خەمۆکی. خەمۆکیی زستان Winter depression کە بەشێکە لە خەمۆکیی وەرزی، حاڵەتێکی دەگمەن نییە و لە گەلێک کەسدا لە هەمان کاتی ساڵ لە وەرزی زستاندا سەرهەڵدەدات. هۆکاری خەمۆکیی زستان دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەرە دەرەکییەکانی تایبەت بە کەشوهەوای زستان و کەمیی تیشکی خۆر، کە کاریگەری دەکەنە سەر کاتژمێری بایۆلۆژیی لەش و ئاستی هۆرمۆنی میلاتۆنین، کە دەبێتە هۆی شێواندنی خەو، هەروەها هاندەرن بۆ کەمبوونەوەی ئاستی ماددەی سیرۆتۆنین Serotonin لە لەشدا، کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر مەزاج دەبێت. نیشانەکان: کەمبوونەوەی ئارەزوو و چالاکییەکانی ڕۆژانە، هەستکردن بە دڵتوندی لە زۆربەی کاتەکانی ڕۆژدا، هەستکردن بە ماندووبوونی درێژخایەن، گرفت لە تەرکیزکردندا، هەروەها زیاد نووستن. هەنگاوەکانی سووککردنی خەمۆکیی زستان: خۆدانە بەر تیشکی خۆر، ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی وەکو پیادەڕۆیی یان جیم، گرنگیدان بە خەو، وەرگرتنی دووشێکی گەرم پێش نووستن، نووستنی پاش نیوەڕۆ بە مەرجێك ماوەکەی لە ٣٠ خولەك زیاتر نەبێت، دوورکەوتنەوە لە خواردنەوەی قاوە یان چای بەلای کەم ٤-٦ کاتژمێر پێش کاتی نووستن، لەگەڵ دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی مۆبایل، تابلێت یان کۆمپیوتەر، لە کۆتاییدا لەوانەیە کە پێویست بە چارەسەری پزیشکی بکات، کە خۆی دەبینێتەوە لە بەکارهێنانی دەرمانی دژەخەمۆکی، چارەسەر بە ڕووناکی Light therapy، هەروەها بەکارهێنانی کەپسولی ڤیتامین D.

# زۆربەمان دەمانەوێت کێش داب

ئەوە گومانی تێدا نییە کە کێشی زیاد و قەڵەوی گرفتی گەورە بۆ تەندروستی پەیدا دەکەن، بۆیە کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش گرنگیی تەندروستیی زۆری هەیە، بەڵام چۆن بە سادەترین هەنگاو کێشی زیاد دادەبەزێنین؟ ئەمە ڕوونە کە بۆ دابەزاندنی کێش پێویست بە ڕیجیم Diet و مەشقی وەرزشی بە چاودێری دکتۆر دەکات، بەڵام سەرەتا پێویستە درك بەم ڕاستییە زانستییە بکرێت کە بۆ دابەزاندنی کێش گرنگیی ڕیجیمی خۆراك زیاترە لە مەشقی وەرزشی، واتە ٧٠٪. لێکۆڵینەوەکان جەختیان کردووەتەوە کە ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی بەبێ ڕیجیمی خۆراك بێ ئەنجام دەبێت بۆ دابەزاندنی کێشی لەش، لەوانەشە کە ببێتە هۆی زیادبوونی کێش. چەند خاڵێکی گرنگ: باشترین و تەندروستترین دابەزاندنی کێش بریتییە لە کەمکردنەوەی تەنیا نیو کیلۆگرام لە هەفتەیەکدا، واتە دابەزاندنی لەسەرخۆ، هەوڵ بدە مەشقی وەرزشیی هەفتانە بکاتە ١٥٠ خولەك یان بەلای کەم هەفتانە پێنج جار بۆ ماوەی ٣٠ خولەك، پێویستە ڕۆژانە سێ ژەمی سەرەکیی خۆراك بخۆیت و هەوڵ بدە کە لە نێوان ژەمە سەرەکییەکاندا کەمترین خۆراك بخۆیت، خواردنی ٨٠ گرام لە سەوزە و میوەی جۆراوجۆر و ڕەنگاوڕەنگ ڕۆژانە پێنج جار، دوورکەوە لە شلەمەنییە شیرینکراوەکان، ئاو باشترین



# بەهای خۆراكیی نۆك

نۆك Chickpeas سەرچاوەیەكی دەوڵەمەندە بە پرۆتین، كاربۆهیدرات، ڕیشاڵ، كۆمەڵەی ڤیتامین بەتایبەتی B9، ئاسن، مەگنسیۆم، زینك، پۆتاسیۆم، فۆسفۆر، لەگەڵ ڕێژەیەك لە ترشە چەورییە ناتێرەكانی وەك: ترشی لاینۆلیك Linoleic و ترشی ئۆلیك Oleic. سوودە تەندروستییەكانی نۆك: ڕێكخستنی ئاستی شەكری خوێن و كەمكردنەوەی ئەگەری پەیدابوونی بەرگریی خانەكانی لەش بۆ هۆرمۆنی ئینسولین، بۆیە نۆك خۆراكێكی گونجاوە بۆ كەسانی تووشبوو بە نەخۆشیی شەكرە، خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییەكانی كۆئەندامی دڵ و سووڕان بەتایبەتی نەخۆشیی دڵ و جەڵتەی مێشك، دابەزاندنی ئاستی كۆلیستیرۆڵ و چەوریی گلیسریدە سیانییەكان لە خوێندا، كۆنترۆڵكرنی پەستانی خوێن، كۆنترۆڵكردنی كێشی لەش لەوكاتەی كە نۆك هەستی تێربوون بۆ ماوەیەكی باش دەهێڵێتەوە، واتە ڕێگرتن لە زوو هەستكردن بە برسیبوون و زیاد خواردن، هاندانی تەندروستیی كۆئەندامی هەرس و خۆپاراستن لە قەبزی، لەگەڵ هاندانی گەشەی بەكتریای سوودبەخشی ڕیخۆڵە بەوەی كە نۆك جۆرێك ڕیشاڵی تەواوە بە ناوی ڕافینۆز Raffinose لەخۆدەگرێت، هەروەها سووككردنی نیشانەكانی هەوكردنی درێژخایەنی ڕیخۆڵە IBD.

# ـــــــەزێنێن، بەڵام چۆن؟



شلەمەنییە، خۆراكی چەور و شیرین كەم بكەرەوە، دانەوێڵەی تەواو Whole grains بكەرە جێگرەوەی برنج و دانەوێڵە سافكراوەكانی دیكە، بۆنموونە نان و بەرهەمەكانی دیكەی گەنمی تەواو، ساوار، شوفان، گەنمەشامی، كینوا Quinoa.

# ڕۆبۆتە سەرنج ڕاکێشەکان

**لە پێشانگای ساڵانەی CES2024دا، سەرەڕای نیشاندانی سەدان ئامێری نوێ پێشکەوتووی دیجیتالی، پاڵپشتیکراو بە زیرەکیی دەستکرد، چەندین ڕۆبۆتی سەرنجراکێشیش**




## ڕۆبۆتی پۆستەچی بەسەر پەیژەدا سەردەکەوێت

گەلێك ڕۆبۆت هەن کاریان گواستنەوەی کاڵایە، وەك ئەو ڕۆبۆتانەی دلیڤەری خواردن دەکەن یا کەلوپەلی دیکە دێنن و دەبەن. بەڵام گرفتێکی سەرەکی لە ڕۆبۆتەکاندا ئەوەیە ناتوانن بەسەر قادرمەدا سەربکەون.

ڕۆبۆتی جۆری Mobinn کاری پۆستەچیەتی دەکات و لە هەموو بەربەستێکیش دەرباز دەبێت. ڕۆبۆتەکە لەژێر چاوەدێری کۆمپانیای هیوندادا بەرهەم هاتووە. خاڵێکی سەرنج ڕاکێش لەو ڕۆبۆتەدا ئەوەیە دەتوانێت بۆ ماوەی ٨ کاتژمێری بەردەوام بەبێ گرفت بەسەر قادرمەکاندا بڕوات. ڕۆبۆتی ناوبراو بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکان بۆ شوقە و باڵاخەکان زۆر گرنگە. چوار مۆتۆڕی لەسەرە و بۆ هەر تایەیەك مۆتۆڕێك دانراوە. بیرۆکەی دروستکردنی ڕۆبۆتی Mobinn بۆ بەرهەمهێنانی ڕۆبۆتی گواستنەوەی مرۆڤە کەمئەندامەکانیش دەگونجێت.




## ڕۆبۆتێک بەهێزتر لە بەرهەمهێنەرەکەی!

لە پێشانگای ساڵانەی CESدا، کۆمپانیایەکی چینی ڕۆبۆتێکی خستەڕوو کە بەجۆری Unitree H1 ناسراوە. ڕۆبۆتێکی مرۆڤ شێوە، بەرزی باڵای ١٨٠ سم و کێشی ٤٧ کیلۆیە. باتری بەهێزی لەسەر داندراوە. وەك مرۆڤ لەکاتی کەوتندا هەڵدەستێتەوە. لەسەرەکەیدا کامێرایەك هەیە بۆ ناسینەوەی دەوروبەری خۆی و ڕۆڵی چاو دەگێڕێت. لەو ڕۆبۆتەدا لەپی دەست نییە و کۆمپانیای بەرهەمهێن پێیوایە زۆری ماوە ڕۆبۆتەکە تەواو بکرێت. ئەژنۆکان وەك مرۆڤ دەنووشتێنەوە. خێرایی ڕۆیشتنەکەی زیاتر لە ٥ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا، ڕێك بەقەد مرۆڤێك و ئەرکی مرۆڤیش لە کارکردنی جەستەیدا دەگێڕێت. تەنانەت لە هێز و تواناشدا پێش مرۆڤیش کەوتۆتەوە و لە زەربە و بەرکەوتنیشدا لە مرۆڤ بەهێزترە. ڕەنگە لەداهاتوودا ڕۆڵی مرۆڤ لە بواری شەڕ و سەربازیدا سوودی لێوەربگیرێت.

# ی CES2024

**نمایش کران. لە ڕۆبۆتی بچووك کە بۆ سەگەکان فیلم نیشان دەدا، تا دەگاتە ڕۆبۆتی گۆچانی نابینایان. لێرەدا گوڵبژێرێك لەو ڕۆبۆتانە دێنینەوە.**



## ئێل جی ڕۆبۆتێک بۆ چاودێری ماڵەوە بەرهەم دێنێ

لە پێشانگای ساڵانەی CESدا کۆمپانیای LG ڕۆبۆتێکی خۆی خستەڕوو کە بە جۆری Zero Labor Home ناسراوە. ڕۆبۆتەکە ئەرکی چاودێری و ئەمنییەتی ماڵەوەی بە ئەستۆیە. ڕۆبۆتەکە بچووکە لەسەر دوو تایە دەڕوات و هەموو ژوورەکانی ماڵەوە دەکات و لە هەر ژوورێك شتێکی نامۆ ببینێت، وەك ئەوەی بۆنی سووتان بێت یا ئاگرێك لە خۆوە کرابێتەوە، دەستبەجێ بەکارهێنەرەکەی ئاگادار دەکاتەوە. گلۆپەکانی ماڵەوە هەڵدەکات و دەکوژێنێتەوە. ڕۆبۆتی ناوبراو لە سیستەمی زیرەکی دەستکرد سوود وەردەگرێ و پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەرەکەی بە پێی زمانی ئاخاوتنی مرۆیی بەکار دێنێت نەك وەك مرۆڤ، جگە لەوەش دەتوانێت بە ڕیتمی دەنگی کەسانی ماڵەوە قسە بکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی چاودێری کردنی گیاندارانی ماڵەوەش جێبەجێ دەکات. ئەو گلۆپ و ئامێرە کارەباییانەی بەبێ هۆ هەڵکراون، دەکوژێنێتەوە.



## ڕۆبۆتی ئۆرۆ چاودێری گیاندارانی ماڵەوە دەکات

یەکێك لەو ڕۆبۆتانەی کە لە پێشانگاکەدا نمایش کران، ڕۆبۆتی Oroیە کە بەرهەمی کۆمپانیایەکی هیندییە. ئەرکی ڕۆبۆتەکە ئەوەیە کاتێك ئەندامانی ماڵەوە لە ماڵ نەبن ئاگاداری گیاندارەکانی ماڵەوە وەك سەگ و پشیلە بێت، بەتایبەتی سەگ. لەو کاتانەی پێویستیان بە خواردنە، خواردنیان بداتێ و هەروەها یاریان لەگەڵدا بکات.

ڕۆبۆتەکە پەیوەندییەکی دوو لایەنەی هەیە و بەکارهێنەر دەتوانێت کە لە ماڵەوەش نەبێت بە وردی ئاگاداری سەگ و پشیلەکانی بێت و پەیوەندییان لەگەڵ دابمەزرێنێت. لە شوێنێکی ڕۆبۆتەکەدا شوێنی دانانی تۆپ هەیە و تۆپەکە بۆ سەگ هەڵدەدات و ئەویش بۆی دەهێنێتەوە. بەهێزترین خاڵی ڕۆبۆتەکە پاڵپشتیکردنی ژیری دەستکردە، بەهۆی ئەوەوە ڕۆبۆتەکە لە هەڵسوکەوتی سەگەکە تێدەگات و بە گوێرەی خۆی لەگەڵی دەجوڵێتەوە.

# ڕۆبۆتی پاككەرەوە



لەمێژ ساڵە گەسكی كارەبایی شوێنی گەسكی دەستی گرتۆتەوە، بەڵام گەسكی كارەبایش پێویستی بە مرۆڤە بۆ ئەوەی شوێنەكان پاك بكاتەوە، ئەركی كەسگی كارەبایی تەنیا ئەوەندەیە زبڵوزاڵ هەڵمژێ.

لە پێشانگای CESی ئەمساڵدا، ڕۆبۆتێكی پاككەرەوەی Matic نیشان درا كە وەك سەیارەیەكی بچووك وایە و بەبێ ئەوەی مرۆڤ بەكاری بێنێ، هەموو دەوروبەر پاك دەكاتەوە. تەنانەت تەڕایی و ئاویش هەڵدەمژێت..

ڕۆبۆتەكە لە زیرەكی دەستكرد سوود وەردەگرێت، پێنج كامێرای تێدایە و نەخشەی شوێنەكە بە شێوەی سێ ڕەهەندی دەگرێت. ڕۆبۆتە پاككەرەوەكە تەنانەت كەلوپەلەكان دەناسێت و ئەوانەی بێكەڵكن كۆدەكاتەوە. هیچ دەنگێكی نییە و زۆر بە ئارامی هەموو شوێنێك پاك دەكاتەوە. دەتوانرێت وای لێبكرێت هەموو ڕۆژێ لەكاتژمێرێكی دیاریكراودا دەست بكات بە پاككردنەوە.




## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێكی بەڕێز دەپرسێت چۆن فایلێكی word بكەم بە فایلێكی PowerPoint؟ خوێنەری بەڕێز دوای ئەوەی كە لە word دا فایلەكەت نووسی و بەشی تایتڵ و بەشی تێكستت لێك جیاكردەوە، لە بەشی Home دا بچۆ سەر بەشی styles و ئەو بەشەی كە تایتڵ و سەردێڕە بكە بە Heading 1 و ئەو بەشەی كە ناوەڕۆكە بە Heading 2 دیاری بكە و فایلەكەت سەیڤ بكە. دواتر فایلێكی PowerPoint بكەوە و لە بەشی home دا New Slide بكەوە و دوای ئەوە Slides from Outline هەڵبژێرە ئیدی دەبینی كە فایلە ۆردەكەت بۆتە پاوەرپۆینت و لەوێدا دەتوانی بە ویستی خۆت دەستكاری فایلەكەت بكەی.

# پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی ژیریی دەستکرد

یەكێك لەو پرۆگرامانەی تایبەتن بە دروستكردنی ژیری دەستكرد، پرۆگرامی Gilisoft AI Toolkitە، پرۆگرامەكە پێكهاتووە لە كۆمەڵێك پرۆگرامێكە بۆ ئەوانە بە سوودە كە نیازیانە لە كاروباری تەكنەلۆژیادا سوود لە ژیری دەستكرد وەربگرن. پرۆگرامەكان بریتین لە (ocr) تایبەت بە لێكجیاكردنەوەی دەق لە وێنە. پرۆگرامی TTS تایبەت بە گۆڕینی دەق بە دەنگ.




جگە لەوەش چات باتێكی تایبەت بە ژیری دەستكرد كە دەكرێت بەشێوەیی ئاسایی وەك مرۆڤ بجوڵێتەوەو پەیوەندییەكی هاوشێوەی مرۆڤ ئەنجام بدات. بەگشتی ئەوەی تایبەتە بە ژیری دەستكرد وەك گۆڕینی دەق بە دەنگ و پێچەوانە و هەروەها وەرگرتنی دەق لە وێنە و فایلەكانی PDF لەو كۆمەڵە پرۆگرامەدا هەیە.


## سامسۆنگ ڕۆبۆتێکی نوێی بەرهەمهێنا



لە پێشانگای ساڵانەی CESدا سامسۆنگ بە خستنەڕووی ڕۆبۆتی جۆری Ballie، سەردانی کەرانی پێشانگاکەی سەرسام کرد. ڕۆبۆتێك هەر بەقەد تۆپێکی بۆلینگە. زۆربەی ئەرکەکانی ماڵەوە ئەنجام دەدات، وەك کوژاندنەوەو پێکردنەوەی ئامێرە ئەلکترۆنییەکانی ماڵەوە، لە هەمووی گرنگتر پرۆژکتەرێك واتە داتاشۆیەکی تایبەتی لەگەڵدایە کە بە کوالیتییەکی زۆر بەرز نیشان دەدا. ڕۆبۆتەکە دۆستێکی نزیکی گیاندارانی ماڵەوە وەك سەگ و پشیلەیە و یاریان لەگەڵ دەکات و فیلمیان نیشان دەدا. ڕۆبۆتی ناوبراو وەڵامی پەیوەندییەکان دەداتەوە. لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵی کامێرایەکی بەهێز دەگێڕێت. لەکاتی گەڕانەوەی ئەندامانی ماڵەوە بەخێرهاتنیان دەکات.

## ڕۆبۆتی قاوەچی

لە پێشانگای ساڵانەی CESدا یەکێك لەو ڕۆبۆتانەی سەرنجی زۆری بەشداربووانی پێشانگاکەی ڕاکێشا، ڕۆبۆتێکی قاوەچی بوو کە بە ڕۆبۆتی Richtech ناسراوە. ڕۆبۆتەکە لە شوێنێکی وەکو کافتریایەکدایە و کاتێك بە دەنگ فەرمانی پێدەکەی کە قاوەیەکم بۆ ساز بکە بەم تایبەتمەندییانە، ڕۆبۆتەکە دەستبەجێ دەست دەکات بەکار کردن و بەجێهێنانی فەرمانەکە. ڕۆبۆتەکە پاڵپشتی خۆی لە ژیری دەستکرد وەردەگرێ. ڕۆبۆتی ناوبراو کەسەکان دەناسێتەوە و جارێکی دیکە بەبێ ئەوەی داوای لێبکات دەزانێ چی بۆ ساز بکات و بۆیە ڕۆبۆتەکە پرسیار دەکات ئایا هەمان قاوەی پێشووت بۆ ساز بکەم یا جۆرێکی دیکە. لە چۆنییەتی سازکردنی قاوەدا زۆر باشە، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر لەسەرەخۆیە و جارێ زۆری ماوە شوێنی مرۆڤ بگرێتەوە.





### ماڵپەڕی ژیری دەستکرد بۆ باشتکردنی کوالیتی وێنە

ئەوانەی شارەزای بواری گرافیکن، دەزانن وێنە لە گرافیك و نەخشەسازیدا ڕۆڵی یەکەم دەبینێت، بەبێ وێنە ناکرێت لە بواری نەخشەسازی و گرافیکدا بەرەو پێش بچی. تا کوالیتی وێنە لەسەرتربێت، نەخشەساز دەستی ئاواڵەترە بۆ دیزاینکردنێکی باش.

لە سەردەمی ژیری دەستکرددا زۆر ماڵپەڕ هەن کە پاڵپشتی لە ژیری دەستکرد دەکەن و دەتوانن کوالیتی وێنەکان تا ڕادەیەکی زۆر بەرز بکەنەوە. یەکێك لەو ماڵپەڕانە letsen-hance.ioە. کاتێك هەژمارێکی خۆت لەو ماڵپەڕەدا دەکەیەوە تاکو دە جار دەتوانی بە خۆڕایی سوودی لێوەربگری و پاشان دەبێت لە هاوبەشی مانگانەدا تێچوویەك دابنێی. ماڵپەڕەکە لە ریزی باشترین ماڵپەڕەکانی تایبەت بەبەرزکردنی کوالیتی وێنە دێت.

# پێڵاوی چەرمی ڕەش بۆ پیاوان



پێڵاوی چەرمی ڕەش هەمیشە یەکێکە لەو بژاردە نایابانەی کە دەتوانرێت بۆ چاوپێکەوتنی کار و بۆنە فەرمییەکان لەگەڵ پۆشاکدا ڕێک بخرێت، بەبێ گوێدانە جۆری جلوبەرگی فەرمی یان نافەرمی.

پێڵاوی چەرمی ڕەش بۆ پیاوان ڕێکخستنێکی بنەڕەتییە کە یارمەتیدەرە بۆ تیشکخستنە سەر کەسایەتیی ڕاستەقینەی پیاو، کە شیکپۆشی و جیاوازیی پێ دەبەخشێت، بەتایبەت پێڵاوی چەرمیی کلاسیک کە زیاتر بەناوبانگە، هەربۆیە براندە جیهانییەکان دیزاینی جیاواز و جۆراوجۆر پێشکەش دەکەن، بەتایبەتی ڕەنگی ڕەش، کە جگە لەو کەرەستانەی کە لە دروستکردنیاندا بەکار دەهێنرێن، وەکو جۆری چەرم، جیاوازیی پێڵاو لە جۆری نوێ و مۆدێرن، هاوکات جۆرێک لە ڕێکپۆشیش بە پیاوان دەبەخشێت.

مۆدەی پێڵاوی چەرمیی ڕەش لەم دواییانەدا ناوبانگێکی زۆری بەدەست هێناوە، ئەوەشی کە وای کرد کە یەکێك بێت لە دیارترین مۆدەکانی پێڵاوی پیاوان، ئەوەیە کە مارکەی جیل ساندەر (Jil Sander) چەندین دیزاینی بۆ پێڵاوی پیاوان خستووەتە ڕوو، بەتایبەتی بە ڕەنگی ڕەش.







## بەردی شاهانە (حجر الملوك) جوانترین ئێکسسوارات کە بۆ زستانی ٢٠٢٤ دیزاین کراوە

بەردی جەمشیت یەکێکە لە پێنج بەردە سەرەکییە بەنرخەکەی جیهان، کە لە پاشماوەی گرکانەکاندا پەیدا دەبێت، بەتایبەت بەردی جەمشیتی ڕەنگی وەنەوشەیی، کە ئەم بەردە وا باوە پەیوەستە بە حوکمڕانی و هێز و دەسەڵاتەوە، دەسەڵاتداران ئەم بەردەیان لا پەسەند بووە بەهۆی ڕەنگە دڵڕفێن و گەشاوەکەی، کە زۆر جار وەك ئەنگوستیلە لە دەستیان کردووە و بە بۆچوونی خۆیان وزە و حیکمەتی پێ بەخشیون.

**ملوانکەی باریکی کلیۆ ڕیڤ دایمۆند لە مارلی نیویۆرک**

مارلی نیویۆرك بۆ ئەم ملوانکەیەی، بەتایبەتی بە بەردی جەمشیتی بە دیزاینێکی مۆدێرن و ژنانە تێکەڵ کردووە، کە دیمەنێکی ناوازە بە مەچەك دەبەخشێت، ملوانکەیەکی ئاسانە بۆ لەملکردن و بە هێڵی ناوازە و ڕەنگین دیزاین کراوە، کە بە بەردی ئەڵماسی درەوشاوە لە دەوری ملوانکەکەدا دڕێژراوە.



**ئەڵقەی EXQUISES لە Chaumet**

ئەڵقەکە بە یەکێك لە گرنگترین پارچە ئێکسسوارادتەکان دادەنرێت، کە دەتوانیت بۆ ئەوەی تەنیا جوانی دیزاینی ئەڵقەکە دەربخەیت، بە تەنیا لەپەنجەتی بکەیت، بەتایبەتی ئەگەر بە بەردێکی بەنرخی وەکو جەمشیت ڕووپۆش کرابێت.

**ئامادەکردنی: شیلان عەلی**

# ڕێگەکانی ستایلکردنی پاڵتۆی سوور بۆ زستانی ٢٠٢٤



هەموو خانمێك پێی باشە چاکەتییێکی گونجاو بۆ خۆی هەڵبژێرێت، چونکە مۆدێکی نایابە کە لە هەمان کاتدا دیمەنێکی جوان و ڕەونەقداری پێ دەبەخشێت، بۆیە براندەکانیش زۆر گرنگیی پێدەدەن، وەك:



چاکەتی سوور لە کۆمپانیای بینێتۆن Benetton

ئافرەتان بە تێکڕا ئەم چاکەتە ڕەونەقدارەیان خۆش دەوێت، چونکە هەستێکی ئافرەتانەیان پێ دەبەخشێت و سەرنجت بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، چاکەتی بینێتۆن کە لە چەرم و فەروەیەکی سوور دروست کراوە، قۆڵی درێژ و سەردەستی پەڕ و یەخەیەکی درێژ و پان و گەورەی هەیە، کە بە دیزاینێکی کەمێك درێژ یان مامناوەند تا سەر ئەژنۆ لەگەڵ تەنوورەیەکی کورتد لە ڕەنگی ڕەش، یان سووری تۆخ و، گونجاندنی لەگەڵ لەگەڵ پێڵاوی درێژی چەرمیی سووری و جانتایەکی بچووکی دەستی ڕێك بخرێت.




چاکەتی سووری لارێتا Laretta


چاکەتی پەڕ یەکێکە لە جۆرە بەناوبانگەکان کە دیمەنێکی سەرنجڕاکێشت پێ دەبەخشێت، مارکەی لارێتا ئەم پۆشاکە سوورەی بە قۆڵی درێژ و پان و یەخەیەکی بازنەیی کراوە دیزاین کردووە، چاکەتەکە لە سەرەوە یەك دوگمەی داخستنی هەیە، بە بڕینێکی درێژ و بەرین دیزاین کراوە، کە دەتوانرێت لەگەڵ سترێجی ڕەش و پێڵاوی کورتی سپی هەماهەنگ بکرێت.



# مێژووی شەقامی ٦٠ مەتری







لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٥ ڕێکخراوی FAO سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان (UN) ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ دابینکردنی بڕێك لە خۆراك، بەبێ بەرامبەر بۆ پرۆژەکانی ناو شارەکانی عێراق، تا پرۆژەی ستراتیژی دروست بکرێت، کە گۆڕانکاری بەسەر سیمای شارەکاندا بهێنیت و هەنگاوێك بێت بۆ شارستانییەت و بنیاتنان، پرۆژەکە بریتیی بوو لە پێشکەشکردنی پێداویستیی خۆراك و پاداشتی ڕۆژانەی کرێکاران، ئەوانەی لە پرۆژەیەکدا کار دەکەن، هەروەها بەشێکی بودجەش بۆ پرۆژەکە لەلایەن ئەو ڕێکخراوەوە تەرخان کرا، پارێزگاری ئەو کاتەی هەولێر (عەبدولمونعیم مەسرەف) توانیی ئەو هەلە بقۆزێتەوە و سوودی لەم هاوکارییە وەرگرت بۆ دروستکردنی شەقامێکی گەورە، ئەم شەقامەش بە شەقامی (٦٠ مەتری) دەناسرێت، شەقامەکە لە سەرتای ساڵی ١٩٦٤ کاری دروستکردنی دەستی پێکرد و ئەم پرۆژەیە سیمای شاری هەولێری گۆڕی، وای کرد تا ئیستاش هەولێر هەر بە بازنەیی فراوان ببێت، چونکە چەندین شەقامی بە یەك دەگەیاند، وەك شەقامی کەرکووك و موسڵ و شەقڵاوە و کۆیە و مەخمور، بەبێ گەڕانەوە بۆ ناو شار، هەروەها بەیەکبەستنەوەی گەڕەکە نوێیەکانی هەولێر وەك ئازادی و ڕووناکی و ئیسکان. درێژیی ئەم شەقامە کە لە کاتی دروستکردنی بەناوی (نصر) ناونرا (١٠٥٠٠م) دە کیلومەتر و پێنج سەد مەتر بوو و پانی ٦٠ مەتر بوو، بۆیە پێی دەگوترێ ٦٠ متری، لە نێوان هەردوو سایدەکەدا باخچەیەکی ٢٠ مەتری و لە هەر لایەك ١٠ مەتر شۆستەی هەبوو، خەرجیی گشتیی پرۆژەکە (٤٥٠،٠٠٠)چوارسەد و پەنجا هەزار دینار بووە، بە شێوازێك جێبەجێ کراوە کە گشت مەرجەکانی بیناسازی و نەخشەسازیی جیهانیی تیادا بووە، لە هەمان کاتدا باخچەی نێوان هەردوو شەقامەکە وەك پشتێنێکی سەوز کاری تیادا کراوە بە چاندنی چەندین هەزار دار و گوڵی جۆراوجۆر، جاران سێ پردی پەڕینەوەی گەورەی تێدا بوو، لە ئێستادا زیاتر بووە، شەقامەکە بۆ گەیاندنی تۆڕی کارەبا بۆ گەڕەگە نوێیەکانی هەولێر و ڕێگەی خێرا بۆ پاسەکانی ناوشار (ئامانە) بەسوود بووە.





# فڕۆکەی بێفڕۆکەوان (درۆن)

لە بنەڕەتدا فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بریتین لە ڕۆبۆتێك کە لە هەوادا دەفڕێت، بە شێوە و قەبارەی جیاواز، کە هەریەکەیان لەگەڵ مەبەستێکی دیاریکراودا دەگونجێت، بەبێ هەبوونی فڕۆکەوان، ئەو فڕۆکە بێفڕۆکەوانە پێی دەگوترێت درۆن. یەکەمین فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان لە ئینگلتەرا لە ساڵی ١٩١٧ دەرکەوت و لە ساڵی ١٩٢٤ پەرەی پێ درا، شێوازی کارکردنی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان لە هەندێك جۆردا کۆنترۆڵکردنی لە ڕێگەی بەرنامەیەکەوە ئەنجام دەدرێت، کە دەتوانرێت لەسەر مۆبایلێکی زیرەك، تابلێت، یان کۆمپیوتەر دابمەزێندرێت. لە کاتێکدا کۆنترۆڵکردن لە هەندێك جۆری فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا بە بەکارهێنانی ئامێرێکی کۆنترۆڵکردنی دوور ئەنجام دەدرێت هاوشێوەی ئەو کۆنترۆڵانەی کە بۆ یارییە ڤیدیۆییەکان دیزاین کراون، بەشە سەرەتاییەکانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە پێکهاتەی پلاستیك یان ڕیشاڵی کاربۆنی دروست کراوە (ڕیشاڵی کاربۆنی بەهێزە و کێشی کەمە) پێکهاتەکەی بزوێنەرێك و پەروانەیەکی لەخۆگرتووە، لە کاتێکدا ناوەندی فڕۆکەکە کۆنترۆڵی فڕین و قۆڵی سەقامگیرکردنی ئەلیکترۆنیی بۆ کامێرا (بۆ ئەوەی کامێرا سەربەخۆ بێت لە جووڵەی فڕۆکەکە) و باقی ئامێرەکانی دیکەی تێدایە، لەگەڵ پاترییەك بۆ ئیشپێکردنی بزوێنەر.



# پرۆسەی بیستنی دەنگ



کاتێك گوێمان لە دەنگەکان دەبێت، دەبێ بزانین ئەو دەنگە بە پرۆسەیەکی سەیر و ئاڵۆزدا تێدەپەڕێت، لێرەوە دەزانین ئەو پرۆسەیە چۆن ڕوو دەدات: کاتێك دەنگەکان دەچنە ناو کەناڵی گوێ، ئەویش کاتێ شەپۆلی دەنگی بەر پەردەی گوێ دەکەوێت و دەبێتە هۆی لەرزین و، سێ ئێسك و دەزگای ناو گوێی ناوەڕاست دەجوولێنێت، ئەم جووڵەیە لەرزینەکان دەگوازێتەوە بۆ کۆکلیا (بەشی خولگەیی ناو گوێی ناوەوە) لە ڕێگەی شلەی ناویەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی شەپۆلێکی هاوشێوەی شەپۆلی دەریا، ئەم شەپۆلە دەنگییانە دەگۆڕدرێن بۆ سیگناڵی دەمار کە دەنێردرێت بۆ ئەو بەشەی مێشك کە بەرپرسیارە لە بیستن، لە بەرامبەردا ئەم سیگناڵە دەمارییانەش دەگۆڕێن بۆ ئەو دەنگانەی کە دەیبیستین.

# پیپسی چۆن بە ڕێکەوت دۆزرایەوە


پیپسی وەك یەکێك لە خواردنەوە گازییەکان لە سەردەمێکی کۆنەوە تا ئەمڕۆش ڕۆژانە خواردنەوەی خەڵکە، ئەو خواردنەوەیە بە ڕێکەوت لە ساڵی ١٨٩٨ (کالێب برادهام) لە دەرمانخانەکەیدا کاری لەسەر کرد، ئەوەیش بە تێکەڵکردنی چەند پێکهاتەیەك لەگەڵ ئاوو سۆدە، بۆ ئەوەی لە ڕۆژانی هاویندا لە دەرمانخانەکەدا پێشکەشی کڕیارانی بکات، کالێب برادهام دڵنیا بوو کە کاتێك خەڵك دێنە دەرمانخانەکەی، دەبێ شتێکیان پێشکەش بکات کە لە ڕۆژانی گەرمدا فێنکیان بکاتەوە، سەرەتا تێکەڵەکە بە (خواردنەوەی برادهام) ناسرابوو، دوای ئەوە کالێب برادهام بڕیاری دا خواردنەوە جیاوازەکەی ناو بنێت (پێپسی کۆلا) چونکە بە بۆچوونی ئەو، چارەسەری تەنگەنەفەسیی دەکرد، کە بە نارێکیی هەناسەدان ناسراوە، یان بە ئاماژەدان بە ئەنزیمەکەی (پێپسین) کە یەکێکە لە ئەنزیمەکانی هەرس، کە گەدە بەرهەمی دەهێنێت و ڕۆڵێکی سەرەکیی هەیە لە پرۆسەی هەرسکردندا، کاتێك خەڵك پەلەیان دەکرد بۆ کڕینی خواردنەوەکەی، برادهام قەناعەتی هێنا کە کۆمپانیایەکی بچووك بکاتەوە بۆ بەبازاڕکردنی، لە ساڵی ١٩٠٢دا پاتێنتەکەی تۆمار کرد، کۆمپانیاکەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی مایەپووچ بوو، بەڵام هەر زوو کۆمپانیاکە توانی سەرکەوتنی خۆی بەدەست بهێنێتەوە و ببێتە یەکێك لە گەورەترین کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکانی جیهان.





## کاریکاتێر

لەم کاریکاتێرەدا باس هەزار پێ دەکات کە پێیەکانی زۆرن و کاتێك گۆرەوییەکانی دەشوات دەبێ ژمارەیەکی زۆر گۆرەوی بشوات، مانای ئەوەیە ئەوانەی کار و ئەرکیان قورسە ماندووبوونیان پێوە دیارە، کە بە خواستی خۆیان نییە.



## دیمەنە سەیرەکان

کۆتایی دیواری گەورەی چین، کە بە شورای مەزن ناسراوە، لە کۆنەوە لەلایەن چینییەکانەوە دروست کراوە بە مەبەستی پارێزگاری لە شانشینەکەیان، بەڵام بیری ئەوەیان نەکردووەتەوە دوژمن ڕەنگە بە بەلەم بەلای شوورەکەدا بسووڕێتەوە و بێتە ناو خاکەکەیان.

## تیژیی چاوی هەڵۆ



چاوی هەڵۆ و بازەکان هێندە بەهێزە بە تیژترین چاوی گیانداران دادەنرێت، کە لە دوورییەکی زۆرەوە دەتوانن دیمەکان ببینن، تەنانەت دەتوانن لە دووریی ٢٠٠ کیلۆمەترەوە پێشی خۆیان بە ڕوونی ببینن، گەر ئاستی بینینی مرۆڤ وەکو ئاستی بینینی هەڵۆ بوایە چی دەبوو؟ ڕەنگە بمانتوانیایە لەسەر بانی باڵەخانەیەکی ١٠ نهۆمییەوە خوارەوە میرووەکانی سەر زەوی ببینین، هەروەها بینینێکی جوانمان دەبوو بۆ ڕەنگەکان و توانای بینینی ڕەنگی سەرو وەنەوشەیی و مەودای بینینمان دەبووە نیزیکەی ٣٦٠پلە.

## یاسا



**مافی زەرەرمەند بوو لە سکاڵای کەسێك**

یاسا مافی سکاڵاکردنی داوەتە هەر کەسێك کە زەرەرمەند بێت لە کارێك، کە یاسا بە تاوانی داناوە، ئەم مافە بۆ ئەوەیە کە کەسی سکاڵاکار بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێت لە هەر دەستدرێژییەك کە لەلایەن ئەوانی دیکەوە دەکرێتە سەری، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەشێك لە سکاڵاکان کە دەجووڵێندرێن لەلایەن سکاڵاکارەوە، هیچ بنەمایەکی نییە و دوورە لە ڕاستییەوە و، سکاڵاکار خۆشی دەزانێت ئەو سکاڵایەی کە بەرزی دەکاتەوە درۆیە، تەنیا مەبەست لێی ئەوەیە کە ئەو کەسەی سکاڵای لێکراوە تووشی زیان ببێت و ئازاری پێ بگات و بەهۆی ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوەوە نارەحەت بکرێت، لەم کاتەدا سکاڵاکار خراپ سوودی لە مافی سکاڵاکردن وەرگرتووە و ئامانجی لە سکاڵاکە تەنیا زیانگەیاندنە بە کەسی سکاڵا لەسەرکراو، بەبێ ئەوەی هیچ بەرژەوەندییەکی ڕەوای هەبێت لە سکاڵاکەدا، بۆیە یاسادانەری سزایی گریمانەی حاڵەتی لەم شێوەیەی کردووە و هەوڵی داوە لە ڕێی بەتاوانناساندنیەوە سنوورداری بکات، واتە گەر تۆ سکاڵایەکت لەدژ جوڵێندرا و تۆمەتێکت درایە پاڵ، کە ئەسڵ و ئەساسی نییە، دەتوانیت پاڵپشت بە ماددەی **٢٤٣** لە یاسای سزادانی عێراقی لە بەرامبەردا سکاڵایەك لەسەر کەسی بەرامبەرت بەرز بکەیتەوە، بە تۆمەتی هەواڵدانی درۆیینە، بەڵام ئەو کات دەبێت نیازخراپی کەسی بەرامبەرت بسەلمێنیت لەو سکاڵا درۆیەی کە پێشتر لەسەری بەرز کردویتەوە، یان بیسەلمێنیت کە زانیوییەتی ئەو تۆمەتەی دەیداتە پاڵت درۆیە و تەنیا بۆ ئازاردانت سکاڵاکەی کردووە، جا ئەگەر ئەمانەت سەلماند ئەوکات ئەو کەسەی سکاڵای درۆینەی لە دژت بەرزکردبووەوە، ڕووبەڕووی سزادەبێتەوە و دەتوانیت لە پاڵ سزاکەدا داوای قەرەبووش بکەیت، بۆ ئەو زیانانەی کە لە ئەنجامی سکاڵا درۆیینەکەوە پێت گەشتووە، کورتەی قسەکە ئەوەیە لە بەشی زۆری یاساکاندا کاتێك ماف دەدرێتە کەسێك، گرەنتی ئەوەش دەکرێت تا ئەم کەسە خراپ سوود لە مافەکانی وەرنەگرێت.

**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

ئامۆژگاری دەکرێت هاوسەنگی ڕابگریت لە نێوان ژیانی تایبەتیت و ژیانی پیشەییتدا، دوور بکەوەرەوە لەوەی گرفت لەگەڵ کەسانی چواردەورتدا دروست بکەیت لەسەر ئەو بابەتانەی بێ بایەخن، لەلایەنی تەندروستییەوە ڕەنگە گرفت لە گوێیەکانتدا دروست ببێت.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ڕەنگە ڕێکەوتنێکی گەورە بکەیت، ئامۆژگاری دەکرێیت زۆر بە وریاییەوە هەنگاوەکانت بنێیت، بچوکترین کەمتەرخەمی زیانی گەورەت پێدەگەیەنێت، لەلایەنی پیشەییەوە هەوڵ بدە کارەکانت لە کاتی خۆیدا تەواو بکەیت، پاڵپشتی تەواوت هەیە لەلایەن ئەو کەسەی کە خۆشت دەوێت و لەگەڵ ئەودا هەست بە بەهێزییەکی زۆر دەکەیت.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

یارمەتیی کەسانی دیکە بدە، کەمتەرخەمی لەم کاتەدا گرفتت بۆ دروست دەکات، لەلایەنی پیشەییەوە بەرپرسیارییەتی گەورە دەکەوێتە سەرشانت، لەلایەنی سۆزدارییەوە ئەگەر لەسەر شتێك هاوڕا نیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت، هەوڵ بدە بە هێمنی تێیبگەیەنیت و لە توورەیی دوور بکەوەرەوە.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

لەلایەنی پیشەییەوە ڕۆژێکی زۆر باش دەبێت، دەرفەتی ئەوەت بۆ دەڕەخسێت بەهرە و تواناکانت نیشان بدەیت، لە ژیانی تایبەتیتدا هەموو شتێك زۆر باشە و پێویست ناکات خۆت نیگەران بکەیت، لەلایەنی تەندروستییەوە ڕەنگە ئازار لە بەشێکی جەستەتدا دروست ببێت.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢


لەلایەنی پیشەییەوە هیچ کارێك بەبێ پلان دەست پێمەکە، هەروەها پەلە مەکە لە بڕیاردان، لەو کاتەی گرفتت بۆ دروست دەبێت بە مێشکێکی ئارامەوە کارەکانت بکە و خۆت تووشی سەرلێشێوان مەکە، لەلایەنی سۆزدارییەوە دەمەقاڵێکردن لەسەر بچوکترین کێشەکان دواتر تووشی ئەنجامێکی نەخوازراوتان دەکات.

**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بەرپرسیارییەتی زیاتر دەکەوێتە سەرشانت، لەگەڵ ئەوەشدا فشارێکی زۆرت لەسەر دەبێت، بەڵام خۆت نیگەران مەکە، بەم زووانە کێشەکانت چارەسەر دەبن، لەلایەنی جەستەیی و دەروونییەوە هەست بە باشی دەکەیت، هەوڵ بدە ئەو ئارامییە بپارێزیت.

بۆ زانیاریت

# توخمەکانی خشتەی خولی



توخمەکانی خشتەی خولی کە بە تایبەتمەندیی توخمییەکانیان پۆلێن دەکرێن، پێناسە دەکرێت بە ژمارەی پرۆتۆنەکان لە ناوك و ئەو بۆندانەی کە بەهۆی پێکهاتەی ئەلیکترۆنەکانیانەوە دروست دەبن، بەڵام ئەو خشتە خولییەی هەتا سەرەتای ساڵانی ٢٠٠٠ ئێمە پێمان وابوو کە قورسترین توخمی جێگیر (بیبمۆس) بووە کە ژمارەی گەردیلەیی (٨٣)مە لەسەر خشتەی خولی، لەم دواییانەدا دەرکەوتووە کەتوخمی بیبمۆت بە شێوەیەکی سرووشتی ناجێگیرە و دوای ( دە بە توانی نۆزدە ساڵ ) لەناو دەچێت، بەمەش ئەوە دەردەکەوێت کە بابەتی لێکهەڵوەشانی ناوکیnuclear
decay و توخمە جێگیرەکان ئاڵۆزە.



فیلم

## دایک - The Mother

فیلمێکی ئەکشن و سەرکێشییە، باس لە بکوژێکی ئافرەت دەکات، دوای ئەوەی دەتوانێت خۆی لەژێر هێرشەکانی بکوژێکی دیکە دەرباز بکات، پاشان ئەو ئافرەتە هەوڵ دەدات کچەکەی بپارێزێت کە ساڵانێکی زۆرە کچەکەی ئەو دایکەی جێهێشتووە، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٥٨ خولەکە، لە دەرهێنانی نیکی کارۆ، نووسینی پێن سرێسین، لە نواندنی جینیفەر لۆپێز، لیسیلی لوڤێل، ئۆماری هاردویك، جوزێف گارسیا، جیسی گارسیا.



## پەند و وتە

جۆن هێنری نیوامن، لاهوتی ئینگلیزی و فەیلەسووف و مێژوونووس، لە ساڵی ١٨٠١ لە لەندەن لە بەریتانیا لەدایك بووە و لە ساڵی ١٨٩٠ لە شاری بێرمینگهام کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ڕێگری و گومانەکان دەڵێت: «بوونی دەیان هەزار ڕێگری و کێشە لەبەردەمتدا، ناگات بە یەك تاکە گومان کە خۆت بۆ خۆتی دروست دەکەیت».



## یاریی وێنە

لەم شێوەیەدا حاڵەتێکی سەیر هەیە، کە ستوونەکان لە خوارەوە و لە سەرەوە دەگۆڕین، کاتێك سەیری بەشی سەرەوەی وێنەکە دەکەیت دوو ستوون دەردەکەون، کەچی لە خوارەوەش سێ ستوون هەن، هەوڵ بدە فێڵکاریی وێنەکە بدۆزیتەوە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

دەرفەتی زۆر باش دێتە بەردەمت، لەدەستیان مەدە، گرفتە دارایییەکانت چارەسەر دەبن، ئەگەر بەرپرسەکەت ئامۆژگاری کردیت لەبیری مەکە و پشتگوێی مەخە، بەختێکی باشت دەبێت، لەلایەنی تەندروستییەوە گرنگی بە سیستمی خۆراکیت بدە.




### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

تووشی نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەکی زۆر دەبیت، خۆشەویستەکەت ئەم ماوەیە بە کاتێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت، باشترە هیچ کارێك نەکەیت کە تووڕە ببێت و ئازاری هەستەکانی بدات، لەلایەنی پیشەییەوە هەوڵەکانی ئەمڕۆ هۆکاری سەرکەوتننە لە داهاتودا.



### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لەلایەنی پیشەییەوە دەگەیت بە پلەیەکی بەرز، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانیت ئەرکەکانت بە باشی و لە کاتی خۆیدا جێبەجێ بکەیت، بە پێی پلانی بەرپرسەکانت کارەکانت ئەنجام بدە، لە ژیانی تایبەتیتدا دڵخۆشیت بەهۆی ئەوەی هەمو شتێك بە خواستی تۆیە.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

پەیوەندیت لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت بەرەو باشی دەڕوات، هەروەها هەواڵێکی خۆشت پێ دەگات، لەگەڵ ئەوەشدا دوور بکەوەرەوە لەوەی گەشتێك بۆ کاری ناپێویست ئەنجام بدەیت، دەنا ئەنجامەکەی پەشیمانت دەکاتەوە، زیاتر وریای تەندروستیت بە.




### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

بەرپرسیاریەتییەکانی سەرشانت ئەمڕۆ زیاد دەکات، پێویستە زۆر وریای خۆت بیت و ڕێگە نەدەیت فشاری زۆری ڕۆژانە کاریگەریی خراپ لەسەر تەندروستیت دروست بکات، لەلایەنی سۆزدارییەوە لەگەڵ خۆشەویستەکەت دەگەن بەو شتانەی کە دەتانەوێت.




### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

دوور بکەوەرەوە لەو کەسانەی هەوڵ دەدەن زانیاریی هەڵەت پێ بدەن و لە کارەکەت تووشی شکستت بکەن، بڕیارە گرنگەکان با لە دەستی خۆتدا بێت، لە چەند ڕۆژی داهاتوودا پەستانی کارکردن زۆر دەبێت لەسەرت، خۆتی بۆ ئامادە بکە، بۆ ئەوەی بە تەندروستی بمێنیتەوە گرنگ بە وەرزش و یۆگاکردن بدە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly
January 29, 2024 Issue,No.1399


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez District 240/1/626